98

# پەیامی زانایان

www.zanayan.org

گۆڤارێكی رۆشنبیری ئاینیە بەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستان مانگی جارێك دەری دەكات

مەولوودی پێغەمبەر ﷺ

## لەدایكبوون و دروستبوونی ئۆمەت

# رێگایەك بەرەو سەرفرازی و بەختەوەری مرۆڤایەتی



# بەکردەیی هەنگاونان

ئەوەی جێگەی دڵخۆشی هەموو لایەکە ئەو هەستە دینداریو سۆزە ئیمانیەیە، کە خەڵکی ئێمە بەرامبەر بە ئیسلامو کەسێتی پایەبەرزو پێشەوایی ئەم ئۆمەتو ئیسلامە پێغەمبەری خۆشەویست هەیانە، ئەم هەستە هەم ئاماژەیە بە پابەندی کورد وەك نەتەوە بە ئایینی ئیسلامەوە، هەمیش قوڵکردنەوەی بەهاو گەورەییو خۆشەویستی ئەو زاتەیە لەناو ئەجێندای ئیمانیو دڵو دەرونی تاکی موسڵمانەوە.

ئەو لایەنەی پێکەوە هەڵکردنی هەردوو جانبی دینداریو هەستی نەتەوەیی، هەمیشە خزمەتێکی گرنگو گەورەی بۆ دۆخی هەمەلایەنەی وڵات خولڨاندووەو، بگرە لە زۆر لاوە بەتایبەت لایەنی کۆمەڵایەتیو ئاستی هۆشیاریو پێشوەچوونی تاك، دەستکەوتی زۆری ئینسانیو ئەخلاقیو ئیمانی پێبەخشیوین.

لەگەڵ ئەو سۆزە گەرمو گوڕەی لە مانگی ڕەبیعولئەوەل ساڵانە دەرەکەوێ، ئەگەر وەك ئەرکێکی مرۆییو ویژدانی، هەڵسەنگاندێکی واقعی بۆ دۆخی گوزەرانو ئاوەدانیو پێشوەچوونی کوردستان لەلایەك بکەینو دەرهاوێشتەو ئیجابیاتو هەڵوێستی دینداری خۆشمان لەلایەکی ترەوە زیاتر ئاوێتەی کردار بکەین، ئەوە بەدڵنیاییەوە دەگەینە سەر ئەو خاڵە، کە کوردستان لە سایەی فەزڵی خواو هەوڵی ئایین دۆستانو نەتەوەپەروەران گەیشتۆتە ئەو قۆناغەو بەو بەستنەوەی هەردوو ڕەهەندی ئایینیو نەتەوەییشەوە جوان بووە، ئەوەمان پێ دەڵێ کە ئێستاش پێویستە بەڕەچاوکردنی هەمان نەفەس کار بۆ ئایندەی وڵات بکرێت.

لەوەشدا مامۆستایانی ئایینی وەك هەمیشە لەو ئەرکەدا بەشی شێریان دەکەوێتە سەر شان، بەوەی لەیادی مەولوودو لەئەنجامی وتارو پەیامو دەربڕینەکانیان، هەڵوەستە لەسەر ئەو لایەنەو تێکڕای ئەو چەمکە بەهادارو ژیاندۆستو ئاشتی ویستانە بکەن، کە دەبنە هۆکاری کاریگەرو ئەرێنی لەبارەی هۆشیاری تاك لەمەڕ پرسە ئایینیو نەتەوەییو نیشتمانیەکانەوە.

ئەرکە بایەخ بە زیندوو ڕاگرتنی ڕۆحیەتی لێبوردەییو تەباییو پێکەوەژیانو برایەتیو گیانی هاوکاریو نواندنی دڵسۆزیو کاری خێرو مرۆیی بدەین، ئەرکی هەمووانە بایەخی پتر بە شرۆڤەی سەردەمیو زانستیو زیاتری فەرموودەکانی پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت) بدەینو، لایەنە درەوشاوەکانی ژیانو ڕەوشتو ئاکارە بەرزەکانی بەخەڵك ئاشنا بکەبن، ئەرکە ڕێز لە جیاوازیەکان بگرینو لە مەسائیلە گشتیو هەڵوێستە نیشتمانیو نەتەوەییەکان یەکڕا بین، بەتایبەت لەو قۆناغە هەستیارە کە خەریکە حکومەتی کابینەی نوێ لەدایك دەبێو هەمووان چاوەڕوانی زۆرو هەنگاوی گەورەی بۆ خزمەتی دینو نەتەوە لێ دەخوازین.

هیوام وایە ئەو یادە گەورەیە هەنگاوێکی تازەتر بێت، لە بەخۆداچوونەوەو بەکردارکردنی دروشمەکانو گێڕانەوەی جەوهەرو ناوەڕۆکی تێکڕای ئەو چەمكو بەها پیرۆزانەی لە ژیانو سوونەتو فەرموودەی پێغەمبەری پێشەوامان هەنە، بۆ نێو واقعو ژیانو هەڵسوکەوتو کارو پیشەمان، بۆ ئەوەی زیاترو باشتر بتوانین لە ئاست بەرپرسیارێتی دابینو زیاتریش خزمەت بکەین..



**خاوەنی ئیمتیاز**

# پەیامی زانایان

ژمارە ( ٩٨ )
سەفر / ١٤٣٥
سەرماوەز/ ٢٧١٣
کانوونی یەکەم/ ٢٠١٣

گۆڤارێکی رۆشنبیری ئایینیی، مانگانەیە ، مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان دەری دەکات

خاوەنی ئیمتیاز
مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید گرتکی
amalazada@gmail.com

سەرنووسەر
مەلا جەعفەر گوانی
cefergwani@gmail.com

## بەیاننامەی یەکێتی زانایان
## بە بۆنەی لەدایکبوونی پێغەمبەر
## ( درودی خوای لەسەر بێت )

**بِسْمِ اللَّه الرَّحْمَنِ الرَّحِيم**

**( لَقَدْ جَاءَكُمْ رَسُولٌ مِنْ أَنْفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُمْ بِالْمُؤْمِنِينَ رَءُوفٌ رَحِيمٌ )**

لەگەڵ هاتنەوەی مانگی رەبیعولئەوەل، کە تێیدا پێغەمبەری ئیسلام محمد (درودی خوای لەسەر بێت)، لەدایك بووە، لەناخەوە پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی هەموو لایەك دەکەین، هەزاران درودو سڵاویش بۆ گیانی پاکی ئەو زاتە دەنێرین، کە بووە مایەی رەحمەت بۆ هەموو دونیا و مرۆڤایەتی بەگشتی.

ساڵانە لەگەڵ هاتنەوەی ئەو مانگە خەڵك بەجۆش و خرۆشەوە، بەخێرو ئاهەنگ و خوێندنەوەی مەولودو سەڵەوات، پێشوازی یادی مەولودی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەکەن، کە ئەمە بەڵگەی وەفاداری و پابەندی و سۆزی پڕ لە خۆشەویستی خەڵکی کوردی موسڵمانە بەرامبەر بە پێغەمبەری ئیسلام (درودی خوای لەسەر بێت)، لەهەمان کات هەنگاوێکە بۆ زیاتر لێك نزیکبوونەوە و گیانی برایەتی و لێبوردەیی و نوێ کردنەوەی پەیمانی شوێنکەوتەیی لە رێبازو سوننەتی ئەو زاتەوە.

هیواداریین هەمووان بەرەچاوکردنی دۆخی ئارامی کوردستان و هەست کردن بە بەرپرسیارێتی ئایینی و نەتەوەیی، لەگەڵ ئەو یادە لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبدەینەوە و وەك ئەرکێکی ئینسانی و ئیسلامی بایەخی زیاترو هەنگاوی باشتر بەرەو نزیکبوونەوە لە جێبەجێ کردنی فەرمایشتەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بدەین و ئاکارو رەوشتە بەرزەکانی لەهەڵسوکەوتی خۆمان بەرجەستە بکەین تا کۆمەڵگە بەر قەرارتر بێت.

داواشمان وایە لە مامۆستایانی ئایینی وەك هەمیشە، لاپەڕەکانی ژیانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) زیاتر بۆ خەڵك شیبکەنەوە، تا نەوەکانمان شارەزای مێژوو و لێهاتوویی و پەیامە گرنگەکانی بن، کە بووە مایەی خێر بۆ تێکرای مرۆڤایەتی و پەیامەکانیشی بوونە نورێکی درەوشاوە بەڕووی گەلانەوە.

جارێکی تر ئەو یادە بەرز رادەگرین و پیرۆزبایی لەسەرجەم موسڵمانان بەگشتی و زانایانی ئایینی بەتایبەتی دەکەین و، ئومیدەوارین خوای گەورە ئەم یادە بکاتە مایەی خێر بۆ کوردستانی خۆشەویستمان.

**مەکتەبی تەنفیزی**
**یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان**

بەڕێوەبەری نووسین
مەلا عەبدوڵڵا شێرکاوەیی
Sherkaway83@gmail.com
07504632715

راوێژکارانی فەتوا
مامۆستا مەلا موحەممەد وەرتی
مامۆستا مەلا ئەحمەدی شافیعی
مامۆستا مەلا عومەری سوێری

راوێژکاران
مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی
شێخ عەبدولباسیت بالیسانی
شێخ بەهائەدین نەقشبەندی

ستافی نووسین
مەلا تەیب زیارەتی
مەلا هەندرێن بالیسانی- ابن الشهيدين
فۆتۆ
تەها شەمسەدین

ناونیشان: هەولێر– شەقامی شەست مەتری سێڕیانی رێگای موسڵ – بارەگای مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان

# سەرۆکی یەکێتی زانایان دەڤەری دهۆك و شێخان بەسەردەکاتەوە




رۆژی ٢٠١٣/١٢/٢٣ سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بەرێز مامۆستا مەلا عەبدوللا مەلا سەعید لەسەردانێکدا بۆ دەڤەری پارێزگای دهۆك هەردوو لقی شێخان و دهۆکی یەکێتی زانایانی بەسەر کردەوە.

لەمیانی سەردانی بۆ لقی شێخانی یەکێتی زانایان و بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی شێخان، سەرۆکی یەکێتی زانایان باسی لە رۆڵی دیاری زانایان کردو ئەو هەماهەنگیەی نێوان دەزگا ئایینیەکان و گیانی پێکەوە ژیانی لە ناوچەکە بەرز نرخاند.

لە بەشێکی تری سەردانەکەی سەرۆکی یەکێتی زانایان هەمان رۆژ سەردانی بەرێوەبەرایەتی ئەوقاف و پەیمانگای زانستە ئیسلامیەکان و دواناوەندی ئەوقافی ئیسلامی کردو لە تێکڕای دانیشتنەکانیش تەئکیدی لەوە کردەوە، کە پێویستە بایەخی زیاتر بە خوێندنی ئیسلامی و قوتابیانی ئایینی بدرێت، بۆ ئەوەی لەداهاتوو بە گیانێکی بەرپرسانە و هەستی ئایینی و نەتەوەیی کار بکەن.

هەروەها لە هۆڵی بەرێوەبەرایەتی حەجی دهۆك سیمینارێکی تایبەت بۆ سەرۆکی یەکێتی زانایان بە بەژداری ژمارەیەکی بەرچاو لە زانایانی سنوورەکە رێکخرا، تێیدا سەرۆکی یەکێتی زانایان ئاماژەی بەوەدا، کە پێویستە زانایان لە وتاری هەینی هۆشیارانە مامەڵە بکەن و خۆیان لە بابەتی فەتواو تەشهیرو ناوزراندن بپارێزن.

دوای نیوەرۆی هەمان رۆژ سەرۆکی یەکێتی زانایان سەردانی لقی دهۆکی یەکێتی زانایانی کردو لە نزیکەوە لە هەواڵ و جمجۆڵی زانایانی پرسی و تەئکیدی لەسەر چەند خاڵێکی گرنگ و پەیوەست بە زانایان و ناوچەکە کردەوە.

# شاندێکی دەزگای ئیستەمبوڵ بۆ زانست و رۆشنبیری سەردانی مەکتەبی تەنفیزییان کرد




رۆژی یەك شەممە ٢٠١٣/١٢/٢٢ شاندێکی دەزگای ئیستەمبوڵ بۆ زانست و رۆشنبیری لە کەسانی ئەکادیمی و شارەزای وڵاتی تورکیا سەردانی مەکتەبی تەنفیزی زانایانیان کرد، کە پێکهاتبوون لە سەرۆکی زانکۆی غازی عەنتاب دکتۆر ئیبڕاهیم ئۆزدەمیرو شاندی یاوەری، بی هاوڕێیەتی دکتۆر عومەر سێبەردانی راگری پەیمانگەی انستە ئیسلامیەکان و یاریدەدەرانی راگرو هەندێ لە مامۆستایانی پەیمانگای زانستە ئیسلامیەکان سەردانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانیان کرد.

لەلایەن سەرۆکی یەکێتی زانایان مامۆستا مەلا عەبدوڵا مەلا سەعیدو هەندێ لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و مامۆستایانی ئایینی پێشوازیەکی گەرمیان لێکرا.

سەرۆکی یەکێتی زانایان پەیوەندی نێوان کوردو تورکیای لە زۆر روەوە خستە روو، جەنابیان گوتی: ئێمە لە گەڵ وڵاتی تورکیا دراوسێین و لە یەکتری نزیکین و، لە رووی دینیەوە برای یەکترو هاو مەزهەبین و، هیواشی خواست کە ئەم چاو پێکەوتن و سەردانانە لە نێوانیان بەردەوامی هەبێت.

لە لایەن خۆشیەوە سەرۆکی زانکۆی عەنتاب خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بۆ رەخساندنی ئەم دیدارو چاوپێکەوتنەو، زۆر سوپاسی سەرۆکی یەکێتی زانایانی کرد بۆ ئەو پێشوازیە گەرمە.

سەرۆکی یەکێتی زانایان رایگەیاند کە گەلی کورد هەوڵ و کۆشش و ماندووبونی خەڵکی تورکیا لە یاد ناکات کاتێ لە کۆچڕەوی گەلی کورد لە ساڵی ١٩٩١ دەرگای خۆشەویستی و میهرەبانی خۆیان لە گەلی کورد کردەوە، گووتی: ئێمە گەر نەتوانین بەربەستە سنووریەکانی نێوانیشمان لاببەین دەبێ بەربەستی نێوان دڵەکانمان لاببەین و ببین بە یەك دڵ و وەك یەك لاشە بین، زۆر جار دەوڵەتان ویستویانە ئاژاوەو پشێوی دروست بکەن بەلام ئێمە وەکو کورد بیرو بۆچوونەکانمان لە قورئان و سونەتەوە وەرگرتووەو، بە میانەڕەوی و میانگیری هەڵسووکەوت دەکەین، هەروەها رایگەیاند ئێمە شانازی بە پەیمانگای زانستە ئیسلامیەکانەوە دەکەین ئەو پەیمانگایەی ئەم سەفەرەیان بۆ ئێوە ریکخستووە بەراستی جێگەی شانازی ئێمەن و مامۆستاو کادیری باش کار لەم پەیمانگایە دادەکەن، دواتر پێناسێکی ریکخراوی یەکێتی زانایانی بۆ شاندی مێوان کردو کارو چالاکیەکانی ئەو رێکخراوەی پێڕاگەیاندن کە بەشێکی بریتیە لە سەرپەرشتی کردنی کاری زانایانی ئایینی لە کوردستان و کردنەوەی دەورەی زانستی بۆ زانایانی ئایینی و رێگە خۆشکردن و پەیوەندی لە نێوان کوردستان و وڵاتانی ئیسلامی رێکخراوە ئیسلامیەکانی جیهان، سەرپەرشتی کاری فەتوا دەکەین لە کوردستان و پشتیوانی هەموو دامەزراوە دینیەکان دەکەین لە کوردستان بۆ بڵاوکردنەوەی تێگەیشتنی راست و دروست لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام ئەمەش لە رێگەی (١٦) لقەوە لە هەموو شارەکانی کوردستان و سەرپەرشتی کردنی ئەم لقانەو رێکخراوەکەمان لە رێگەی هەڵبژاردنەوەیە.

شاندەکی تورکیاش رایانگەیاند کە لە کۆنەوە کورد بە وەفا بوونە بەرامبەر ئیسلام و ئێمەش هەموو کات خزمەت بە دینی پیرۆزی ئیسلام دەکەین و ئەمانەوێ بە دڵ و بە لاشە لەگەڵ ئێوە دابین و، هەموومان هاوکاری یەکتر بین بۆ سەر خستنی دینی ئیسلام و برایەتی و پێکەوە ژیان.

لە کۆتاییدا سەرۆکی زانایان لەگەڵ شاندی مێوان هەموو بەشەکانی ئیداری و راگەیاندنیان بە هەرچوار بەشەکەیەوە (وێب سایتی زانایان، گۆڤاری زانایان، رادیۆی زانایان، تەلەفزیۆنی زانایان)یان بە سەرکردەوە.

سەرۆکی زانکۆی غازی عەنتاب دکتۆر ئیبڕاهیم ئۆزدەمیر بۆ پەیامی زانایان گوتی: ئێمە دەست خۆشی لە یەکێتی زانایان دەکەین و رایگەیاند کە زۆر خۆشحالم بەو هەموو چالاکی و بەرەو پێشچوونانەی یەکێتیەکەتان بە خۆیەوە بینیوە، هیوادارم هەر بەرەو پێش و سەرکەوتوبن. ئەمەو شاندەکە لە لایەن مەکتەبی تەنفیزیەوە بەڕێزەوە بەڕێکران.

# یەکەمین کۆڕبەندی بەدیعو زەمان نورسی لە هەولێر بەڕێوەچوو




رۆژی ٢١/١٢/٢٠١٣ له شاری هەولێر به چاودێری وەزیری ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان یەکەمین کۆڕبەندی زانستی لە سەر مامۆستای کۆچکردوو مامۆستا سەعید نورسی لە خۆ گرت کە پەیمانگای زانستە ئیسلامیەکانی هەولێر/ بەیانیان هەڵسا بوو بە ڕێکخستنی کۆڕبەندەکە بە لە ژێر ناونیشانی (بدیع الزمان النورسی پێگەیەنەری نەوەکانو هێمای میانڕەوی‌و بنیاتنان).

دکتۆر ئیبراهیم هەرشەلی یریدەدەری راگری پەیمانگا بۆ کاروباری زانستی دەستپێکی کردەوە، ئینجا سەرەتای کۆڕبەند بە چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز دەستی پێکرد کە لەلایەن مامۆستا صدرالدين باليسانی خوێندرایەوەو، وتەی بەخێرهاتن له لایەن راگری پەیمانگای زانستە ئیسلامیەکان/ هەولێر دکتور عومەر سێبەردانی خوێندرایەوەو، هەروەها وەزیری ئەوقافی حکومەتی هەرێم وتەیەکی پێشکەش بە ئامادەبوان کردو ئاماژەی بە هەندێ لە بۆچوونە گرنگەکانی مامۆستا کرد، مامۆستا عەبدوڵا گرتکی سەرۆکی یەکێتی زانایان وتارێکی پێشکەش بە ئامادەبوان کردو رایگەیاند دەبێ نەوەکانمان لە سەر ڕێچکەی مامۆستا نورسی پەروەردە بکەین، وتاری وەزارەتی خوێندنی باڵا لەلایەن دکتۆر محەمەد صابر خوێندرایەوەك وتەیەکیش لەلایەن مامۆستافاروق رەسول یەحيا وەکو وەرگێڕی پەیامەکانی نوور بەشی کۆتایی ئاهەنگی کردنەوەی کۆڕبەندەکە بوو. دواتر چەند توێژینەوەیەك پێشکەشکران بە ناوەکانی:

١– رسائل النور وتجديد الخطاب الديني.
٢– العدمية ومعني حياة الإنسان.
٣– العلاقة بين القومية والامة.
٤– شذرات من مواقف النورسي ودفاعه عن العقيدة.
٥– النظرة الإيمانية عند الشيخ  سعيد النورسي.

سەر لە ئێوارە کۆتایی بە مەراسیمەکە هات.

شایانی باسە ژمارەیەکی زۆری مامۆستایانی ئایینی ئەکادیمی و رۆشنبیران ئامادە بوون.

# سەرۆکی زانایان: زیاتر ئەرکی ئێمەی کوردە شانازی بە نورسیەوە بکەین




رۆژی ٢١/١٢/٢٠١٣ لە کۆڕبەندی تایبەت بە بەدیعوزەمان نوری، کە لەلایەن پەیمانگەی زانستە ئیسلامیەکان هەولێر/ بەیانیان ئامادە کرا بووو، وتارێکی پێشکەش کرد، لە بەشێکی وتارەکەدا سەرۆکی زانایان: مامۆستا عەبدوڵا گرتکی سەرۆکی یەکێتی زانایان وێڕای دەستخۆشی زۆری بۆ پەیمانگەی زانست ئیسلامیەکانی هەولێر، کە بەم کارە پیرۆزو مەزنە هەڵستاون، لە بەشێکی وتارەکەیدا گووتی: (بێگومان کردنەوەی ئەم جۆرە کۆڕو دانیشتنانە زەرورەتێکی زۆر پێویستە، بەتایبەتی کە هەموومان بەرهەمی زاتێکی وەك مامۆستا سەعیدی نوورسی لە واقیعدا دەبینین، کە هەموو سنوورەکانی بەزاندووەو، لە زۆربەی شوێنەکانی دونیادا کەسانێك هەن لە سایەی فیکرو زانستە ئەم زانا گەورەیە خزمەت دەکەنو دەژین.

لێرەوە دەمەوێت ئەوە بڵێم، کە دونیای مەعریفەتو وشیاری شانازی بە زاتێکی وەك مامۆستا سەعید دەکات، ئەگەر ئەوان هەقی ئەم شانازیە بەخۆیان بدەن، بۆ ئێمەی کورد وەکو ئەرکێکی گەورەتر لەسەرمانە شانازی بەم زاتەوە بکەین، ئەوەش نە تەنها بۆ ئەوەی وەکو سومبولێك تەماشای بکەین، بەڵکو هەوڵ بدەین سوود لە بەرهەمو کارەکانی وەربگرینو، لە ژیانی رۆژانەماندا جێبەجێی بکەینو، منداڵو نەوەکانمان لەسەری گۆش بکەین).

هەروەها سەرۆکی زانایان پێی وابوو هەموو لایەنێکی ژیانی مامۆستا سەعید جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنو تێڕامانە، بەتایبەتی ئەگەر لە چوارچێوەی ناونیشانی ئەم کۆنفراسنە تەماشای بکەین، چونکە مامۆستا کاتێك پەروەردەکارو مورەبیە وەنەبێ شێوازێکی تەقلیدی گرتبێتە بەر، بەڵکو مامۆستا نەخۆشیەکانی تێکچوونو لاوازبوونی کۆمەڵگەی ئیسلامی دۆزیوەتەوەو، لەوێشەوە رێگە چارەی بۆ داناوە، مامۆستا ویستوویەتی کۆمەڵگەیەکی هێمنو ئارامو لەسەرخۆ بنیات بندرێتو، دوور بێت لە ململانێی بێ ئەنجام، بەپێچەوانەوە کاتێك (نەزانیو، هەژاریو، پەرتەوازەیی) وەکو دەردی کۆمەڵگە دەستنیشان کردووە، لە بەرامبەردا رێگەچارەی لە (علمو، خۆشگوزەرانیو، برایەتی) دۆزیوەتەوە، کەواتە رێبازی مامۆستا بۆ ئەوەی بووە، دینداری لە چوارچێوەی تەقلیدی بچێتە دەرو، خەڵك بە ئەقڵو لۆژیکەوە دینداری بکەن، بەمەش دەتوانن بەرەنگاری هەموو کۆسپو تەگەرەکان ببنەوە، دیارە تەفرەقەش خراپترین دەرگایە نەخۆشیو ئازاری لە نێو جەستەی کۆمەڵگەی ئیسلامی دروست کردووە، بێگومان خۆشگوزارەانیش رۆڵی خۆی هەیە، چونکە زۆر جاران هەژاری قۆستراوەتەوە بۆ دروستکردنی ململانێی نێوەخۆییو دەرەکی.

لە کۆتاییدا سەرۆکی زانایان بە میوانانو ئامادەکارانی کۆڕبەنەدەکەی راگەیاند: لێرەوە دووبارە دەستخۆشیتان لێدەکەم، هیوادارم بتوانین نەوەی نوێ لەسەر هەمان رێرەوی مامۆستا پێبگەیەنین.

# دکتۆر عەلی قەرەداغی: گروپە توندڕەوەکان هۆکاری ناشیرین کردنی ئیسلامن



دکتۆر عەلی قەرەداغی ئەمینداری گشتی یەکێتی جیهانی زانایانی مسولّمان، لە لێدوانێکدا بۆ سایتی (یەکێتی جیهانی زانایانی مسولّمان) ئیدانەی ئەو کارە تیرۆریستیانە دەکات کە (گروپە توندڕەوەکان) پێی هەڵدەستن لە سوریا کە دژ بە کوردو سوپای ئازادو هاوڵاتیان ئەنجامی دەدەن و دەڵێت ئەم رەوشتانە دوورن لە ئیسلام.

ئەو دوپاتی کردۆتەوە "هیچ گومانم نییە کە لە ئێستادا پلانێکی گشتگیر لەسەر ئیسلام هەیە، نەك تەنها لەلایەنی سیاسییەوە، بەڵکو لە لایەنی ئایینی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئەخلاقیشەوە، لەکاتێکدا کە ئەخلاق پێگەیەکی گەورەی لە ئیسلامدا هەیە و مێژوونوسان هەڵس و کەوتی سەڵاحەدینی ئەیوبی بە دادپەروەر لەگەڵا دیل و نەیارو بەرامبەرەکاندا بێ وێنە لە قەڵەم دەدەن".

دکتۆر قەرەداغی جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام هەموولایەنەکانی سیاسیی و ژینگەیی و کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە. هەتا ئێستا هیچ توێژەرێك نەیتوانیوە رەخنەیەك لە قورئاندا پدۆزێتەوە کە دژ بێت بە مافەکانی مرۆڤ.

وتیشی" بەپێی سەرژمێریەك لە رۆژئاوادا ٦٧٪ی جولەکەکان رقیان لە جولەکەیە، بەڵام ئەم رقەیان روکردە مسولّمانان بەهۆی هەڵس و کەوتی دەسەڵاتدارەکان لەگەڵا گەلەکانیان، بەڵام کە رۆژئاواییەکان زانیان ئەم دەسەڵاتدارانە نوێنەرایەتی ئیسلام ناکەن، گەڕانەوە بۆ سەر گروپە توندڕەوەکان و لەم رێگەیەوە دەستیان دایە هێرش کردن بۆسەر ئیسلام.

پاشان دەڵێت: ئێمە ئیدانەی ئەوە دەکەین کە دژ بە راهیبە مەسیحیەکان کرا، ئێمە دژ بە هەموو کارێکی تیرۆرستین. ئیدانەی هەموو ئەو کارە تیرۆریستیانە دەکەین کە گروپی ئەوەی پێی دەڵێن (دەوڵەتی عێراق و شام) ئەنجامی دەدەن. ئەمانە ئەوەندەی لە سوننەیان کوشتووە ئەوەندەیان لە شیعە نەکوشتووە.. ئەمە لەکاتێکدایە کە کوشتنی هەرکەسێك بە ناحەق حەرامە.

جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە کە ئەوانە بە گەمژەیی و نەفامی و هەڵسوکەوتی نابەجێیان، وێنەیەکی ناشیرینیان بۆ ئیسلام دروست کردووە، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە زانایانی ئایینی رۆڵی خۆیان هەبێت، ئێمە لە ئەنجوومەنی ئەمینداریێتی یەکێتی جیهانی زانایانی مسولّمانەوە کە دەیان هەزار ئەندام لەخۆ دەگرێت کۆ بوینەوە بۆ باسکردن لە بارودۆخی جیهانی ئیسلامی و ئیدانەی ئەو جۆرە هەڵوێستانەمان کردوو بەبەشێك لەو هەوڵانەمان لە قەڵەمدا کە بۆ ناشیرین کردنی ئیسلام بەکار دێت. لە کوردیو وەرگیراوە.

# زانایانی ئایینی هەڵەبجە سەردانی مەکتەبی زانایان دەکەن




سەر لە بەیانی رۆژی یەکشەممە ژمارەیەك لە مامۆستایانی ئایینی شاری هەڵەبجە بە یاوەری مامۆستا مەلا جەمال بەرپرسی ناوچەی هەڵەبجەی زانایان و ستافی ناوچە سەردانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانیان کرد.

لە سەردانەکەدا کۆمەڵێك پرسی تایبەت بە زانایانی ئایینی لە سنووری شاری هەڵەبجەیان خستە ڕوو بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی زیاتری کاری زانایان و، زیاتر ئەکتیڤکردنی رۆڵیان لە دەڤەرەکە، هەروەك داوایان کرد کار بکەن بۆ ئەوەی ناوچەی هەلەبجەی زانایان بکرێتە لق بۆ ئەوەی چاکتر خزمەت بە رەوشی زانایان بکەن. لەلای خۆیەوە مەلا عبد الله مەلا سەعید سەرۆکی زانایان وێڕای بەخێرهێنانی گەرمی مێوانەکان و خۆشحاڵبوون بە سەردانەکەیان، تەواوی پشتیوانی یەکێتی زانایانی بۆ مامۆستایان دەربڕی بە ئومێدی ئەوەی هەمووومان پێکەوە خزمەتێکی باشتر بە ئایینەکەمان و گەلەکەمان بکەین.

شایانی باسە هەر یەك لە مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆکی زانایان و شێخ عبد الباسط باليسانی ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی ئامادەی دانیشتنەکە بوون.

# لە سلێمانی ئاسایش هەڵدەکوتێتە سەر چەند مزگەوتێك



شەوی ١٨/١٢/٢٠١٣ ئاسایشی سلێمانی هەڵدەکوتێتە سەر چەند مزگەوتو حوجرەیەکی شاری سلێمانی، لەم بارەوە مەلا عەبدوڵا مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایان رەخنە لەم کارەی ئاسایش دەگرێتو، رایدەگەیەنێت، ئەم حوجرانە بە رەسمی مۆڵەت پێدراوی وەزارەتی ئەوقافن، بۆیە هەرچەندە بە مافی ئاساییشی دەزانین بەدواداچوون بۆ هەر شتێکی گومانلێکراو بکات کە ببێتە مایەی مەترسی بۆ سەر ئاسایشی کوردستان، بەڵام نەدەبوو ئاسایش بەم شێوازە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، بەڵکو ئەگەر تێبینیان لەسەر مامۆستا هەبووبێت، ئەوە ئاسایی بوو بانگی مامۆستایان کردبایە، ئەگەر تێبینیان لەسەر حوجرەو قوتابخانەیەکی ئایینی هەبووە، دەبوو بە ئاگاداری وەزارەتی ئەوقاف بووایە، بەڵام بە ناکاوی و بەم شێوازە هەڵکوتانە سەر چەند قوتابخانەیەکی ئایینی، کارێکی جوان نییە، بۆیە وێڕانی نارەزاییو نیگەرانیمان لەم کارە، هەوڵەکانمان دەست پێکردوون بۆ بەدواداچوونی بابەتەکە، هیواداریین دووبارە نەبێتەوە، چونکە وێڕای ئەوەی جۆرە ترسو تۆقاندنێك لە ناو قوتابیانی ئایینی دروست دەکات، بە هەمان شێوە مافی ئەوقافیشە پرسیاری ئەوە بکات چۆن بێ پرسی ئەوان بە یەکجاری هەڵدەکوترێتە سەر چەند قوتابخانەیەکی ئایینیو کۆمەڵە مامۆستایەك.

# لە دیداری زانایانی خورماتوو یەکێتی زانایان پشتیوانی گێڕانەوەی شارەکە بۆ سەر شاری کەرکوك دەکەن



رۆژی ٢٠١٣/١٢/٤ مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان پێشوازی کرد لە شاندێکی زانایانی ئایینی ئیسلامی قەزای دووز خورماتوو.

لە میانەی دانیشتنو کۆبونەوەیاندا مەلا عەبدوللا مەلا سەعید سەرۆکی زانایان وێڕای بەخێرهێنانی میوانان پشتگیری و پشتیوانی یەکێتی زانایانی بۆ زانایان بە گشتی دووپات کردەوە بەتایبەتی زانایانی ئایینی دووزخورماتوو و هەڵوێستەکانیان.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا یەکێتی زانایان بە روونی رایان گەیاند ئەوان پشتگیری تەواو دەکەن لە هەنگاوی گەڕانەوەی قەزای دووزخورماتوو بۆ سەر پارێزگای کەرکوك، کە ماوەیەکە لە لایەن داموو دەزگاکانی دووز خورماتوو هەنگاوی بۆ نراوە، لەو ناوەشدا تەئکید لە رۆڵی زانایان لەم بووارەدا کرایەوە بەتایبەتی وەك مێژووی هەمیشەیان پشتیوانی مافەکانی هاوڵاتیان بوونە. پاراستن و پارێزگاریکردن لە برایەتیو تەباییو یەکریزی زانایانی ئایینی بە گشتی تەوەرێکی دیکەی دیدارەکە بوو. ئەمەو کۆبوونەوەکە بووە جێگەی خۆشحاڵی هەموو لایەك.

شایانی باسە هەر یەك لە مامۆستا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆکی زانایان و مامۆستا محەمدامین کەلاریو مامۆستا محمد وەرتی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزیو مامۆستا ئازاد خورشید بەرپرسی لقی کەرکوکی یەکێتی زانایانو مامۆستا دلشاد گەڵاڵی بەرپرسی پەیوەندیەکان ئامادەی دیدارەکە بوون.

# مامۆستا جەلال خەیلانی: گەر کەسێ بە خواردەمەنی ماوە بەسەرچوو کۆمپانیەیەك بمرێ خاوەنی کۆمپانیا قاتیلە



رۆژی ٢٠١٣/١١/٢٣ مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆکی یەکێتی زانایان بەشداری کرد لە کۆنفرانسی (رێکخراوی دڵسۆزی بۆ هزرو رۆشنبیری) لە رێستورانتی چراخان لە شاری هەولێر.

کۆنفرانسەکە لەژێر ناونیشانی (بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت) بوو، ژمارەیەکی زۆر لە رێکخراوە ناحکومیەکان بەشداری کۆنفرانسەکە بوون، لە کۆنفرانسەکەدا سێ توێژینەوە پێشکەشکران بە ناونیشانەکانی:

١- پەیوەندی کۆمپانیاکان بە رەهەندی ژینگەییەوە.

٢- پەیوەندی کۆمپانیاکان بە رەهەندی نیشتمانییەوە.

٣- خزمەتکردنی کۆمپانیە بچوکەکان بە هاوڵاتیانی کوردستان.

مامۆستا مەلا جەلال وەك یەکێتی زانایان چەند راسپاردەو ئامۆژگاریەکی پێشکەش بە کۆنفرانسەکە کرد ئەوانە هەندێکیان:

١- داوا دەکەین کە کۆمپانیاکان بە هیچ شێوەیەك شتومەکو خواردەمەنی ماوە بەسەرچوو نەهێننە ناو وڵاتەکەمان، چونکە گەر کەسێك زەرەرمەند بێت لەرووی گیانی یان ماڵی ئەوە خاوەن کۆمپانیا یان هێنەری شتەکە تۆمەتبارەو بکوژە.

٢- ئاگاداری ئەو شتومەکانە بن کە دێنە ناو وڵاتمان نەوەك لە گەڵ شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام نەگونجێن، یا بە دابو نەریتی کۆمەڵایەتی کوردەواری نامۆ بێت.

٣- دروستکردنی پەیوەندی بەهێز لە نێوان کۆمپانیاکانو زانایانی ئایینی.

٤- کۆمپانیا خێرخوازەکان کاری خۆیان رابگەیەنن تاکو کۆمپانیاکانی تریش چاویان لێبکەن.

# کوردەواریو کلتوری مەولودی پێغەمبەر

مەلا ئاراس ڕواندوزی
Malaaras.rwanduzi@gmail.com

یادەوەری لەدایکبوونی پێغەمبەری خۆشەویستمان موحەممەد (درودی خوای لەسەر بێت)، فاکتەرێکی سەرەکی بووە لە بنیاتنانی کلتوورێکی فرە ڕەهەند لە شارستانییەتی کوردەوارییدا، کە ئەویش کلتوری مەولودە، چونکە بەدەر لە تێڕوانین بۆ ڕەهەندە ئایینییەکەی، لەسەر ئاستە ئەدەبیو هونەریو فەرهەنگیو کۆمەڵایەتییەکەشدا، پێگەیەکی بەهێزی دروستکردووە.

بایەخی یادەوەری مەولود لەوەدا ڕۆشنتر دەبینرێت، کە شوێنگەی لە گرنگترین لایەنەکانی ژیانی کورددا هەیە، ئەوەتا بووەتە بەشێکی دیار لە دیرۆکی دێرینی کورد، کە لە دووتوویێی لاپەڕە ڕۆشنەکانییدا، گەواهیدەری ئەو ڕاستییە، لە بۆتەی جوانترین گوزارشتدا بەرجەستە دەبێت.

گرنگی یادکردنەوەی مەولودی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) لەناو کوردەوارییدا، لە وابەستبوونیدایە بە بەردیدەگرتنی پرەنسیپە کلتورییەکان، ڕەسەنایەتییەکەشی لەوەدا دەردەکەوێ، کە وەکو کلتورێکی خاوەن تایبەتمەندیی (ئایینیو فەرهەنگیو کۆمەڵایەتیو ئەدەبیو هونەری) لە هزری تاکی کورددا جێگیر بووە، کە ئەوەش دەخوازێت، هەردەم بە زیندوویی ڕایبگرین، بۆ ئەوەی نەوەی نوێ، ئاشنای لایەنە جوانەکانی بنو هانبدرێن هەڵوەستە لە ئاست وانە گرنگەکانی بکەن.

مایەی شانازییە، کاتێك بۆ یەکەمین جار لەلایەن کوردەوە دەستپێشخەریکرا بۆ داهێنانی ئاهەنگگێڕان "بە خوێندنەوەی مەولودنامە"، تەنانەت شاعیرە ناودارەکانیشمان بە تێکستی جوانو، هونەرمەندە ڕەسەنەکانیشمان بە چڕینی ئاوازی خۆشخوێن، یادەوەرییەکەیان ئاوێزانی بەرهەمی جۆراوجۆری ناوازە کردووە، بۆیە ئەوە هەستێکی تایبەتمان پێدەبەخشێت و هاندەرێکی بەهێزیشە بۆ ئەوەی، وردتر بیر لە فەهمکردنی مانا پڕ مەوداکانی ئەو دەستپێشخەرییە وەرچەرخێنەرە بکەینەوە.

پێویستیشە لێرەدا دووپات لەو ڕاستییە بکەینەوە، کە لە دێرزەمانەوە، ئەو باوەڕە بەهێزە لەناو کوردەوارییدا چەسپیووە، کە لەدایکبوونی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)، ڕووناککەرەوەی ژیانی تێکڕای مرۆڤایەتی بووەو لە پێناو شکۆمەندبوونیان تێکۆشاوە، ئەوەش هاندەرێکی گەورە بووە بۆ ئەوەی، کە تاك بە تاکی کوردەواری، یەکڕیز لە پشت پەیامەکەی بوەستنو



تامەزرۆ بن بۆ زیندووڕاگرتنی یادەوەری مەولود، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی، کە بەمدواییانە، هەندێك کەس و تەیاری داخراو، لەو ڕەسەنایەتییە پەسندیدەیەی باب و باپیرانیان هەڵگەڕانەوەو دژ بەو هەڵوێستبەرزییەی کوردەواری وەستانەوە!!.





# بۆچی یادی لەدایك بوونی پێغەمبەر( d ) دەکەینەوە؟

مەلا مژدە شوانی

زۆرکەس هەن رەنگە بپرسن کە بۆچی ئێمە دەبێت ساڵانە یادی لەدایك بونی پێغەمبەری خوا بکەینەوە(درودی خوای لەسەر)؟ ئایە پێویست دەکات کە ئیمانداران بەو شێوازو چۆنیەتەی ئێستای خەڵکی بکەونە ئاهەنگ گێران و خۆشی دەربرین؟ تەنانەت لای هەندێك جێی پرسیارو مشتومڕیشە ئەم یادکردنەوەیە وەك ئەوەی کە بە شتێکی باش و پەسەندی نازانن، بەڵام خۆی لەراستیدا دەبێت ئێمەش بەهانەمان هەبێت بۆهەڵسان بەیادکردنەوەی مەولودی پێغەمبەرو ئەو لایەنە باش و ئیجابیاتە بخەینەرو کەلەمیانەی سازکردنی کۆڕو ئاهەنگەکانی یادی لەدایك بونی پێغەمبەردا دەستەبەر دەکرێت.

بۆیە لێرەدا بەپێویستی دەزانم کە دیارترین ئەو هۆکارانە ئاماژە پێبکەم کەوامان لێ دەکات یادی لەدایك بونی پێغەمبەری ئازیزوخۆشەویست بکەینەوە بەهیوای بەرچاو رونی خوێنەرانی بەرێز.

هۆکاری یەکەم: سازکردنی ئاهەنگی یادی مەولود بەکەرنەڤاڵێك دادەنرێت بۆ زانایان و عاشقانی ئەو پێغەمبەرە، چونکە بەدرێژایی مانگی ربیع الاول چەندین کۆڕو ئاهەنگ و سیمینارو وتارخویندنەوە لەمزگەوت وهۆڵ و شوێنەکانی تر ئەنجام دەدرێن کەتیایدا بەشێکی زۆرو بەرچاو لەپیاوان و ئافرەتان و گەنج و منداڵان ئامادەی دەبن و کاتێکی خۆش و بەسود لەگەڵ ژیا ن و ئاکارو پلەو پایەی ئەو پێغەمبەرەدا بەسەردەبەن بەگوێ گرتن و بیرکردنەوە لەژیان نامەو ئامۆژگاریەکانی ئەو ئازیزەی خوا بۆ گەلەکەی کەواتە لەماوەی ئەو چەند ڕۆژەدا بەشێکی زۆری خەڵکی سودمەند دەبن بەوەی کەبەشێکی کاتەکانی ژیانیان دەبەخشن بەو یادە، لەوێشەوە روحەکان ئاوێتە دەبن بەخۆشەویستی خۆشەویستی خوا، لەوێوە زیاتر گەورەیی و خۆراگری ئەو پێغەمبەرە ئاشکرا دەبێت و موسڵمانان چاکترهەست بەسەنگی پێشەواکەیان دەکەن.

هۆکاری دوەم: بەدرێژایی یانزە مانگەکەی تری ساڵ خەڵکی سەرقاڵ دەبن بە کاروباری ژیانی رۆژانەی دونیاوە، بە ئەندازەیەك کەبەدەگمەنی باس و بەسەرهاتی پێغەمبەر دەبیسترێت، مەگەر لەلایەن ماموستایانی وتاربێژی مزگەوتەکان یا کەناڵەکانی راگەیاندن نەبێت، بەڵام جیاوازتر لەمانگەکانی تری ساڵ موسڵمانان لەمانگی مەولودا بەدرێژایی سی رۆژی تەواو گوێ بیستی هەزارەها کۆڕو وانەو ئامۆژگاری گرنگ وبەنرخ دەبن لەمزگەوت و هۆ ل و شوێنەکانی ترەوە گەر بێت وموسڵمانان ئامادەی نیوەشی بێت ئەوە بێگومان ئەوکات خەڵکی سیفات و رەوشتەکانی ئەو پێغەمبەرەی دەچێتە دڵ ودەرون و خەیاڵیەوە لەگەڵ شارەزایی باش لەبەسەرهات و ناوبانگ و موعجیزەکانی ئەو پێغەمبەرە.

هۆکاری سێ یەم: لەکاتی ئاهەنگەکانی یادی مەولودا چەند بابەتێکی گرنگ باس دەکرێت کەرەنگە زۆر بە دەگمەن لەکۆڕو ئاهەنگ و کاتەکانی تردا باس بکرێت نمونەش وەك: باس کردن و دوبارە کردنەوەی نەژادی ئەو پێغەمبەرە و جەخت کردنەوە لەپاکی و بێگەردی نەژادی ئەو پێغەمبەرە کەئەوەش لەوکارو پێویستیانەیە کەلەئاینی ئیسلامدا دەبێت منداڵەکانمانی پێ ئاشنا بکەین بەر لەوەی بیان بەرینە قوتابخانە.

هۆکاری چوارەم: سازکردنی ئاهەنگی یادی مەولود خۆی لەخۆیدا سەڵەوات دانە لەسەر پێغەمبەرو ستایش کردنێتی کەئەمەش بۆ خۆی یەکێکە لەو کارە جوان و چاکانەی کەپێویستە ئێمەی شوێن کەوتوانی پێی هەڵسین وەك ئەرك و مافێکی ئەو پێغەمبەرە بەسەرمانەوە، هەروەها بەو سەڵەواتانەش ئەجرو پاداشتی زۆرمان دەست دەکەوێت هەروەك پێغەمبەری خوا دەفەرموێت واتە: هەر کەس یەك جار سەڵەواتێکم لەسەر بدات ئەوە خوای گەورە دەجار سەڵەواتی لەسەر دەدات، بێگومان کە لەو مانگەو لەکاتی بەرێوەچونی ئاهەنگەکانی مەولودا زۆرترین رێژەی سەڵەوات بۆ پێغەمبەری ئازیز دەچێت، بەجیا لەگەڵ سەرجەم مانگەکانی تر.

هۆکاری پێنجەم: گومانی تێدا نیە کەلە هەموو جیهاندا دوژمن و نەیاری ئەو پێغەمبەرە یەکجار زۆرن کە حەزناکەن بەم شێوازە ناوو ناوبانگی سات لەدوای سات بەرزترو گەورە تر بێت، بۆیە موسڵمانانیش وەك کاردانەوەیەك بۆ ئەو نەیارانەی پێغەمبەری خوا گرنگە کەساڵانە کەرنەڤاڵێکی لەو چەشنە ساز بکەن تا هەموو جیهان بزانێت و چاکتر بۆی دەرکەوێت کە ئەو پێغەمبەرەی ئەوان چاویان پێی هەڵنایات کێەو خاوەنی چۆن پێگەو پلەو کەسایەتیەکە.

ئەمانەی کەباس کرا گرنگترین ئەو خاڵ و هۆکارانە بون کەپاڵنەری سەرەکین بۆ ئەوەی کە ئێمە یادی لەدایك بونی پێغەمبەر بکەینەوە.



# پێغەمبەر ئیسلام( d )
# نمونەیەکی گەورەی دادپەروەری
# لەمێژووی مرۆڤایەتیدا

مەلا رەسول گەزنەیی

موسـڵمانان لـە جیهـانی ئیـسلامدا، لـەدوازدەی رەبیعـی یەکـەمی هـەر ساڵێك، لـەیادو بیرەوەری لـەدایکبونی سـەروەریان، دڵـە خـەوتووەکانیان، بەخەبـەر دێنـەوەو، پیـشوازی گـەرم لـەو یـادە شـکۆمەندە دەکەنـەوە، بـەڵام وەك شـوێنکەوتەی ئاینـەکانی تـر، بەرازاندنـەوەی شـەقامو کۆڵانـەکانو یاریـە ئاگرینـەکان، یـادی رێبیـشاندەرەکەیان ناکەنـەوە، بـەڵکو خوێندنەویەکی زانستیانەی بۆ دەکەن، مێژوو سـەلماندویەتی مرۆڤـە ژێـر دەسـتەکان و چەوساوەکان وێـڵ و سـەرگەردانی تروسکای دادپەروەری ڕاستەقینە بونە، گـەلی کـوردیش یەکێکـە لـەو نەتەوانـەی کـە لەهـەموو نەتـەوەکانی تـر زیـاترو زیـاتر، ناعەدالـەتی نادادپـەروەری بەرانبـەر کـراوە، بۆیـە زیـاتر لەهـەموو گـەلانی ئـەو سـەر زەویـە تێنـووی دادپەروەریە، جونکە بەبێ شـەر باوەشـی بـۆ ئـاینی ئیـسلام کردۆتـەوە، سـەرجەم پەیامـە ئاسمانیەکان، لەلایەن پـەروەردگاری جیهـان، لـەرێگای پەیامبەرانـەوە فـەرمان پێکـراوی دادپەروەرین، تادوا پەیامی ئاسمانی قورئانی پـیرۆز، بـە پێـشەوامان حـەزرەتی (محمد(درودی خوای لەسەر بێت) سپێر درا، کەپـەروەرینی جیهانیـان، دەفـەرموێت: (لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بالْبَيِّنَات وَأَنْزَلْنَا مَعَهُمُ الْكتَابَ وَالْميزَانَ ليَقُومَ النَّاسُ بالْقسْط) واتـە: هـەموو نێردراوەکانمـان، کـەناردوون بەبەڵگـەوە وە دامانبەزاندووە لەگەڵ پەیامبـەرانمان کتـاب و میزان، بۆ ئەوەی داد پەروەری لەناو خـەڵکی سەر زەوی بڵاوبکەنەوە.

منـیش وەك شـوێنکەوتەیەکی سەروەرەکەم، دەمەوێت لـەو یـادە پیرۆزەدا چـەندنمونەیەك، لـەکردارو رەفتـاری لـەژیانی سـەروەرمان، سـەبارەت بەدادپـەروەری ڕاستەقینەی ئەو زاتەی، کەلەشوێنی کۆت و بەنـدو چەوسـاندنەوەی چـینایەتی، زەوی پرکـرد بـوو لەعەدالـەت و دادپـەروەری ڕاستەقینە، بخەمە بەر دیدی خوینـەران، بـەو هیوایـەی لـەرۆژی سـەلا، تکاکـارو شـەفاعەتکارمان بێـت، دەستمان بگریت بـۆ سـەر کەوسـەرە بـەڵێن پێدراوەکـەی، بـا بەیەکەوە گەشتێکی روحی بکەینە ناو کـردارو رەفتارەکـانی پیـشەوامان، هەڵوەسـتەیەك لەسـەرلایەنی پـەروەردەی، لەسـەر چـەمکی دادپـەروەری بکـەین و بیکەینـە بنـەمای ژیانمان، کەپەروەرێن دەفەرموێت: (لَقَدْ كَانَ لَكُـمْ فـِي رَسُـولِ اللَّـهِ أُسْـوَةٌ حَـسَنَةٌ)



وەلەفەرمایـشتەکەی داهـاتووە (انمـا بعثـت لاتمم مکارم الاخلاق) یان (انما بعثت معلما) دادپـەروەرێك، لـەخودی کەسـایەتی پێغەمبەرمان، کە کەس ناتوانێت هاوشانبێت، کەلەهـەموو کەسـێك دادپـەروەرتر بـوو، تاسێبەری گەیشتە هەموو جیهان، نە بـەخۆی و نـە بەکەسـانی تـر ڕێگـەی نـەداوە سـتەم لەیـەکتری بکـەن، باچـەند نموونەیـەك وەربگرین:

١- دادپـەروەری لەگـەل (نـەفس) فێرمـان دەکـات دادپـەروەر بـین لەگـەڵ نـەفس و جەسـتەی خۆمـان، سـەلمانی فارسـی کەپێغەمبەر(درودی خوای لەسـەر بێـت) کرد بووی بـەبرای (ابـو الـدرداء) چـوە سـەردانی، بـەڵام لەماڵـەوە نـەبوو، هاوسـەرەکەی گلـەی لەمێردەکـەی کـرد لای سـەلمان، گـوتی (براکـەت دەسـتی لـە دونیـا هـەڵگرتووە، سـەلمان لـەنیازو مـەرامی گەیـشت، بۆیـە کـە (ابو الدرداء) هاتەوە خـوانی نـانخواردن دانـرا گـوتی: فـەرموو نانەکـەت بخـۆ مـن بـەڕۆژوم سـەلمان. وتـی: تـا تـۆش نـەخۆی منـیش ناخۆم، بۆیە ناچار بـوو ڕۆژوەکـەی کـردەوە، کەکاتی خەوتن هـات، گـوتی: سـەلمانی بـرام بخـەوە، مـن خـەریکی خوایەرسـتی دەبم، سەلمان فەرموی تانەخـەوی منـیش ناخـەوم، درەنگـە شـەو سـەلمان هەسـتی کـرد دیـسان (ابو الـدرداء) دەیـەوێت هەڵسێت نەخـەویت، دیـسان سـەلمان وتـی: بخـەوە نەیهێـشت





هەڵسێت، تابەیانی خیزان، بانگی هەردووکیانی کرد بۆ نوێژی بەیانی، ئینجا چون بۆ خزمەت پێغەمبەری خوا(درودی خوای لەسەر بێت) (ابو الدرداء) گوتی: ئەی سەروەرمان سەلمانی برام میوانمان بوو رۆژی پێ شکاندووم و لێنەگەرا شەو زیندوو بکەمەوە زۆر نیگەران بووم و دڵی ئەوم نەشکاند، پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت) زۆر دڵخۆش بوو بەرەفتارەکەی سەلمانو فەرمووی: سەلمانی برات لەسەر راستیه (خودای پەروەرێنت مافی پەرستشی بەسەرتەوە هەیە، وەهەروەها نەفس و جەستەت، وە هاوسەرەکەت وە میوانەکەشت مافیان بەسەرتەوە هەیە هەر یەکەو مافی خۆی پێ بدەیت.

٢- دادپەروەری پێشەوامان بەرانبەر یاوەرانی: لەجەنگی بەدر ڕێزەکانی موسڵمانانی راست دەکرد بەرمێك کەلەدەستی موبارەکی دابو، تا گەیشتە یاوەرێك بەناوی (سواد) ریزەکەی خوار کردبوو، رمەکەی گەیاندە ورگی سەواد پێی فەرموو راست راوەستە سەواد، ئەو یاوەرە بەرێزەکە خۆی ئامادە کرد بوو بۆ جەنگو شەهیدبونی، ئەمەی بە دەرفەت زانی گوتی: یارسول الله منت ئازاردا دەمەوێت تۆڵەی خۆمت لێ بسەنمەوە، ئەو دەنگەی سەواد تەواوی یاوەرانی پێغەمبەری تاساند، هەر یەکەو بەشێوەیەك لێیان ئەروانی یاوەرە بەریزەکان لەسەواد نیگەران بوون ئامادەبوون بەسەرو ماڵ کە تۆڵەلەوان بکاتەوە، بەلأم (سەواد) رازی نەبوو، وتی: تەنها تۆڵە لە خودی پێغەمبەر دەکەمەوە، پێغەمبەری خوا سینەی پڕ لەنوری بۆ کردەوە، (سەواد بەتامەزرۆیەوە خۆی کوتا بەسینەی پیرۆزی سەروەر، تێر تێر ماچی کردو بۆنی کرد، پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: (بۆ وات کرد سەواد ئەمە بوو تۆڵە سەندنەوەکەت)، سەواد گوتی: بەڵکە ئەوە دوا دیدارم بێت لەگەڵ پێغەمبەری خوا ویستم جەستەم بگاتە جەستەی پیرۆزتان شەهید ببم، پێغەمبەر دوعای خێری بۆ کرد، ئەوە ئەو دیمەنە بوو، ئەو سەرکردەیە داد پەروەرانە رەفتاری کرد.

٣-دادپەروەی لەبەرانبەر گاورێك: ئەبی حەدری ئەسلەمی قەرزاری جولەکەیەکە بە چوار درهەم لەمەدینە ،لەو کاتەی پێغەمبەری خودا خەریکی ئامادەکردنی لەشکرە بۆ خەیبەر، خاوەن قەرزەکە هاتە لای پیغەمبەرو گوتی: ئەی محمد یاوەرەکەت قەرزی منی لایە ناداتەوە، هاتووم بۆ قەرزەکەم، پیغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: قەرزەکەت بۆ دواخستوە دەبیدەوە. گوتی: سوێند بەخوا نەمبوە بیدەمەوە، فەرموی: بیدەوە. وتی: هیچم نیە گەر لەخەیبەر گەراینەوە دەستکەوتی جەنگم بەرکەوت دەی دەمەوە. فەرموی: هەر ئێستا قەرزەکەی بۆ رێك بخەو بیدەوە. بۆیە لەسەر فەرمایشی پێغەمبەری خوا چو بۆ بازار عەبایەکەی سەرشانی بەچوار درهەم فرۆشتو قەرزی جولەکەی دایەوە، ئەمەیە دادپەروەری راستەقینەی لەبەرانبە یاوەرێکی و گاورێك.

٤- دادپەروەی لەحوکمی خوادا: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) فەرمانی دەست برینی دەرکرد بۆ ئافرەتێك لەبنەماڵەی مەخزومی لەسەرتاوانی دزیی، لەبەر پێگەی (ئوسامەی کوری زەید) لای پێغەمبەری خوا(درودی خوای لەسەر بێت) کەسوکاری ئافرەتەکە هاتنە لای زید بۆ ئەوەی بچێتە لای پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت) تکا بۆ ئافرەتەکە بکات بۆ ئەوەی دەستی نەبرن چونکە دەبێتە مایەی نەنگیو شەرمەزاری بۆ بنەماڵەکەیان، (ئوسامەی زەید) کە هاتە خزمەت پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت) بۆ ئەومەبەستە پێغەمبەری خوا(درودی خوای لەسەر بێت) لەمینبەرەکەی سەرکەوت (فەرموی: چۆن تکاکاری کەلەفەرمانی پەروەردگار لابدەم لەپێناو رازی کردنی چەند کەسێك، بەراستی لەناوچوون ئومەتانی بەر لەئێمە بەهۆی ئەوەی گەر لەبنەماڵەی ناودارەکان کەسێك دزی بکردایە وازیان لێ دەهێنا بەلأم گەر هەژارێك دزی بکردایە دەستیان دەبڕی، بۆیە ئاگادارتان ئەکەمەوە سوێند بەخوا گەر فاتیمەی کچم دزی بکات دەستی ئەبڕم.

ئەمە بوو دادپەروەری لە ژیانی پێغەمبەرمان (درودی خوای لەسەر بێت) ئەمانە مشتێك بوون لەخەروارێك، بالەیادی لەدایکبونی سەروەرمان ڕوح و جەستەمان لەشەوە زەنگی تاریکی و نادادپەروەری وشیار بکەینەوە ڕێگای ڕاست و دادپەروەری بگرینە بەر، لەبەر ئەوە ی ئەمڕۆ کۆمەڵگایەکەمان تێنووی عەدالەت و دادپەروەی ڕاستەقینەیە، کەئەمەشیان مەیسەر نابێت جگە لەگەڕانەومان بۆ ژیان ئامۆژگاریەکانی سەروەرمان بەهیوای بەدەستهێنانی بەختەوەری هەردوو جیهان.



# شێوازو چۆنیەتی ئەدەب نواندن بەرامبەر پێغەمبەر( درودی خوای لەسەر بێت )

مەلا عەبدوڵڵا شێرکاوەیی

ئەگەر بپرسین ئاخۆ یاوەرانی پێغەمبەر ( d ) چۆن رێزو ئەدەبیان لەبەرامبەر ئەو زاتە نواندووە؟ ئیدی پرسیارێکی تر دێتە پێش بەوەی ئەو رێز نواندنە تایبەتە بەسەردەمی ژیانی پێغەمبەر( d )؟ یان لەدوای وەفاتیشی ئەرکی ئۆممەتە رێزو شکۆی ئەو زاتە لەبەرچاو بگرێ؟ بۆ شیکاری ئەو تەوەرەو باس کردنی شێوازی ئەدەبو رێزنواندن بەرامبەر بەو زاتە دەچینە خزمەت قورئانی پیرۆز، کە چەند شێوازێکی گرنگی لە چۆنیەتی ئەو ئەدەبو رێز نواندنە لە بەرامبەر سەروەرو پێشەواو گەورەی ئۆممەتی ئیسلام حەزرەتی محمد( d ) دیاری کردووە، بەوەی دەبێ هۆشیار بین لەو چوارچێوە سوونەتیانەی، کە پێویستە لە بەرامبەرو لە ئاست رێبازو فەرموودەکانی رەچاو بکرێن، خوای گەورە لە ئایەتی دووەمو سێیەمو چوارەمو پێنجەمی سورەتی ئەلحوجرات باس لەو بابەتە دەکات، کە لێرەدا ئایەتەکان دەخەینە روو، پاشان بە شێوەیەکی وردتر دەچینە نێو ئەو باسەوە.

خوای گەورە دەفەرموێ : (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَرْفَعُوا أَصْوَاتَكُمْ فَوْقَ صَوْتِ النَّبِيِّ وَلَا تَجْهَرُوا لَهُ بِالْقَوْلِ كَجَهْرِ بَعْضِكُمْ لِبَعْضٍ أَنْ تَحْبَطَ أَعْمَالُكُمْ وَأَنْتُمْ لَا تَشْعُرُونَ، إِنَّ الَّذِينَ يَغُضُّونَ أَصْوَاتَهُمْ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ أُولَئِكَ الَّذِينَ امْتَحَنَ اللَّهُ قُلُوبَهُمْ لِلتَّقْوَى لَهُمْ مَغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ عَظِيمٌ، إِنَّ الَّذِينَ يُنَادُونَكَ مِنْ وَرَاءِ الْحُجُرَاتِ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ ، وَلَوْ أَنَّهُمْ صَبَرُوا حَتَّى تَخْرُجَ إِلَيْهِمْ لَكَانَ خَيْرًا لَهُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ).

واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە دەنگتان بەسەر دەنگی پێغەمبەردا( d ) بەرز مەکەنەوە لەکاتی گفتوگۆدا، قسە بێ پەردە مەکەن لەخزمەتیدا، وەکو بۆ یەکتری دەکەن، نەوەکو کردەوەکانتان پووچ بێتەوەو هەستیشی پێ نەکەن.

بەڕاستی ئەوانەی کە دەنگیان هێواش دەکەنەوە لە خزمەت پێغەمبەری خوادا، ئەوانە ئەو کەسانەن کە خوای گەورە دڵەکانیانی زاخاوداوە بۆ تەقواو خواناسین، ئەوانە لێ خۆشبوونو پاداشتی گەورەو گرانبەها بۆیان ئامادەیە.

بەڕأستی ئەوانەی لەدەرەوەی ژوورەکان بانگت لێ دەکەن ئەوانە زۆربەیان نەفامنو ژیری وەرناگرن (چونکە رەوشتی کۆمەڵایەتی دروستیان لەو بوارەدا رەچاو نەکردووە).

خۆ ئەگەر ئەوانە خۆگربوونایە تا دەچویتە دەرەوە بۆ لایان، ئەوە چاکترو رەواتر بوو بۆیان خوا لێخۆشبوو میهرەبانە..

دەکرێت ئەم چوار ئایەتە رێنموویی بێت بۆ سەرجەم ئیمانداران، تا رێزی پێشەواکانیان بگرن، چونکە خوای گەورە لە چەندین شوێنی تریش لە قورئانی پیرۆز باسی لەو هەڵسوکەوتە هەستیارە کردووە، کە پێویستە ئینسانی موسڵمان لە بەرامبەریدا ملکەچ بێتو ئاگاداری ئەو هێڵە گشتیانەو ئەدەبو رێزو تەقدیری پێغەمبەری پێشەوا بێت، چونکە زۆرێك لە خەڵکی تووشی کەمتەرخەمی هاتوون لەو بوارەوەو بگرە خەڵکانێکیش هەن هێندەی سەرسامن بە وتەو لێزانینی خۆیان، هێندە بە پەرۆش نینە زانینو هەڵسوکەوتی بەرزو بەجێ، لە پێشەوای مرۆڤایەتی حەزرەتی محمد( d ) وەربگرن، چونکە خوای گەورە بەهۆی ئەو پێشەوایەوە گرۆی مرۆڤایەتی لە نەفامی رزگار کردو هەر لەڕێی ئەویشەوە پەیامی

ئاسمانی بە زەوی گەیاندو پەروەردەیەکی جوانو تەندروستی فێر کردین، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێ: (لَقَدْ مَنَّ اللَّهُ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولًا مِنْ أَنْفُسِهِمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِنْ كَانُوا مِنْ قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ)(١)، واتە: سوێند بێت بێگومان خوا منەتی ناوەتە سەر ئیمانداران کاتێك پێغەمبەرێکی بۆ رەوانە کردوون لە خۆیان ئایەتەکانی ئەویان بەسەردا دەخوێنێتەوە، دڵو دەروونیان پاکو پوخت دەکاتەوە، هەروەها فێری قورئانو داناییان دەکات، بەڕاستی پێشتر لە گومراییەکی ئاشکرادا رۆچوو بوون.

ئەو چەند ئایەتەی سەرەوە بەشێکی گرنگن لە رێنمویی خوایی، تا بزانین چۆن هەڵسوکەوت لە خزمەت ئەو پێغەمبەرەو فەرمانەکانی بنوێنین، جا بۆ ئەوەی لە ماناو مەبەستەکانی نێو ئەو چەند ئایەتە بگەین، چەند ئاماژەیەك روون دەکەینەوە:

## مەترسی بەرزکردنەوەی دەنگ لە خزمەت پێغەمبەر( d )

بە پێی ئەو ئایەتەی خوای گەورە نازڵی کردووە، بۆ هۆشیار بوونەوەی موسڵمانان لە چۆنیەتی رێز نواندن بەرامبەر پێغەمبەرو بەرز راگرتنی مەقامی ئەو سەروەرە، دەبێ ئەو راستیەمان لا روون بێ، کە نابێ بە هیچ شێوەیەك دەنگ بەرز بکەینەوە بەسەر پێغەمبەر( d )، ئەوەش بەو مانایە دێت، کە نابێ لە ئاست فەرمانەکانی ئەودا دەنگ هەڵبڕین، چونکە ئەگەر هۆکاری دابەزینی ئەو ئایەتە لەبارەی خەڵکانێکە، کە لەسەردەمی ژیانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەنگیان بەرز کردۆتەوە، ئەوە ئێمەش دەگرێتەوە، لەبەر ئەوەی کار بە حوکمی گشتی ئایەت دەکرێ نەك بە هۆکاری دابەزینی.

لەسەر ئەوەش زانایان دەفەرموون: ئەو حوکمە شمولی سەردەمی ژیانو دوای وەفاتی پێغەمبەر( d ) دەکات، بەوەی لە ئاست گۆڕو ماڵەکەی، هەروەها لە ئاست فەرموودەکانیەوە دەنگ بەرز نەکەینەوەو بەو پەڕی ئەدەبو رێز هەڵسوکەوتو مامەڵە بکەین، چونکە حورمەتی ئەو پێغەمبەرە بە زیندوویی‌و بە مردوویی وەکو یەکە، هەروەك فەرمانەکانی لەسەردەمی ژیانو لەدوای وەفاتی یەك حوکمیان هەیە.



لەلایەکی ترەوە خوای گەورە ئەوەمان پێ دەڵێ: کە لەو کاتانەی گوێمان لەدەنگی قورئان دەبێ گوێڕایەڵی بکەینو بێدەنگی بنوێنین هەروەکو دەفەرموێ: (وَإِذَا قُرِئَ الْقُرْآنُ فَاسْتَمِعُوا لَهُ وَأَنْصِتُوا لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ)(٢)، واتە: کاتێك کە قورئان دەخوێندرێت، ئەوە گوێی بۆ بگرنو دڵی بدەنێو بێ دەنگ بن، بۆ ئەوەی ئێوە رەحمتان پێ بکرێتو پەروەردگار بەزەیی پێتاندا بێتەوە (گوێ گرتن بەدڵ و بێدەنگی کار کردی خۆی هەیە لەسەر بیسەر، بێجگە لە پاداشتی بێ سنوور).

ئێ خۆ فەرموودەی پێغەمبەریش( d ) بەشێکە لە سروش (وحی)، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: (وَمَا يَنْطِقُ عَنِ الْهَوَى، إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى)(٣)، واتە: قسەو گوفتاریشی (ئەوەی کە قورئانە) لە ئارەزوو بازیو هەواو هەوەسەوە نیە، ئەمەی کە رای دەگەیەنێت تەنها نیگاو وەحی خواییە.

لەبەر ئەوەیە کە یاوەرانی پێغەمبەر( d ) باش لەو راستیانە شارەزا بوونەو، هەر لەگەڵ دابەزینی ئەو فەرمانە ملکەچیان نواندووەو لە سەر ئەرزی واقیع جێبەجێیان کردووە.

ئەوەتا لەگەڵ دابەزینی ئەو ئایەتە پێشەوای ئیمانداران حەزرەتی ئەبوبەکر دەفەرموێ: سوێندم بەخوا ئەو جارە بە شێوەیەکی زۆر نەرمو هێواشو بە دەنگی نزمەوە قسە لە خزمەت پێغەمبەر( d ) دەکەم.

هەروەها ئیمامی عومەر (رەزای خوای لەسەر بێت)، لەگەڵ خوێندنەوەی ئەو ئایەتە، بەشێوەیەك هەڵسوکەوتی دەنواندو قسەی لە خزمەت پێغەمبەر دەکرد، کە زۆر جاری وا هەبووە پێغەمبەر( d ) لەقسەکانی حاڵی نەبووەو پێی دووبارە کردۆتەوە.

هەتا جارێکیان لەدوای وەفاتی پێغەمبەر( d )، لەناو مزگەوت دوو پیاوی بینی بەدەنگی بەرز هاواریان دەکرد، لێیان چووە پێشەوەو فەرمووی: ئێوە خەڵکی کوێن؟ گوتیان: خەڵکی (تائیف)ین. فەرمووی: سوێند بێ بەخوا خەڵکی مەدینە بوونایە لێم دەدان چۆن بەو دەنگە بەرزە لە خزمەت گۆڕی پێغەمبەر( d )، هاوار دەکەن.!

ئەو فەرمانە وە نەبێ تەنها لەسەر ئەوە کورت بێتەوە، کە مرۆڤ نابێ لە خزمەتی بە دەنگی بەرز قسە بکات، بەڵکو لایەنە شاراوەکە لێرەدا ئەوەیە، کە دەبێ عەقڵو هزرو رامانیشمان وا لێ نەکەین بەسەر فەرمایشتەکانی پێغەمبەر( d )، بەرزیان بکەینەوەو پێمان وابێ عەقڵو ماریفەتی ئێمە بەرز ترە لە عەقڵو حیکمەتی پێغەمبەر( d )، چونکە ئەگەر مەبەست تەنها دەنگ بێت، ئەوە پێغەمبەر( d ) بە سابتی نەدەفەرموو: ئەو ئایەتە شمولی تۆ ناکات، ئەمە لەکاتێکدا دەنگی (سابت) لە دەنگی پێغەمبەر( d ) بەرزتر بووە، بەڵام لەرووی عەقڵو ملکەچیو پابەندی (سابت) زۆر رێکو پێك بووەو لە فەرمانی ئەو نەچۆتە دەرەوە.

بۆیە خوای گەورە لە مەترسی دەنگ بەرزیو لوت بەرزیو شێوازی دەربڕینی خراپو بێ بنەما ئاگادارمان دەکاتەوە، بۆ ئەوەی خوانەخواستە نەکەوینە حاڵەتێکی وا کە کارو کردەوەکانمان بەرەو رەش بوونەوەو

بەتاڵی بڕۆن‌و هەستیشیان پێ نەکەین، هەروەك دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَرْفَعُوا أَصْوَاتَكُمْ فَوْقَ صَوْتِ النَّبِيِّ وَلَا تَجْهَرُوا لَهُ بِالْقَوْلِ كَجَهْرِ بَعْضِكُمْ لِبَعْضٍ أَنْ تَحْبَطَ أَعْمَالُكُمْ وَأَنْتُمْ لَا تَشْعُرُونَ).

بەپێی ئەو ئایەتە بێت دەبێ لەگەڵ ئەوەی کە نابێ دەنگ بەرز بکەینەوە، لەهەمان کاتیش ئەبێ شێوازی قسەکردن‌و ئەدەب نواندن بەرامبەر بە پێغەمبەر( d )، زۆر جیاواز بێت لەو شێوازەی ئێمە کە قسەو گفتوگۆی پێ لەگەڵ یەك دەکەین، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ زۆر هۆشیار بین لەو گوفتارو ڕەفتارانەی، کە سەر دەکێشن بۆ کەمکردنەوەی چاکەو کردەوەکانمان.

ئەوەی لەسەر ئێمە بێت تەنها پابەندیو ملکەچی نواندنە، بە شێوەیەك کە ئەو پەڕی ڕێزو ئەدەبی تێدا بێت، هەروەکو ئیبنو قەییمی جەوزی دەڵێ: وەك چۆن خوای گەورە فەرمانی پێداوین تاعەتی بکەین، بەهەمان شێوە فەرمانی ئەوەشی پێداوین کە گوێڕایەڵی پێغەمبەریش بکەین‌و بەو پەڕی دڵفراوانیو ملکەچیەوە فەرمانەکانی وەربگرین(٤).

هەروەها زانایان لە تەفسیری ڕستەی (وَلَا تَجْهَرُوا لَهُ بِالْقَوْلِ كَجَهْرِ بَعْضِكُمْ لِبَعْضٍ)، وایان لێك داوەتەوە، کە نابێ شێوازی بانگ کردنی پێغەمبەر( d ) وەك شێوازی بانگ کردنی یەکتر بێت، واتە نابێ بڵێین: یا محمد یا أحمد، بەڵکو پێویستە بڵێین: یا رسول الله، یا نبی الله، وەك ڕێز دانان‌و بەرز ڕاگرتنی مەقامی پێغەمبەراتی(٥)، وە نابێ هیچ شێوازێکی واش بەکار بێ، کە بە شێوەیێ لە شێوەکان بێ ڕێزی تێدا بەدی بکرێت، هەر وەکو خوای گەورە لە شوێنێکی تری قورئانی پیرۆز دەفەرموێ: (لَا تَجْعَلُوا دُعَاءَ الرَّسُولِ بَيْنَكُمْ كَدُعَاءِ بَعْضِكُمْ بَعْضًا قَدْ يَعْلَمُ اللَّهُ الَّذِينَ يَتَسَلَّلُونَ مِنْكُمْ لِوَاذًا فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَنْ تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ)(٦)، واتە: ئەی یاوەران نەکەن بانگی پێغەمبەر بکەن، وەك ئەوەی خۆتان لە نێوان یەکتردا بانگی یەك دەکەن (چونکە دەبێت قەدری پێغەمبەری خوا( d ) تایبەتی بێت، بێگومان خوا دەزانێت بەوانەی کە خۆیان پەنهان دەکەن‌و خۆ دەدزنەوە لە کارو فەرمان، دەبا ئەوانەی کە سەرپێچی لە فەرمانی دەکەن بترسن لەوەی کە تووشی تاقی کردنەوەیەکی سەخت، یان تووشی سزایەکی بە ئێش ببن.

دەبێ مرۆڤی موسڵمان لەوە ئاگادار بێ، کە پێچەوانەی فەرمایشتەکانی پێغەمبەر( d ) نەجوڵێتەوەو قسەی خۆی بەسەر قسەی پێغەمبەر( d ) نەخات، وە دەبێ بە شێوازێکی جوانیش مامەڵە لەگەڵ سووننەت‌و ڕێبازو فەرموودەکان بکات، بۆ ئەوەی تووشی ئەوە نێت، کە کارو کردنەوەی لەدەست بداتو لە پاداشتی چاکەکانی مەحرووم بێت‌و هەستی پێ نەکات، چونکە زۆر جاری وا هەیە یەك وشە، لەڕووی ئیمانیو عەقیدەییو تەنانەت بەرپرسیارێتی ویژدانیو ئینسانیش مرۆڤ تووشی قەیرانی گەورە دەکات‌و لێی دەربازو سەرکەوتوو نابێ.

بۆیە لەو بارەوە پێغەمبەر( d ) دەفەرموێ: (**إِنَّ الْعَبْدَ لَيَتَكَلَّمُ بِالْكَلِمَةِ مِن سَخَطِ اللَّهِ لَا يُلْقِي لها بَالًا يهوى بها فِي جَهَنَّمَ**)، واتە: جاری وا هەیە مرۆڤ وشەیەك دەرەبڕێ‌و بە پێی ویستی خوا نیەو خۆیشی بەلایەوە گرنگ نیەو باکی پێی نیە، کەچی بەهۆیەوە دەچێتە نێو دۆزەخەوە.

ئەمە وێڕای ئەوەی کە هۆشداریو سزای توند بۆ ئەو کەسانە دیاری کراوە، کە بە هەر شێوازێ لە شێوازەکان ئازاری پێغەمبەر( d ) دەدەن، وەك خوای گەورە دەفەرموێ: (**إِنَّ الَّذِينَ يُؤْذُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ لَعَنَهُمُ اللَّهُ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَأَعَدَّ لَهُمْ عَذَابًا مُهِينًا**)(٧)، واتە: بێگومان ئەوانەی ئازاری خواو پێغەمبەرەکەی دەدەن (مەبەست ئازاردانی پێغەمبەرە( d ) یان ئەوانەی کە هاوەڵ بۆ خوا بڕیار دەدەن‌و کوفر دەکەن‌و جوێنی پێ دەدەن ) خوا نەفرینی لێ کردون لە دنیاو قیامەتدا سزایەکی زۆر خەجاڵەت ئاوەڕو سەرشۆڕکەریشی بۆ ئامادەکردوون.

هۆشیار بوون لەو بابەتەو چۆنیەتی ئەدەب نواندن لە ئاست ڕێبازو سووننەت‌و فەرموودەکانی پێغەمبەر( d )، هۆکارێکی گرنگ دەبێ، لە دانانی خشتێکی تر لە خشتەکانی قەڵای ڕەفتارە جوانەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامیو پەروەردەی تاکی موسڵمانەوە.

## ئەدەب نواندن کلیلی سەرکەوتن‌و پاداشت‌و هیدایەتە

بێگومان پابەندی نواندن لە هەر پەیام‌و فەرمان‌و بڕیارێکی خوای گەورە، وا دەکات مرۆڤ بەهۆیەوە بگاتە بەختەوەری دەروونیو هیدایەتی ئیمانیو سەرکەوتنی ژیان‌و پاداشتی زۆرو بەخێرەوە، هەر ئەو جۆرە کەسانەشن، کە خوای گەورە بە دەرچوو لە تاقیکردنەوەی دونیاییو قیامەتی وەسفی کردوون‌و گەیشتوونەتە ژێر باڵی ڕەزامەندیو لێخۆشبوونی خوای میهرەبانەوە، بۆیە خوای گەورە لەبارەیانەوە دەفەرموێ: (إِنَّ الَّذِينَ يَغُضُّونَ أَصْوَاتَهُمْ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ أُولَئِكَ الَّذِينَ امْتَحَنَ اللَّهُ قُلُوبَهُمْ لِلتَّقْوَى لَهُمْ مَغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ عَظِيمٌ)، واتە: بەڕاستی ئەوانەی کە دەنگیان هێواش دەکەنەوە لە خزمەت پێغەمبەری خوادا، ئەوانە ئەو کەسانەن کە خوای گەورە دڵەکانیانی زاخاوداوە بۆ تەقواو خواناسین، ئەوانە لێ خۆشبوون‌و پاداشتی گەورەو گرانبەها بۆیان ئامادەیە.

بەپێی ئەو ئایەتە ئەو کەسانەی سەر دادەنوێنن‌و بە ڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ پێغەمبەرو فەرمودەکانی دەکەن، ئەوە خوای گەورە بەڕێزەوە سەیریان دەکات‌و دەروونیان دەکاتەوە، بۆ خێرو خۆشیو تەقواو نزیك بوونەوە لە پەروەردگاری جیهانیان، دڵیان وا لێ دەکات لە هەموو دەردو نەخۆشیەك پاك بێتەوەو هەرچی خراپەو تاوان‌و ژەنگ هەیە لێی دائەماڵێ‌و نوێی دەکاتەوەو ئامادەی دەکات بۆ جێگیر بوونەوەی تام‌و لەززەتی ئیمان‌و تەقوا، کە سەرەنجام تێکڕای ژیان‌و حاڵ‌و باڵی بەختەوەر دەکات‌و لە سایەی سێبەری ئیسلام‌و نووری ئیمان دەیحەسێنێتەوە.

ئەوانەی ئەو خەڵاتە (تەقوا) بۆ دڵ‌و دەروونیان وەردەگرن، بێگومان لەڕێیەوە دەکەونە ژێر گەورەترین نیعمەتی خوای گەورە، چونکە ئەو هێزە ئیمانیە وا دەکات، هەمیشە مرۆڤ خۆی لە خراپەکان دوور بگرێت‌و لەسەر ئەو هەنگاوانە بڕوا، کە نزیکی دەکەنەوە لە ڕێبازە مەعریفیەکان، لەهەمان کاتیش پاداشت وەردەگرێ‌و بە ڕەزامەندی خوای باڵا دەست شاد دەبێ، چونکە خۆگرتنەوە لە تاوان‌و سەرپێچی نەکردنی فەرمانی پێغەمبەر( d )، لە بەر خاتری خواو لە پێناو وەدەست هێنانی ڕەزامەندی پەروەردگار پاداشتی گەورەی بۆ دانراوە، وەك لە ئایەتەکە ئاماژەی بۆ کراوە.

بۆیە کاتێ لە نامەیەکدا بۆ ئیمامی عومەر دەنووسرێ(٨)، ئایا ئەو پیاوە باشترە کە شەهیەی گوناهی نیەو ئەنجامیشی نادات؟ یان ئەو پیاوەی ئارەزووی گوناهی هەیە بەڵام لەترسی خوا ئەنجامی نادات؟

لەوەڵامدا فەرمووی: (إن الذين يشتهون المعصية ولا يعملون بها: أُولَئِكَ الَّذِينَ امْتَحَنَ اللَّهُ قُلُوبَهُمْ لِلتَّقْوَى لَهُمْ مَغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ عَظِيمٌ)، واتە: ئەوانەی ئارەزووی تاوانیان هەیەو لە ترسی خوا ئەنجامی نادەن، ئەوە ڕێك ئەو کەسانەن، کە خوای گەورە دڵەکانیانی زاخاوداوە بۆ تەقواو خواناسین، ئەوانە لێ خۆشبوون‌و پاداشتی گەورەو گرانبەها بۆیان ئامادەیە.

ئەسڵی ئەدەب نواندن‌و ڕێز گرتنی پێغەمبەر( d )، مایەی خێرە بۆ بەندەکانی خوای گەورەو، لەهەمان کاتیش دەبێتە هۆی هیدایەت‌و عاقیبەت خێری لەبەر ئەوەی:

١- خوای گەورە فەرمانی ئیمان هێنان بە پێغەمبەری پێکردوین‌و، یەکێ لە روکنە ئیمانیەکانیش باوەڕهێنانە بە پێغەمبەری ئیسلام( d ) هەروەکو دەفەرموێ: (فَآمِنُوا

باللَّه وَرَسُوله النَّبيِّ الْأُمِّيِّ الَّذي يُؤْمنُ باللَّه وَكَلمَاته وَاتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ)(٩)، واته: باوەڕی پتەو بهێنن بەو خوایەو بەپێغەمبەرەکەی، کە هەواڵدەرێکی نەخوێندەوارە، (تاهیچ کەس نەڵێت پیاوێکی خوێندەوار بووەو خۆی قورئانی داناوە) ئەو پێغەمبەرەی کە خۆی باوەڕ دەهێنێت بە خواو بە فەرموودەکانی، دە ئێوەش شوێنی بکەون، بۆ ئەوەی ئێوە ڕێنموویی وەرگرن.

٢- خوای گەورە ئەدەب نواندنی بە واجب داناوە، وەك لەوەی لە ئایەتی پێشتر باسمان کرد، کە نابێ کەس پێش فەرمانەکانی بکەوێ‌و نابێ کەسیش بێ ڕێزی بنوێنی، لەو بارەشەوە ئیبنو قەییم دەڵێ: ئەو ئەمرە تا ڕۆژی دوایی هەر دەوامی دەبێ‌و شکاندن‌و پێشکەوتنەوە لە فەرمانی پێغەمبەر( d ) لە پێش وەفاتی‌و لەدوای وەفاتی جیاوازی نیەو، کەسە عاقڵەکانیش باش ئەو ڕاستیە دەزانن(١٠).

٣- خوای گەورە لەسەر ئێمەی پێویست کردووە، کە شوێنکەوتەیی‌و گوێڕایەڵی‌و ئیتاعەی پێغەمبەر( d ) بکەین، چونکە بەو هۆیەوە دەگەینە ئەو ئاستە، کە خوای گەورە خۆشەویستی خۆی پێمان ببەخشێت‌و لە تاوانەکانیان ببورێت، هەروەك دەفەرموێ: (قُلْ إنْ كُنْتُمْ تُحبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبعُوني يُحْببْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحيمٌ)(١١)، واتە: ئەی پێغەمبەر( d ) بە ئیمانداران بڵێ: ئەگەر ئێوە خواتان خۆش دەوێت دە شوێنی من بکەون‌و لە فەرمانی من دەرمەچن، ئەوکاتە خوایش ئێوەی خۆش دەوێت‌و لە گوناهو هەڵەکانیشتان خۆش دەبێت، ئەو خوایە لێخۆشبوو و میهرەبانە.

یاخود دەفەرموێ: (قُلْ أَطيعُوا اللَّهَ وَأَطيعُوا الرَّسُولَ فَإنْ تَوَلَّوْا فَإنَّمَا عَلَيْه مَا حُمِّلَ وَعَلَيْكُمْ مَا حُمِّلْتُمْ وَإنْ تُطيعُوهُ تَهْتَدُوا وَمَا عَلَى الرَّسُول إلَّا الْبَلَاغُ الْمُبينُ)١٢)، واتە: پێیان بڵێ: فەرمانبەرداری خواو فەرمانبەرداری پێغەمبەر بن، خۆ ئەگەر پشتیان هەڵکرد، ئەوە ئەو تەنها گەیاندنی پەیامی خوای لەسەر شانە، ئێوەش سەرپێچی‌و یاخی بوونەکەتان لەسەرتان دەکەوێت، خۆ ئەگەر فەرمانبەرداری بن‌و گوێڕایەڵ‌و ملکەچ بن بەڕاستی ئەوە هیدایەت وەردەگرن، دڵنیاش بن کە ئەرکی سەرشانی پێغەمبەر( d ) تەنها گەیاندنێکی ڕوون‌و ئاشکرایەو هیچی تر نیە.

٤- خوای گەورە بە پێشەواو ڕێنیشاندەری ئۆمەتی ئیسلامی دیار کردووەو، فەرمانی ئەوەشی پێکردووین، کە لە کاتی کێشەو ئاریشەکانمان بگەڕێینەوە بۆ گوێڕایەڵی ئەو پێغەمبەرەو بە فەرمانی ڕازی بین، هەروەك دەفەرموێ: (فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجدُوا في أَنْفُسهمْ حَرَجًا ممَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْليمًا)(١٣)، واتە: نەخێر، سوێند بە پەروەردگارت ئەوانەی (لافی بڕوا لێدەدەن) بڕوا ناهێنن هەتا لە هەموو کێشەیەکدا کە ڕوودەدا لە نێوانیاندا تۆ نەکەن بە دادوەرو گوێڕایەڵی تۆ نەکەن، دوای ئەوەش نابێت لە دڵ‌و دەروونیاندا هیچ ناڕەزاییەك دروست ببێت بەرامبەر ئەوەی، کە دادوەریت لەسەر کردووە و دەبێت بەتەواویی تەسلیم بن‌و ڕازیی بن.

٥- یەك لەو ئەرکانەی دەکەوێتە سەر شانمان ئەوەیە، کە پێغەمبەرمان خۆش بوێت‌و لەناو دڵ‌و دەروونی خۆمان جێگیری بکەین‌و تەنانەت لە پلەی خۆشەویستیشدا بە پێشەنگی دابنێین‌و لە هەموو کەس زیاتر خۆشمان بوێت، هەروەك لە فەرموودە هاتووە: (**لَا يُؤْمنُ أحدكم حتى أكُونَ أحَبَّ إليه من وَالده وَوَلَده وَالنَّاس أجْمَعينَ**)(١٤)، واتە: ئیمانی کەستان تەواو نابێ تا منتان لە دایك‌و باوك‌و منداڵەکانتان‌و تێکڕای خەڵك زیاتر خۆش نەوێت.

٦- خوای گەورە بە پێشەنگی ڕەوشت بەرزی‌و پێشەوای خەسڵەت‌و گوفتارو ڕەفتارە شیرین‌و چاکەکان داینەوە، هەروەك دەفەرموێ: (لَقَدْ كَانَ لَكُمْ في رَسُول اللَّه أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لمَنْ كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثيرًا)(١٥)، واتە: سوێند بەخوا بەڕاستی لە پێغەمبەری خوادا چاکترین نموونەی تەواوو ڕێکوپێك هەیە تاچاوی لێ بکەن و شوێنی بکەون، بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی ڕەزامەندی خوایان مەبەستە، سەرفەرازی قیامەت ئاواتیانە، هەمیشەو بەردەوام یادی خوا بەزۆری ئەنجام دەدەن‌و زمانیان پاراوە بەیادی ئەو. یان دەفەرموێ: (وَإنَّكَ لَعَلَى خُلُقٍ عَظيمٍ)(١٦)، واتە: بەڕاستی تۆ لەسەر بەرزترین ڕەوشت‌و ئاکاری جوان‌و باشی.

٧- خوای گەورە جۆرێك ڕێنمایی گرنگمان پێ دەدات لەوەی کاتێ موسڵمانان دەچنە نێو ماڵی پێغەمبەر( d ) بە چ شێوازو جۆرێك بچن، لەهەمان کات نابێ بە هیچ شێوەیەك ئەزیەتی خۆیی‌و خێزانەکانی بدرێت‌و هەموو کاتێك هی ئەوە نیە مرۆڤ بچێتە ژوورەوە تا ڕوخسەت وەرنەگرێ، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذينَ آمَنُوا لَا تَدْخُلُوا بُيُوتَ النَّبيِّ إلَّا أَنْ يُؤْذَنَ لَكُمْ إلَى طَعَامٍ غَيْرَ نَاظرينَ إنَاهُ وَلَكنْ إذَا دُعيتُمْ فَادْخُلُوا فَإذَا طَعمْتُمْ فَانْتَشرُوا وَلَا مُسْتَأْنسينَ لحَديثٍ إنَّ ذَلكُمْ كَانَ يُؤْذي النَّبيَّ فَيَسْتَحْيي منْكُمْ وَاللَّهُ لَا يَسْتَحْيي منَ الْحَقِّ وَإذَا سَأَلْتُمُوهُنَّ مَتَاعًا فَاسْأَلُوهُنَّ منْ وَرَاء حجَابٍ ذَلكُمْ أَطْهَرُ لقُلُوبكُمْ وَقُلُوبهنَّ وَمَا كَانَ لَكُمْ أَنْ تُؤْذُوا رَسُولَ اللَّه وَلَا أَنْ تَنْكحُوا أَزْوَاجَهُ منْ بَعْده أَبَدًا إنَّ ذَلكُمْ كَانَ عنْدَ اللَّه عَظيمًا)(١٧)، واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە مەچن بۆ سەردانی ماڵەکانی پێغەمبەر مەگەر مۆڵەتتان بدرێت‌و مۆڵەت بخوازن، ئەگەر مۆڵەت دران بۆ نان خواردنێك چاوەڕێی پێگەیشتنی مەکەن ئەگەر پێ نەگەیشتبوو (مەبەست ئەوەیە زوو مەچن کە هێشتا خواردنەکە پێ نەگەیشتووە)، بەڵام کاتێك بانگکران، ئەوە بچنە ژوورەوە، جا کاتێك نانتان خوارد بڵاوەی لێ بکەن‌و خۆتان بە گفتوگۆوە سەر گەرم مەکەن، چونکە بەڕاستی ئەو کارەتان پێغەمبەر ئازار دەدات، ئەویش شەرمتان لێ دەکات (داوای چوونە دەرەوەتان لێ ناکات)، خوایش شەرم لە ڕاگەیاندنی حەق‌و ڕەوا ناکات، کاتێکیش داوای کەلوپەلێکتان لە خێزانەکانی پێغەمبەر کرد لە پشتی پەردەوە داوایان لێ بکەن، ئا ئەو جۆرە ڕەفتارە چاکترو پاکترە بۆ دڵی ئێوەو ئەوانیش، بێگومان هیچ کات بۆتان نیە ئازارو دڵتەنگی بۆ پێغەمبەری خوا پێش بهێنن، هەرگیز بۆتان نیە هاوسەرانی دوای خۆی بەهیچ جۆرێك مارە بکەن، چونکە بێگومان ئەو کارەتان لای خوا زۆر گەورەیە (زۆر نابەجێیە، چونکە ئەوان دایکتانن، دایکیش لە کوڕی حەرامە).

کەواتە دەگەینە ئەو ئەنجامە ئێمە کاتێ لە فەرمانی خوای گەورە دەرناچین‌و، گوێڕایەڵی فەرمان‌و ڕێبازی پێغەمبەر( d ) دەکەین، بە شێوەیەك هەموو مەقامەکانی ڕێزو ئەدەب ڕەچاو دەکەین، ئەوە بێگومان دەگەینە ئەو بەختەوەری‌و هیدایەت‌و سەرکەوتنەی، کە خوای باڵادەست لەدونیاو دواڕۆژ بۆ ئیماندارانی دیاری کردووە، بەهۆی گرتنە بەری ئەو ڕێبازە جوانەشە، لەو پاداشتانە بێ بەش نابین، کە وەك ڕێزگرتن لە ئەرك‌و ماندوبوونی ئەو کەسانەی بەو ئەرکەوە هەڵدەستن خوای گەورە پێیان دەبەخشێت، دواجار ئەمە لەناو واقعی ژیان‌و کۆمەڵگەدا دەبێتە هۆکاری کاریگەرو دیار لە تێگەیشتنی بەندەکان لە فەرمانە قورئانیەکان‌و چۆنیەتی هەڵسوکەوت نواندن بەرامبەر پێغەمبەری سەداری ئۆممەتی ئیسلامەوە.

ئێ خۆ هەر کەسێك شارەزایی‌و ئاستی ڕۆشنبیری‌و هزری‌و ئەخلاقی، بگاتە ئەو پلەو پایەیە، بە تەئکید دەبێتە ئامرازێکی خێرو گونجاوو سوود بەخش بۆ دەوروبەری خۆی، کە ئەمەش وا دەکات حاڵی کۆمەڵگە لە سایەی ئەو جۆرە پەروەردەو، بیرکردنەوەی ئەو جۆرە کەسانە باشتر بێت‌و ژیان جوان بڕوا بەڕێوە.

## عەقڵ‌و ئارامگرتن
## وەك دوو چەمکی خێر

لە بەشێکی تری ئەو ئایەتانەی پێکەوە بەستراوەنەتەوە لە ڕووی ماناو مەبەستەوە،

کە باس لە چۆنیەتی ئەدەب نواندن دەکەن لەبەرامبەر پێغەمبەری ئیسلام( d )، خوای گەورە دەیەوێ جۆرەکانی ئەدەبمان بۆ روون بکاتەوە، کە یەکەم جار پێش فەرمانی خواو پێغەمبەر نەکەوین، دووەم جار دەنگمان بەرز نەکەینەوە بەسەر فەرموودەکانی پێغەمبەر( d )، سێیەم جار چۆن فێری ئادابی بانگ کردن بین.

ئەگەر لە فەرهەنگی هەر تاکێك ئەدەب نەما، ئەوە مانای وایە خەلەل لە عەقڵی ئەو کەسە بوونی هەیە، وە ئەگەر لەسەر کارو هەنگاوەکان ڕەوشتی سەبرو ئارامی لەدەست دا، ئەوە مانای وایە لە چەمکی خێر بێ بەش بووە، بۆیە خوای گەورە دەفەرموێ: (إِنَّ الَّذِينَ يُنَادُونَكَ مِنْ وَرَاءِ الْحُجُرَاتِ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ ، وَلَوْ أَنَّهُمْ صَبَرُوا حَتَّى تَخْرُجَ إِلَيْهِمْ لَكَانَ خَيْرًا لَهُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ). واتە: بەڕأستی ئەوانەی لە دەرەوەی ژوورەکان بانگت لێ دەکەن ئەوانە زۆربەیان نەفامن‌و ژیری وەرناگرن (چونکە ڕەوشتی کۆمەڵایەتی دروستیان لەو بوارەدا ڕەچاو نەکردووە).

خۆ ئەگەر ئەوانە خۆگربوونایە تا دەچویتە دەرەوە بۆ لایان، ئەوە چاکترو ڕەواتر بوو بۆیان وەخوا لێخۆشبوو میهرەبانە..

ئەو ئایەتە دەیەوێ هەم مرۆڤەکان هۆشیار بکاتەوە، لەوەی قەت بە شێوازی ناشیرینەوە بانگ لەکەس نەکەن، هەمیش دەیەوێ ئەو داب‌و نەریتە نارێکانەی کۆمەڵگەی نەفامی‌و پێش هاتنی ئیسلام راست کاتەوە.

چونکە خەڵکانی وا هەبوون، کە بە شێوەی نارێکو دوور لە قیەمی ئەخلاقەوە هاواریان بەسەر ماڵی پێغەمبەر دەکردو دەنگیان بەرز دەکردەوە، تەنانەت لە کاتی هاتنی وەفدی (بەنو تەمیم) هەندێکیان بە شێوازی ناشیاوەوە لە دەرەوەی حوجرەکانی پێغەمبەر( d ) هاواریان دەکرد، بۆیە خوای گەورە دەفەرموێ (أَكْثَرُهُمْ) واتە: زۆرێکیان کەم عەقڵ بوونە، لەو جۆرە ئوسلوبەی بەکاریان هێناوە لە خزمەت پێغەمبەردا، کە ئەمەش نیشانەی حیکمەتی کەلامی خوایە، کە هەمووانی بە بێ عەقڵ دانەناوە بەڵکو زۆربەی ئەوانەی بە بێ عەقڵ داناوە، کە ئەدەبی بانگ کردن‌و بەیەکگەیشتیان ڕەچاو نەکردووە، ئەمەش وانەیەکی گەورەی تێدایە، لەوەی دەبێ مرۆڤەکانیش لە کاتی بڕیاردان بە ئینسافەوە قسە بکەن‌و، ئەو شتانەی قابیلی تەعمیم نین نەیگشتێن، چونکە عەقڵ ئەو کاتە بەرزو بەرێزە، کە ئەخلاق‌و نەرمی‌و ئارامی لە خۆ بگرێت.

لە لایەکی ترەوە، خۆ ئەگەر ئەوان کەمێك ئارامیان بگرتایە، تا پێغەمبەر( d ) دەهاتە لایان بە مەبەستی لیقاو بە یەك گەیشتن‌و گفتوگۆ، ئەوە جۆرێك لە ئەدەبیان پیشان دەداو بەو هەنگاوەش لەخێر بێ بەش نەدەبوون، لەبەر ئەوە قورئانی پیرۆز زۆر جوان ئەو شێوازەی هەڵسوکەتە باس دەکات‌و، ڕێنمووی گرنگیش دەدات، بۆ ئەوەی چوارچێوەیەکی ئەدەب‌و ڕێسایەکی جوانی مامەڵە کردن لەناو کۆمەڵگە پیادە بکات‌و تاکەکانی لەسەر ڕابێنێ، وە دەبێ مرۆڤی موسڵمان هەمیشە عاقڵانە بیر بکاتەوەو هەنگاو بنێ‌و هۆشیاریش بێ‌و لە ڕەوشتی ئارامی دانەبڕێ، تا لە بەرووبوومەکەی بێ بەش نەبێ، کە بێگومان بەرهەمی هەر ئارام گرتنێك مایەی خێرەو، هاتنە ڕێی خێریش بۆ هەر کەسێك خاڵی دەسپێکی بێ بەش نەبوونە لە لێبوردەیی پەروەردگارو بەخشندەیی ئەوەوە، هەر لەبەر ئەوەشە دەفەرموێ: (وَلَوْ أَنَّهُمْ صَبَرُوا حَتَّى تَخْرُجَ إِلَيْهِمْ لَكَانَ خَيْرًا لَهُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ)، واتە: ئەگەر ئەوانە ئارامیان نواندبایە تا دەچویتە دەرەوە بۆ لایان، ئەوە چاکترو ڕەواتر بوو بۆیان خوای گەورەش لێخۆشبوو میهرەبانە..

لێرەشەوە دەکرێ هەردوو چەمکی عەقڵانی بوون‌و ئارامی نواندن، بە بنەمایەکی گرنگی پێشکەوتنی کۆمەڵگە موسڵمان نشینەکان دابنێین.

## کاریگەرییە ئەرێنیەکانی ئەدەب نواندن

لە خستنە رووی ئەو چەند ئایەتە سەبارەت، بە چۆنیەتی ئەدەب نواندن‌و هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ پێغەمبەر( d )، وە چۆنیەتی مامەڵە کردن لە گەڵ فەرموودەو سووننەتەکانی، کۆمەڵێك شتی گرنگمان بۆ روون بویەوە، کە دەکرێ بە شێوەی خاڵبەندی باسیان بکەین:

١- ئەدەب نواندن نەك تەنها کارێکی سادەیە، بەڵکو واجبێکی ئایینی‌و بەرپرسیاریەتێکی ئەخلاقیە، کە دەبێ مرۆڤی



موسڵمان بەو پەڕی ڕێزەوە، گەورەیی ئەو پێغەمبەرە لەبەرچاو بگرێت، لەبەر ئەوەی خوای گەورە فەرمانی ئەو ڕێز نواندنەی پێکردووین.

٢- بەرز نەکردنەوەی دەنگ لە خزمەت پێغەمبەر( d )، کە ئەمە سەردەمی ژیانو دوای وەفاتی دەگرێتەوە، لە سەردەمی ژیانیدا، خوای گەورە موسڵمانان هۆشیار دەکاتەوە، کە دەنگیان لە خزمەت ئەو زاتە بەرز نەکەوە، بۆ دوای وەفاتیش ئەو حوکمە درێژەی دەبێت، بەوەی موسڵمانان هەم لەخزمەت گۆڕە پڕ نوورەکەی دەنگ بەرز نەکەونەوە، هەمیش لە رووی مەعنەوییەوە لە ئاست فەرموودەکانی دەنگ هەڵنەبڕن، چونکە ئەرکی موسڵمان گوێڕایەڵی کردنەو بەس.

٣- دەبێ شێوازی ناو هێنانو بانگ کردنی پێغەمبەر( d )، جیاواز بێت، لەگەڵ شێوازی ناوهێنانو بانگ کردنی یەکتری، چونکە پێغەمبەر( d ) پێگەی تایبەتو جیاوازو دەبێ ڕەچاوی تایبەتمەندیو ڕێزی پێغەمبەرایەتی بکرێت، هەروەك خوای گەورە بە (رسول الله، نبي الله، يا أيها الرسول، يا أيها النبي) ناوی دەبات.

٤- خوای گەورە هۆشداریمان دەداتێ لەسەر ئەوەی، کە نەکەین بێ ڕێزیو دەنگەدەنگو شێوازی ناشیاو لەبەرامبەر پێغەمبەرو فەرموودەکانی بەکار بێنین، چونکە دەبێتە هۆکاری ڕەشبوونەوەی کردەوەکانمان، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ڕێز گرتنی پێگەی پێغەمبەرایەتی ئەو زاتە یەکجار گرنگو هەستیارو گەورەیە، ئەگەر کەسێك بەو چاوەوە سەیری نەکات، ئەوە ڕێگەی تێچوونی کارو کردەوەکانی لەخۆ نزیك دەکاتەوە.

٥- کەمتەرخەمیو بێ موبالاتی لە قسەکردن هۆکاری نەزانی خاوەنەکەیەتی، بۆیە خوای گەورە ئاماژەی بەوە داوە، کە ئەوانەی ئەو ڕێزە دەشکێننو هەستی پێ ناکەن، بەڵگەی کەمی ژیری دەگەیەنێ، ئەوەش مەترسی هەیە، وەك لە فەرموودەی پێشتر روونمان کردووە، کە زۆر جار قسەیەك مرۆڤ تووشی دۆزەخ دەکات.

٦- ئەوانەی پابەندی ئەو ڕێزە دەبن، خوای گەورە بە باشو مەدحەوە باسیان دەکات، کە ئەمەش دڵخۆشیەکە بۆ ئەو کەسانەی بە شێوەی مولتەزیمو گوێڕایەڵیەوە، ڕێز لە مەقامی پێغەمبەر دەگرنو بەچاوی ڕێزەوە لەبەرامبەر فەرموودەکانی دەجوڵێنەوە.

٧- خوای گەورە هەر ئەو خاڵەی سەرەوەی بە هۆکاری چاکسازی دڵان داناوە، واتە ئەگەر کەسێك ئەو چوارچێوانە نەشکێنێو بەو پەڕی ڕێزەوە هەڵسوکەوت بکات، ئەوە بەڵگەی ئەوەیە، کە ئەو کەسە دەروونی خۆی چاك کردووەو، خوای گەورەش چاکی پێ بەخشیوەو، سەرکەوتووی کردووە لە تاقیکردنەوەی دینداریەوە.

٨- پێدانی پاداشتی زۆر لە لایەن خوای گەورە داندراوە بۆ ئەو کەسانەی خۆیان لە سەر بەرزی ئەو پلەیە ڕادێننو، بە جوانیەوە پابەندی ڕێبازی پێغەمبەر( d ) دەکەنو ڕێزی پێویست دەنوێنن.

٩- سەرزەنشتی ئەو کەسانە هاتووە، کە بە پێی پێوەری عەقڵی بیر ناکەنەوە، بە مانایەکی تر ئەوانەی ئەدەبیان نیە، ئەوە بەڵگەی ئەوەیە عەقڵیان لاوازە، ئەوانەش ئەدەبیان هەیە بەڵگەی بەهێزیو هەبوونی عەقڵیانە، چونکە ئەدەب ئەوەیە عەقڵی لەگەڵ بێت، عەقڵیش ئەوەیە دەرهاوێشتەی ئەدەبی لێ بکەوێتەوە، بۆیە کە سەیری قورئانی پیرۆز دەکەی زۆر بە جوانی ئەو مەسەلەیەی درکاندووەو، قسەی لەبارەوە کردووە، هەروەك دکتۆر عەبدولمەجید ئەلبیانونی دەڵێت: (فانظر إلى سموّ هذا المنهج القرآني في سياسة النفوس وتربيتها وإصلاحها وتهذيبها ، والتدرّج بها في كلمات قليلة ، وجمل يسيرة ، تليّن القلوب القاسية وتردّ النفوس الجامحة)(١٨).

١٠- ڕەچاوکردنی چەمکی ئینساف لە شتەکان پێویستە، چونکە ئەو وەفدەی (بەنو تەمیم)یان کە هاتنە لای پێغەمبەر( d ) نزیکەی (٧٠) کەس دەبوون، بەڵام خوای گەورە نەیفەرمووە: هەموویان بێ عەقڵن، بەڵکو فەرمووی (زۆربەیان کەم عەقڵن)، کە ئەمەش وانەیە بۆ ئێمەی مرۆڤ، بۆ هەڵسوکەوت کردن لەناو یەکتری ڕەچاوی ئەو چەمکە بکەین.

١١- ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی کەسەکان، هەروەك خوای گەورە ئاماژەی پێ داوە، کە شێوازی گفتوگۆ کردن لەگەڵ پێغەمبەرو چۆنیەتی بانگ کردنی جیاوازە لەوەی لەناو خۆتان بەکاری دەهێنن، ئەمەش وانەیەکی گەورەیە بەوەی ئێمەی موسڵمان ڕەچاوی تایبەتمەندی کەسەکان بکەینو هەر کەسەو بە پێی پێگەی خۆی ڕێزی لەبەرامبەر بنوێنین وەك ئەوەی (أنزل الناس منازلهم).

١٢- خۆ ڕاهێنان لەسەر ئارام گرتنو خۆ دوور گرتن لە پەلە کردن، چونکە خوای گەورە ئاماژەی بەوە داوە، کە سەبرو ئارامی پێویستەو ناکرێ مرۆڤی موسڵمان ئەو چەمکە لەخۆی دابڕێ، چونکە بە نەبوونی ئەو ئارامیە مرۆڤ تووشی هەڵەو لەدەست چوونی پاداشتو بێ ڕێزی دەبێتەوە.

١٣- کلیلی گەیشتنە خێرو جێبەجێ بوونی کارو هەنگاوەکان ئارامی گرتنە، وەك ئەوەی لە ئایەتەکە خوای گەورە ئاماژەی پێ داوە، بەوەی ئەگەر ئەوان سەبریان گرتبا بۆ ئەوان خێر ترو چاکتر بوو، کەواتە دەبێ مرۆڤی موسڵمان ئەوە بزانێ، کە ئارامی نواندن نەك تەنها پاداشتی تێدایە، بەڵکو سەرکەوتنو خێری هەنگاوە دونیاییو قیامەتیەکانی لێ دەکەوێتەوە.

١٤- جێگیرکردنی دوو ناوو سیفەتی تری خوای گەورە، واتە (غفور، رحيم)، کە ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە خوای گەورە لێخۆشبووە، بەرامبەر ئەوانەی هەڵە دەکەنو، لێی پەشیمان دەبنەوە، هەروەها خاوەن بەزەییشە بەرامبەر بە مرۆڤەکانەوە.

١٥- وەك چۆن ئەدەب نواندن بەرامبەر کەسایەتی پێغەمبەر( d ) واجبەو دەبێ ڕەچاو بکرێ، بەهەمان شێوە ڕێز نواندن لەبەرامبەر پێشەواو زانایانی هەڵگری پەیامی ئیسلامیش پێویستە، چونکە ئەوان میراتگری پێغەمبەرانن، هەروەك پێغەمبەر( d )، دەفەرموێ: (**العلماء ورثة الأنبياء**)(١٩)، کەواتە لەسەر موسڵمانان پێویستە ڕێز لە زانایانی ئایینی بگرنو، بەو پەڕی ئەدەبەوە بەرامبەریان هەڵسوکەوتو مامەڵە بکەن.

پوختەی قسان، باشە ئەگەر هەر کۆمەڵگەیەك ئەو بەها گەورە مرۆییو ڕەوشتیانەی تێدا بێت، دەبێ چ کاریگەریەکی گەورەی لەناو دروست ببێو، چۆن شێوازی هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتیەکانی دەچێتە پێشی پێشەوە،؟! لەهەمان کات پێم وایە ئەمانە کلیلی گرنگن بۆ کردنەوەی دەرگاکانی بەختەوەریو دوور کەوتنەوە لە زۆرێك لەو گرفتانەی زۆرجار بەهۆی غیابی ئەو چەمکانەوە لەناو کۆمەڵگە دروست دەبن..

١- سورة آل عمران: ١٦٤
٢- سورة الأعراف: ٢٠٤
٣- سورة النجم: ٣-٤
٤- أعلام الموقعين: ج١ص٤٨
٥- الجامع لأحكام القرآن: ٢١٦
٦- سورة النور: ٦٣
٧- سورة الأحزاب: ٥٧
٨- البيّنات فى تفسير سورة الحجرات: ٤٧
٩- سورة الأعراف: ١٥٨
١٠- مدارج السالكين: ٣٦٧
١١- سورة آل عمران: ٣١
١٢- سورة النور: ٥٤
١٣- سورة النساء: ٦٥
١٤- صحيح البخاري: ج١ ص١٤
١٥- سورة الأحزاب: ٢١
١٦- سورة القلم: ٤
١٧- سورة الأحزاب: ٥٣
١٨- فى تسير سورة الحجرات: ٥٠
١٩- فتح الباري: ج١ ص٢١٧

# پەیامی خوا
# بۆ پێغەمبەر ( h ) لەکاری بانگەوازیدا

طاهر مەلا سید محمود

پەروەردگار ئەمر دەفەرموێت بەپێغەمبەر (درودو سلاوی خوای لێبێت) کەبانگەواز بکات بۆ لای خودا بەدانایی، و بە ئامۆژگاری جوانو وەقسەو مجادەلە بەجوانترین شێوە... وەك لەقورئانی پیرۆز سورەتی (النحل)دا دەفەرموێت: (ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ). بەلام پێم خۆشە لەخزمەتی ئێوەدا هەڵوێستە بکەین لەخزمەتی، ئەو مەرجانەی خوای پەروەردگار دایناوە بۆ بانگخواز، بۆ ئەوەی جیتر گلەی لەجەماوەر نەکەین بەهەموو چینو توێژەکانیەوە، ئێمە کەلتوری توندیو قسەوتن بەبەرانبەر زاڵە بەسەرماندا.

هەروەك ئەوەی ئاگادار نەبین بەژیانو ئاکارە جوانەکانی، پێغەمەرو نوری چاومان (صلى الله عليه وسلم)، کە چۆن بوە هۆی رێنمایی و دلرونی ئەوانەش کەماوەیەك دژایەتی، ئاینەکەیان دەکرد، زوربەی هەڵگرانی، چرای روناکی ئیسلام لەجیاتی ئەوەی بەزەییو خۆشەویستی ببەخشین بەو کەسانەی کە لە ناو گوناهدا سەریان لێشێواوەو تامەزرۆی فریاد رەسێکن دەستیان بگرێتو برینەکانیان بۆ سارێژ بکات، قسەیان پێدەڵێینو بەئاکارو گوفتارمان دوریان دەخەینەوە لەچراکە، گوناهکاران بەجۆرێك دەرونیان ئازاریان دەدات، کە متمانەیان بەکەس نەماوە، ئافەرینو خۆشبەختی، بۆ ئەو بانگخوازەی دەتوانێت چەن کەسێك لەزەلکاوی گوناه دەربهێنێتو لەتاریکایی دوور لەخواییەوە بیانهێنێت بۆ روناکی خواناسی، ئەوەش کاتێك دەبێت کەبتوانن مەرجەکانی پەروەردگار لەجیهانی بانگەوازدا رەچاو بەرجەستە بکەین کەبریتن لە:

١- (مەبەستمان لەبانگ کردنی، تەنها بۆخواو بۆ لای خوا بێتو رزگارکردنی خەڵکی بێت لەئاگری دۆزەخ و دوربێت لەهەموو مەبەستە سیاسی و دونیایی و دەروونییەکان.

٢- دانایی: کاتێك بەدانایی کار بکەین رێگە بەخۆمان نادەین خۆمان لەخەڵکی، بەچاکتر بزانین لەوانەیە ئەو کەسە گوناهکارەی ئێمە خۆمانی لیٚ لادەدەین کاتێك تەوبە دەکات زۆر لەئێمە چاکترو دڵسۆزتر بێت بۆ خواو خەڵکی.

٣- ئامۆژگاری جاك: بێگومان ئامۆژگاری کاتێك زۆر چاکە هەرچی دەڵێین لەخۆماندا هەبێتو کەسیش بریندار نەکەین و وتەی شرین و یەندو جیرۆکی، واقعی باس بکەین کە بۆ کۆمەڵگەکەمان بخوات.

٤- دەبێت لەکاتی گفتوگۆدا لەگەڵ هەرکەس یەنا نەبەینە بەر وشەی نەشیاو، هەر چەندە بەرانبەرەکەمان بێباوەریش بێتو قسەی ناشرینیش بکات، چونکە جام چی تیابێت ئەوەی لێدەرژێت.

٥- هەندێك جار ئێمە روی دەرەوەی کەسەکانو شتەکان دەبینن بەلام لەراستیدا خوای پەروەردگار سەیری دڵ و کردەوەی مرۆڤەکان دەکات، هەندێك کەس کردەوەی چاکی، زۆرە خرایەی کەمە، بەلام خرایەکانی، دیارو لەبەرچاوە، وەهەندێك کەس خرایەی زۆرە بەلام شاراوەیەو خەڵکی چاکە کەمەکانی، بەزۆر دەبینو ناوی چاکی، لێدەنێن بەلام هەموو چاکەو خراپەکان لای خوا ئاشکران شتی پەنهان نییە.



# بەرەکەتی خواو فەرموودەی پێغەمبەر هەڵسەنگاندنی بیرو باوەڕ لەبەینی ئێمەو پێشینانماندا

**نوسینی: ملا خدر شێخ ئاودەلان**



ڕۆژێک لە ڕۆژان لەبەردەرکی هەیوانی مزگەوتمان چەند کەسێکی ماقوڵو ڕیش سپی گفتوگۆیان بوو، کە گوێم بۆ گرتن باس باسی بێ بەرەکەتی داهاتی خەرمانو مشتاخیان دەکرد، دەیان وت: دونیا گۆڕاوەو بەرەکەت نەماوە.

مام سۆفی عبدول کە لەهەموان بەتەمەنتر بوو هەڵی دایەوەو وتی: برا ئەوە خەتای خۆمانە دڵو دەروونو ئیمانمان لاواز بووە، وەك خۆی نەماوە دەنا دونیا هەر وەکو خۆیەتی، بەردەوام بوو لە قسەو وتی: با بەسەرهاتێکتان بۆ بگێڕمەوە لەناو ئەو دێیەی ئێمەدا دوو برا هەبوون بەناوی حسن و عبدللە، حسن برا گەورەو عبدللە برا گچکە ماڵیان بەیەکەوە بووە و برایەتیان زۆر خۆش بووە.

بەڵام لەبەر ئەوەی حەسەنی برا گەورە خێزانێکی زۆری بووە و عبدللە تازە ژنی مارە کردووە هێشتا نەی گواستۆتەوە ماڵی خۆیان دەکەنو بە خۆشی لێك جیا دەبنەوە، بەڵام لەوەرزی پایزی رابردوو زەویە گەورەکەی بەر ماڵانیان بەیەکەوە داچاندو وەهەر بەیەکەوە دروێنەو کێشەو گێرەو شەنو کەوی دەکەن وە سوری خەرمانیان حازر دەکەن، وەهەر لەسەر جێخون خەرمانیان دەکەن بە دوو بەش بە کاو دانەوە، وەپاشان حەسەنی برا گەورە بە عبدللە ی برای دەڵێت: کاکە ئاگات لە خەرمان بێت لەبەر ماڵات من دەچم نوێژی نیوەرۆ یان عەسر دەکەم، کە ئەو دەڕوات عبدللە بیر دەکاتەوەو دەڵێت بەخوا حەسەنی برام ماڵو منداڵێکی زۆری هەیە، هەڵدەستێت لە بەشەکەی خۆی چەند تەنەکە گەنمێك دەپێوێت و دەیخاتە سەر کۆ بەشەکەی براکەی بەبێ ئەوەی ئەو پێ بزانێت.

دوایی کە حسن نوێژ دەکات و دەگەڕێتەوەو عبدللە دەچێت نوێژ بکات حەسەنی برا گەورەش بیر دەکاتەوەو دەڵێت: بەخوا براکەی من تازە ژنی مارە کردووەو تازە ماڵی پێك وەناوە بۆ شایی و بوك گواستنەوە پێویستی زۆری هەیە هەڵدەستێت سێ تەنەکە گەنم دەخاتە سەر بەشی کۆ گەنمەکەی عبدللە ی برا گچکە.

پاشان دەست دەکەن بە بارکردنی هەرکەسەو بەشی خۆی دەگوازێتەوە بۆ ماڵی خۆی، بەڵام لەکاتی گواستنەوەدا هەست بە بەرەکەتێکی یەکجار زۆر دەکەن هەرچی دەکەن بۆیان تەواو نابێت.

پاش چەند ڕۆژێك عبدللە بە حەسەنی برای دەڵێت: کاکە بەخوا سوێندت دەدەم دەبێت پێم بڵێیت تۆ چ خێرو چاکەیەکت کردووە، کە خوا ئەو هەموو بەرەکەتەی خستۆتە خەرمانەکەمان؟ ئەویش دەڵێت: بەخوا هیچم نەکردووە بەغەیری زەکات لێدەرکردنی، بەڵام بۆ ئەوەی نەبێت بەدرۆ ئەو ڕۆژەی کە تۆ چووی بۆ نوێژ من لە بەشەکەی خۆم چەند تەنەکەیەکم خستە سەر بەشەکەی تۆ، لەبەر ئەوەی پێویستیت لەمن زیاتر پێیەتی، ئەویش سوێند دەخوا دەڵێت: منیش هەمان کارم کردووە.

بەگێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی مام سۆفی فەرموودەکەی پێغەمبەری خوام بیر کەوتەوە، کە فەرموویەتی: (لا یؤمن احدکم حتی یحب لأخیه ما یحب لنفسه) رواه بخاری رقم (١٣) ومسلم رقم (٤٥).

قال العلماو: (لا یؤمن من الأیمان تام أو لا یکمل إیمان أحدکم حتی یحب لأخیه في الاسلام ما یحب لنفسه) الأربعین النوویة ل (٦٠).

بێگومان هەرکەسێ ئیمانی تام و کاملی هەبێت خوای گەورە هەموو خێرو نیعمەتێکی خۆی پێ ڕەوا دەبینێت.

# راو سەرنجی مامۆستایانی ئاینی دەڤەری چەمچەماڵ بە بۆنەی هاتنەوەی مانگی مەولودەوە




هەموو ساڵێك لەگەڵ هاتنەوەی مانگی (ربیع الاول) مانگی لەدایكبوونی سەروەری مرۆڤایەتی (محمد المصطفی) درودی خوای لەسەر بێت، موسڵمانانی جیهان بەگشتیو كوردستانی خۆشەویست بەتایبەتی بەگڕوتینو خۆشحاڵیەكی زۆرەوە پێشوازی لەم مانگە پڕ خێرە دەكەن كە بەرێزترین دروست كراوی خوا پێغەمبەری ئیسلام تیایدا لەدایك بوە، ئەو پێغەمبەرەی كە بوو بەچراو رێنموی كەری خەڵكی، بۆ وازهێنان لەتاریكی كوفرو بێ دێنیو ستەمو سەر لێشواوی، بەرەو رێگاو رێبازی راستو دروستو سەرفرازی، ئەو پێغەمبەرەی كە سەراپا رەحمەتو میهرەبانی بوو بۆ هەمووجیهانیان بێ جیاوازی، هەر بۆیە ئەم روداوە ئێجگار بەگرنگو شكۆدار هەژمار دەكرێت لای موسلمانان لەسەرانسەری جیهانەوە.

بۆیە دەبینرێت كەسالانە لەگەڵ هاتنەوەی ئەم مانگەدا، بەجۆرەها چەشنو شێوازی جۆراوجۆر موسلمانان گوزارشتو هەستو خۆشحاڵیو خۆشەویستی خۆیان بۆ ئەم یادە دەردەبرن كە تیایدا جۆرەها ئاهەنگو كۆرو شیرینی بەخشانەوەو هەڵواسینی لافیتەو خێركردنو خوێندنەوەی مەولودنامەو چەندان چالاكی تر ئەنجام دەدرێن، كە دیارە بێگومان هەموو ئەمانەش وەك هاوسۆزیو رێزو بەرز راگرتنی ناوو ناوبانگی ئەو پێغەمبەرە خۆشەویستەیە، جا هاوكات لەگەڵ نزیك بوونەوەی ئەم مانگەدا، بەباشمان زانی كە راو سەنجو بۆچونی چەند مامۆستایەكی ئاینی سنوی شاری چەمچەماڵ بخەینە روو كە هەر یەكەو بەپرسیارێك لەسەر چەند بابەتێك گوزارشتی خۆی لەو بارەوە دەردەبرێت:

**ئا : مەلا مژدە شوانی**




مامۆستا مەلا تارق تەوەكەلی

**لەگەڵ هاتنە دونیای پێغەمبەر ( د.خ ) سەروەریو ئازادیو قەدرو قیمەت بۆ مرۆڤەكان گەرایەوە**

مامۆستا مەلا حەسەن زەنانی

**ئەو پێشوازیە گەرمەی خەڵكی ئێمە لە مانگی مەولود دەگەرێتەوە بۆ هەبوونی خۆشەویستیەكی پاكو دڵسۆزانە بۆ پێغەمبەر( د.خ )**



سەرەتا **مامۆستا مەلا تارق تەوەكەلی** سەرۆكی لیژنەی فەتوای لقی چەمچەماڵ و پێش نوێژو وتارخوێنی مزگەوتی صلاح الدین لەشارۆچكەی تەكیە لە وەڵامی ئەو پرسیارەی كە ئاخۆ چۆن دەتوانرێت پێناسەی مانگی مەولود بكرێت؟ گوتی: مانگی مەولود مانگی خۆرهەڵاتن و دەركەوتنی نورێكە كە رۆشنایەكەی سەراپای ئەم زەمینەی گرتەوە مانگی مەولود ئەو مانگەیە كە كۆتا نێردراوی خواو سەردارو مامۆستای مرۆڤایەتی هاتە جیهانەوە، بەهاتنی ئەویش سەروەری و ئازادی بۆ مرۆڤەكان گەرایەوە، قەدرو قیمەتی مرۆڤ رەنگی دایەوە، كۆتایی هات بەستەم و تاریكی كوفر، مانگی مەولود ئەو مانگەیە كە بەهۆیەوە خەڵكی توانیان ئەو رێبازو رێگا راستە بدۆزنەوە كەبەرەو بەختەوەری و سەربڵندی هەردوو دونیایان دەبات، بۆیە دەبێت ئێمەی موسڵمان و هەڵگرانی ئەو پەیام و بەرنامەی پێغەمبەرە نازدارە هەمیشە شانازی بەم مانگەوە بكەین و سالانە بەجوانترین شێوازو گەرم و گوڕیەوە پێشوازی باشی لێبكەین، چونكە بێگومان هەموو قەوم و نەتەوەكانی تری غەیری

**مامۆستا مەلا فاخر خورشید**

## دەبێت بەکرداری راستەقینە بیسەلمێنین کە ئێمە بەدڵ و گیان و ماڵمان لەگەڵ ئەو پێغەمبەرەین

**مامۆستا مەلا سەید نجم الدین پیریادی**

## پێویستە لەمانگی مەولودا دیراسەیەکی وردو جوانی ژیانی ئەو پێغەمبەرە ئازیزە بکەین







ئیسلام یادو موناسەبەی تایبەتی خۆیان هەیەو زۆریش لایان گەورەو پیرۆزە، ئێمەش وەك میللەتی ئیسلام دەبێت لەوان زیاتر سوربین لەسەر بەرز راگرتنی ئەم یادو روداوو مێژوەی ئیسلام و نابێت هیچ کات لەیاد کرێت.

هەروەها **مامۆستا مەلا حەسەن زەنانی** بەرپرسی ناوچەی شۆرش و پێش نوێژی مزگەوتی شێخ حسێن لەناحیەی شۆرشی سەر بەچەمچەماڵ لەوڵامی ئەو پرسیارەی کەپاڵنەری سەرەکی لای هاوڵاتیان بۆ ئەوجۆرە پێشوازیەی ئەمرۆی خەڵکی ئێمە لەمانگی مەولود بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ناوبراو وتی: بێگومان کەدەبینین ساڵانە موسڵمانان بەو شێوە بەرەو پیری ئەم مانگە دەچن و جوانترین پێشوازی لێ دەکەن هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ هەبونی خۆشەویستیەکی پاك و دلسۆزانە بۆ ئەو پێغەمبەرە، واتە پاڵنەری سەرەکی لای خەڵکی ئێمە بۆ ئەو یادە پیرۆزە کە وا دەکات خەڵکی بەشێکی ماڵ وسامانەکەی بۆی خەرج دەکات دەگەرێتەوە بۆ بونی خۆشەویستیەکی پاك و بێگەردانە بۆ ئەو ئازیزەی خوا، کەحەز دەکەن ناوو ناوبانگ و بەهای ئەم پێغەمبەرە هەمیشە هەر بەرزو بڵندو رێزدار بێت، ئەگینا کەسێك ئاوها یەکێکی لا سەنگین و بەنرخ و خوشەویست نەبێت هیچ کات ئامادە نیە بەو شێوە خۆی بۆ ماندو بکات و یادی بکاتەوە وماڵ وسامانەکەی خەرج بکات بۆ ئەو یادە، چونکە زۆر سەرکردەو کەسایەتی تری جیهانی هەن ساڵانە خەڵکانێکی زۆر لەشوێن کەوتوانیان یادیان دەکەنەوەو ئەو پەڕی رێزیان لێ دەنێن بەلاّم کە ئێمە ئامادەنین بۆ ئەوان وابکەین جگە لەپێغەمبەری ئیسلام نەبێت دیارە کەئاشکرایە نیشانەی ئەوەیە کە هەر ئەو لای ئێمەی موسڵمان پێشەواو نوری چاوانەو شایەنی هەموو رێزو ستایشێکە.

پاشان **مامۆستا مەلا سەید نجم الدین پیریادی** ئەندامی لیژنەی فەتوای لقی چەمچەماڵ سەبارەت بەوەی کە گرنگترین ئەو کارو خاڵە سەرەکیانەی کەپێویستە موسڵمانان لەمانگی مەولودا پەیرەوی بکەن، ناوبراو وتی: پێویستە لەسەر موسڵمانان کە لەمانگی مەولودا بەڵێن و پەیمان تازە بکەنەوە بۆ رێبازو رێچکەی ئەو پێغەمبەرە ئازیزەو بریار بدەین کە تاکو دوا هەناسەی ژیانیان هەمیشە قوتابی و داکۆکی کارو پەیڕەو کەری سونەت و بەرنامەکەی بن، چونکە بەڕاستی ئێمە کەیادی مەولود دەکەینەوە دەبێت هێندەش عاشق وتامەزرۆی ئاکارو سونەتەکانی بین تاکو ببینە جێی رەزامەندی ئەو پێغەمبەرە، نەك خوانەخواستە تەنها بەئاهەنگ و شیرینی بەخشانەوە گوزارشت لەخوشەویستیمان بکەین بۆ پێغەمبەر، راستە خۆ دەتوانین بڵێین کە ئەوە بەشێکە لەدەربرینی هەستی سۆزو خۆشەویستی بەلاّم لەهەموان گرنگتر زیندو کردنەوەو پەیرەو کردنی گفتارو خەسڵەتە جوانەکانیەتی، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: {قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ} آلعمران:٣١/ واتە: ئەی پێغەمبەر بەگەلەکەت بڵێ گەر ئێوە بەڕاستی خواتان خۆش دەوێت ئەوە با شوێنی بەرنامەو رێچکەو سونەتی تۆ بکەون ئەو کات هەم خواش ئێوەی خۆش دەوێت و هەم لەگوناهەکانیشتان خۆش دەبێت، هەروەها زۆر پێویستە لەمانگی مەولودا دیراسەیەکی وردو جوانی ژیانی ئەو پێغەمبەرە ئازیزە بکەین تاکو بزانین کە چۆن ژیاوەو چۆن لەپێناوی گەیاندنی پەیامی پێغەمبەرایەتیدا توشی جۆرەها ناسۆرو کێشمەکێش بوە لەگەڵ نەیارانی، چونکە بێگومان لەخوێندنەوەو بەدواداچونی ژیان و سیرەی پێغەمبەردا چاکترین و سودو کەڵکی باش وەردەگیرێت.

لەکۆتایدا **مامۆستا مەلا فاخر خورشید** کارمەندی بەشی کارگێری لق و پێش نوێژو وتارخوێنی مزگەوتی حاجی قادر هەرێنی سەبارەت بەوەی کە ئایە ئێمە دەبێت تەنها لەمانگی مەولودا یادی پێغەمبەر بکەینەوە؟ گوتی: ئێمەی ئیماندارو شوێن کەوتەی ئەو پێغەمبەرە بەرێزە پێویستە هەموو کات و ساتێك یادی ئەو ئازیزەمان بکەینەوە نەك تەنها لەمانگی مەولودا، هەر بۆیە زۆر جاران لەلایەن هەندێك کەسەوە رەخنەی ئەوەمان لێ دەگیرێت کە گوایە ئێمە تەنها لەدوازدە مانگی ساڵدا تەنها یەك مانگ باسی ئەو پێغەمبەرە دەکەین کە دیارە ئەو کەسانە قسەو باسیان لەسەر دروستی یادی مەولود هەیە بەلاّم ئێمە بەوان و هەموخەڵکی تریش دەڵێین کەئێمە هەموو کات لەگەڵ پێغەمبەری ئازیزمانین نەك تەنها مانگی مەولود، دەبێت ئێمە لەهەموو کات و مەوقیفێکدا خەیاڵ و بیرمان لای ئەو پێغەمبەرە بێت، دەبێت بەکرداری راستەقینە بیسەلمێنین کە ئێمە بەدڵ و گیان و ماڵمان لەگەڵ ئەو پێغەمبەرەین، وەئێمە رۆژانە یادی ئەو پێغەمبەرە دەکەین نەك تەنها سالانە کاتێك ئێمە لەهەموو نوێژو بانگ وقامەت و سەلەواتێکدا ناوی ئەو پێغەمبەرە دەهێنین دیارە کەئەمەش خۆی لەخۆیدا چاکترین یاد کردنە بەلاّم دیارە کەساڵانەش بەتایبەت لەمانگی ربیع الاول دا یادێکی تایبەتی و بەرفراوانی بۆ دەکرێت کە تیادا پێغەمبەری خوا درودی خوای لەسەر لەدایك بوە، ئەوەش وەك زەنگ و ئاگادار کردنەوەیەك وایە بۆ وریا کردنەوەی خەڵکی لەسەر مێژوو کاتی لەدایك بوونی، نەك خوانەخواستە ئێمە تەنها ئەو کاتە پێغەمبەرمان لەیاد بێت.

# کورتەیەك لەشارستانی ئیسلامی کۆن سەردەمی پێغەمبەرو خەلیفەکان وەك نمونە

سالار مەلا قادر



ئەگەر سەیری جیهان بکەین دەبینین لەهەر کۆمەلگەو ولاَتێك خاوەن شارستانی خۆیەتیو لەکۆندا خاوەن دابو نەریتیو کەلتوربوونە. بۆ نمونە پێش لەدایك بوونی پێغەمبەرو دروست بوونی دەوڵەتی ئیسلامی هۆز گەلەکان لەوپەری دواکەوتویو نەزانیو نەفامی بوون، هەرچی دابو نەریتی خراپ هەبوو لەناویاندا بلاَوبۆوە، وەکو تاوان بەهەموو جۆرەکانیو درۆ و بوختانو دزیو زیناو کوشتنی ژنو منداڵ کە رەگەزی مێینە هیچ مافی نەبوو، لەگەڵ چەندان هەڵسوکەوتی تر کەزیانی زۆری هەبوو بۆ مرۆڤەکان، بەلاَم لەگەڵ هاتنی ئیسلام و هاتنی محمد( d ) تارادەیەك ئەو کارو کردەوانە نەمان.

لەشارستانی ئیسلام گەلی ئیسلام پابەند بوون بەقورئانی پیرۆزو فەرمودەکانی پێغەمبەر، پێغەمبەر خۆی کەسایەتیەکی دادوەر بوو، کۆمەلاَیەتی بوو، سەرکردەی جەنگ بوو، بەرێوەبەری ولاَت بووە، لەهەموان بەدین تر بووە، وەخۆی والی دیاری دەکرد بۆ ناوچەکانو کۆتای بەکێشەکان دەهێنا، تاوەکو وەفاتی کرد لەسەردەمی ئەو ئەم ولاَتە گەشایەوە، لەگەڵ هاتنی خەلیفەکان دەوڵەتی ئیسلام لەگەشانەوە دابوو، بەربلاَوبوو وە زۆر ناوچەی گرتەوە، خەلیفەکان پرس و راویژیان بەیەك دەکرد، وەبەرپرسانی ولاَت پێکهاتبوون لە(دادوەرو کارگەرو نوسەری دیوان و خاوەن بیت المال) لەگەل ئەوەش ئەو کەسانە زۆر لەخواترس بوونو پێویستی بەوە نەدەکرد کەکەس چاودێری کارەکانیان بکات، ئەرکی خەلیفەش پیش نوێژو سەرکردایەتی سووپاو کۆکردنەوەی باج بوو، دوای کوژانی دواین خەلیفە عەلی کوری ئەبوتالیب گۆرانکاری دروستبوو لەهەڵبژاردنی خەلیفە، بەتایبەت کەدەسەلات گواسترایەوە بۆ ئەمەویەکانو معاویەی کوری ئەبو صوفیان هەڵبژاردن بوو بەپشتاو پشتی، وەهاتنی دەوڵەتی عەباسی ئالۆزی دروستبوو چونکە دەسەلاتێکی زۆرداری گرتە دەست.

وەهەڵبژاردنی وەزیرو بوونی وەزیر لەشارستانی ئیسلام پەیرەو دەکرا کەدەبوو کەسێکی بەئەدەبو راستگۆ و رەوانبێژو خاوەن زانست بێتو ئەمین بیت، پێغەمبەر( d ) خۆی یاسای دادەنا بۆ ئەوەی قازیەکان لەسەری برۆنو چۆنیەتی حوکمکردنیان لەناوخەڵکیدا، بۆ ئەوەی دادپەروەری دروست ببێ لەناو کۆمەڵگەدا، کاتیك ئەبوبەکری سەدیقو عومەری کوری خەتاب بوونە خەلیفە لەسەر رێبازی پیغەمبەرو قورئانی پیرۆز دەرۆیشتن. بەلاَم بوونی کێشە زۆر کەم بوون چونکە خەڵکەکە پابەندبوون. وە دادوەرەکان لەناو مزگەوتەکان دادەنیشتن بۆ بەرێوەبردنی کارەکانی خۆیان، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان ئەگەر دەقێکیان نەدۆزیبایەوە ئەوا دەچوونە لای زاناو پیاوانی ئایینی.

بەلاَم دادوەری پێش ئیسلام بەم شێوەیە نەبوو هەر کەسەو بریارێکی دەداو پشتیان دەبەست بەعورف و عادەتی ئەوکات، یان دەچونە لای جادوگەرەکانو کاهینەکان کەپێیان وابون ئەوان زاناترن، وەلەناو عەرەبەکان چەندان چین هەبوون وەکو چینی(پیاوانی ئاینی، دەسەلاَتدار، چەك هەلگرەکان، نوسەرەکان، پیشەگەرەکان، جوتیارو کشتوکالەکان .

لەپیش ئیسلام ژمارەیەکی زۆر لەکۆیلە هەبوون کەدەکران و دەفرۆشران، بەلاَم لەگەڵ هاتنی ئیسلام ئەو بەندانە هاتنە سەر ئیسلام و ئازاد بوون، وەئیسلام بەندایەتی رەتکردۆتەوە.

لایەنێکی تر لەشارستانی بریتی بووە لەکشتوکاڵ و کاری بازرگانی کەلەعیراق بەدی دەکرا، چونکە عێراق بەهۆی خاکی کشتوکاڵی و ئاوی زۆر بوو، کەپشتی دەبەست بەباران و وەبیری ئاو لەسەردەمی عومەری خەتاب لەناوچەی بەصرە بەدی دەکرا، کشتوکاڵی ئەوکات لەچاندن وەك گەنمو جۆو گندۆرەو هەنارو لەگەڵ خورما کە گرنك بوو. وەزەیتونو خۆخو هەنجیرو کە ئەمانە لەناوچەکانی یەمەنو ئێرانو فەلەستینو میسرو سعودیا لەگەل شام. بازرگانیش لەشارەکانی حیجازو یەمەن بەدی دەکرا، وەپێغەمبەر( d )و خەلیفەراشیدەکان ئەم پیشەیان کردووە، لەسەردەمی عەباسیشدا فراوان بوو، لەعێراق کاری بازرگانی زۆر دەکرا بەهۆی بلاَوبونەوەی خۆشگوزەرانیو ئارامی ناوچەکە بەتایبەت لە بەغداو بەصرە، ئەم بازرگانیەش لەرێگەی وشکانیو ئاوی دەکرا.

وەزەکات پەیرەو دەکرا فەرمانبەرێکی حوکمەت پێی هەڵدەستا بۆ کۆکردنەوەی پارە بەزێرو زیو کشتوکاڵو پارەی بازرگانیو مەرو مالاَت.

لایەنێکی تر بریتی بووە لەئافرەت کە پایەیەکی گەورەی هەبووە لەئیسلامدا، بەلاَم پێش ئیسلام ئافرەت لەهەموومافێکی بێ بەش کرابوو. ئەگەر کچ بووایە دەیان کوشت یان ئەگەر گەورەبانە زیندە بەچاڵیان دەکرد، بەلاَم لەئیسلامدا ئافرەت رێزی هەبووەو وەك پیاو سەیرکراوەو بەژداری کاروباری رۆژانەی کرووە، وەك ئوم عەتیە کەبەژداری جەنگی کردووە لەگەل پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت) خواردنی ئامادەکردووە، ئوم عەمارە بەژداری جەنگی ئوحودی کردووە، حەفصەی کچی عومەر نوسینی زانیوە، وەعاتیکە کچی معاویە گۆرانی زانیوەو ئاوازی داناوە لەسەردەمی ئەمەوی رۆڵی هەبووە. وەعائیشەی کچی تەلعەو سەکین کچی حوسین بەژداری کۆری ئەدەب و شیعریان کردووە، وەخێزانی ژنی خەلیفەی مەهدی بەژداری سیاسەتی کردووە، ئافرەت بەژداری جیهادی کردووە لەسەردەمی عەباسی، وەك کچەکانی عبدللە کوری عەلی کە مامی لەسەردەمی عومەر خاتوون شیفا چاودێری بازرگانی کردووە، لەبواری سیاسەتدا ئەسمای کچی ئەبوو بەکر نهێنی کۆچی پێغەمبەری پاراستوە، ئافرەت بەژداری نوێژی هەینی و نوێژە فەرزەکانی لەدوای پێغەمبەر کردووە، کە پێغەمبەر خۆی داوای کردووە.




# یادی لەدایك بوونی پێغەمبەر( d )
# لەنێوان گۆڕانکاریو مانەوەدا

رقیب رسول روستایی

ئـایینی پـیرۆزی ئیـسلام ئـایینی فکـرو تێگەیـشتنە، ئـایینی بنیـات نـانی عـەقڵی تەندروستە، تـا لـەو ڕێگەیـەوە کۆمەڵگەیـەك بێنێتـە ئـاراوە، کـە ژیـانی ڕۆژانـەمان هەندەسەئاسا بەپـشت بەسـتن بـەو نەخـشە وردەی کە تەواوی زانستەکانی سەردەم گەواهی ڕاستی‌و دروستی بۆ دەدەن بێنێتە بوون، ئەوە ئایینی پـیرۆزی ئیسلامە کـە بـۆ پرسـێکی وەك ژیان جەخت لەسەر وردو درشتی هەڵسوکەوتی ژیـانی ڕۆژانـەی مرۆڤایـەتی دەکاتـەوە بەئەندازەی گرنگی لایەنـەکانی ژیـان خـودای گەورە گرنگی بەو تەوەرە داوەو یاساو ڕێسای تایبەتی بۆ تەرخان کردووە.

بێگومـان لـەدەرەنجامی تێگەیـشتنی مرۆڤەکان گۆڕانکاری لە هەنگاو نانو چۆنیەتی ئاراستەکردنی ژیانو پـەروەردەو پێگەیانـدن دێتـە کایـەوە کەچـی بەداخـەوە ئـاین بـەپێی تێگەیشتنی خەڵکی ڕۆژگاری خۆمان تەنیا خۆی لـە چـەندین بۆنـەو مەراسیم دەبینێتـەوە، یـان لەچوارچێوەی هەنـدێك تێكـست کـە بـاس لەهەڵسوکەوتی ڕۆژانـەی خـەڵکی دەکـەن، کـە لەڕاسـتیدا هەڵـسوکەوتی ڕۆژانـە پێویـستە لەدەرەنجامی ئەو تێگەیشتنانە هـەڵبقوڵێت کە خـەڵکی لێیـەوە دەڕوانێـت، پـێم باشـە یـادی لـەدایك بـوونی پێغەمبـەرمان( d ) بکەینـە دەروازەیـەك، وێزگەیـەك تـاکو لـەو ڕێگەیـەوە بتوانین گوتاری ئاینی خۆمان یان تێگەیشتنو دەربڕینەکانمان فراوانتر بکەین، هـەروەك چۆن لەڕابردوودا کـەمتر بەدواداچوونو لێکۆڵینـەوە کـراوە لەئاست ئـەوەی ئـاخۆ ئـاینی پـیرۆزی ئیسلام ئـاینی (فیکـرە یـان فیقهـە) پـەیامی (ئاراستەکردنە یان پەیامی خەواندنە).

بۆ ئەم مەبەستە دەمانەوێت بـەوردی لەسـەر تەواوی ئەو ڕەهەندانە بوەستینو بیانخەینە ڕوو کـە خـەڵکی ڕۆژگـاری خۆمـان لەئـەنجامی خولانەوەیان بەدەوری ئەو پەرتووکە فقهیانـەدا کـە هـەر بـەو شـێوەیەش خـەڵکیان ئاراسـتەکردووە، نەپرژاونەتـە سـەر فکـرو تێگەیشتن بە بەڵگەی ئـەوەی کـە هـەر کەسـێك لەمەجلیسێکی ئـاینی بـووە یـان لەزانایـەکی ئاینی نزیك بۆتـەوە ڕاستەوخۆ ئـەوەی بـەبیردا دێت کە پرسیارێکی ئاینی ئاراستە بکات، کێ ئـەم دۆخـەی دروسـت کـردووە، بۆچـی تێگەیـشتنەکان ئـەو ئاراسـتەیان وەرگرتـووە لەفکری خەڵکی دیندار بەشی هەرە زۆریـان کـە نوێژ دەخوێنن بـۆ خۆشـیان نـازانن ئـەم نوێـژە بۆچی ئەنجام دەدەن.

مەبەست لەم نوێژکردنەدا چیە پاڵنـەرەکانی هەر ئەوەن کە دەڵێن پێویستە موسڵمانان نوێژ بکەن، ئـێ خۆ نوێژ کردن پێویستە ! ! بـەڵام بۆچـی ئێمـە هەمیـشە بیرمـان دەپـرژێتـە سـەر چـەندیەت کەچـی لەهەمبـەر چـۆنیەتیدا کەمتەرخـەمین حـەج دەکـەین دەچـین و دەگەڕێینەوە نە لەچوونەکەی تێدەگەین نـە لـە هاتنەوەکەشـی لەنوێـژدا دەڵـێین (ئـامین) لەخودی ئامینەکە تێناگەین کە بۆچی دەڵێین ئامین ئاخۆ مەبەست لەم ئامینـەدا ئـەبێت چی بێت.

پـیرە پیاوێـك دوای چاك و چۆنی مەچـەکی منی گرت و:

گوتی: بابەیەکەوە دابنیشین.

گوتم: بۆچی؟

گوتی: تاکەمێك لەیەکتر سودمەند ببین.

گوتم: دانیشتنمان لەگەڵ یەکتردا بێ سوودە نـەمن لـەتۆ سـودمەند دەبمو نـەتۆش لـەمن سودمەند دەبیت.

گوتی: بۆچی لەیەکتر سوودمەند نابین.

گوتم: زانایان ماسیەکیان لـەناو شوشـەیەکی بـچووك دانـا ئـەم ماسـیە بـەدەوری شوشـە بـچوکەکەدا دەسـوڕایەوە دواتـر هـەمان ئـەو ماسـیەیان فڕێدایـە نێـو دەریایـەك ماسـیەکە بەئەندازەی ئەو شوشەیەی کە پێشتر بەدەوری دەسوڕایەوە لەنێو دەریاکەدا هەمان ئاراستەی گرتەبـەر، وای دەزانـی کەهـەر لـەنێو شوشـەکەدایە واتـە ئەگـەر کەسـێك مەشـق و ڕاهێنان لەسەر شتێك بکات لەسـەر هـەمان ئـەو شـتە ڕادێـتو پـەروەردە دەبێـت کـوردەواری دەڵێت:

((خوی شیری هەتا پیری))

گوتم: تەمەنت چەند ساڵە.

گوتی: نزیکەی شێست حەفتا ساڵم.

گـوتم: شیـست حـەفتا ساڵە نوێـژ دەکـەیت دەزانی بۆچی نوێژ دەکەیت؟

گوتی: بۆ نازانم.

گوتم: دەی بۆچی نوێژدەکەی؟

گـوتی: بـاب و بـاپیران ئاوایـان فێرکـردووم نوێژبکەم.

گـوتم: کەواتـە تـەنیا فێـرە نوێـژکردنیان کردووی نەك فێری فێرکردنی تێگەیشتن لەنوێژ کردنـدا ئێمـە فێـری حـەج کـراوین کـە بـچینە حەجی ماڵی خوا بەڵام فێری ئەوە نەکراوین کە لەحـەج تێبگـەین، فێـری ڕۆژوو گـرتن کـراوین فێـری نوێـژکردنو مـەولوود خوێندنـەوەو یادکردنەوە کراوین بـەڵام فێـری تێگەیشتن لـە ڕۆژوو و نوێژو مەولوودو یادکردنەوە نـەکراوین، کەچی لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا لە پێش فێرە نوێـژکردن فێـرە تێگەیـشتن لەنوێژکردن دێت. بەهـەمان شـێوە پـێش لـەدایك بـوون فێـرە تێگەیشتن لەلەدایك بوون دێت.

خـەڵکی بەشـی هـەرە زۆریـان نوێـژ دەکـەن بەڵام تەنیا لە ئەنجامدانی نوێژ تێدەگەن نەك لە تێگەیشتن لەئەنجامدانی نوێژکردندا ئاخۆ بۆچی ئـەم نوێـژە دەکـەن لـەیادی ئەنجامـدانی کردنـەوەی یـادی لـەدایك بـوونی سـەروەرمان تێدەگەین بـەڵام لـە تێگەیـشتن لـەیادی لـەدایك بـوونی پێغەمبـەر( d ) کۆڵـەوارینو تێناگـەین ئەمە ئەو گرفتەیە کە بەشی زۆری موسڵمانان ئـاینی پـیرۆزی ئیـسلامیان بـەڕووە فیقهیەکـە وەرگرتووە نـەك ڕووە فیکریەکە کە لـە ئاینـدا بەشـی سـەرەکی‌و ئەساسـی پێچەوانەکەیەتی، بیرو بـاوەڕ بـەردی بناغـەی بنیاتنـانی ژیانێکی

تەندروستانەیە تا لەو ڕێگەیەوە ژیانی کۆمەڵایەتی سیاسی ئابووری کلتووری و فەرهەنگی لەسەری دابڕێژین لە بۆنە ئاینیەکانی خۆماندا بەردەوام هەندێك دەستەواژە و دەربڕین دووبارە دەکرێنەوە ئەگەر کەسێك بەتەواوی ئاشنایەتی لەگەڵ ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا نەبێت وا هەست دەکات کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام گوزارشتە لە هەندێك بۆنەو مەراسیمی رووت و بێ ڕوح و ناوەرۆك کە بەکەڵکی ئەوە نایەت ژیانی کۆمەڵایەتی فەرهەنگی و کلتووری و سیاسی و تەندروستی و ئابووری لەسەر بنیات بندرێت.

ئەمەش ئەم فکرە تەقلیدیە فقهیە دابڕاوەیە کە ئاوا بەرنامەی ژیان و حوکم و سیاسەت ودەستەڵات و تەواوی ئەو جومگانەی کە پەیوەندیان بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی یەوە هەیە، لەخەڵکیان دوور خستونەتەوە لەهەندێك لەیادی لەدایك بوون و بۆنەی هاوشێوەی دیکەم بەشدار کردووە ئەوەم لەگوتارەکاندا بەدی نەکردووە کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئاینی ژیان و ئاراستەکردن و جوڵاندن و پەروەردە و پێگەیاندن بێت بەڵکو بە پێچەوانەوە گوتارەکان بەشی زۆریان ئەوەیان لێ بەدی دەکرێت کە ئاینی خەواندن و بیرخستنەوەی ئەو یادانەیە کە زۆر و کەم پەیوەندیان بە ژیانی خەڵکی ئەم ڕۆژگارەوە نیە.

بۆ نموونە لەیادی لەدایك بوونی پێغەمبەرماندا( d ) دەگوترێت پێغەمبەر( d ) ئاوا و ئاوا بووە هەر لەنینۆکی پێیەوە بگرە تاکو پرچ و موو و قەد و بەژن و باڵا و سەرجەم ئەو شتانەی کە پەیوەندیان بە شەخسی پێغەمبەرەوە هەیە دوابەدوای ئەوە شیرینی دابەش دەکرێت و هەرکەسەو ئەو شوێنە جێدەهێڵێت و دەگەڕێتەوە.

من بۆ خۆم شەرمەزاری ئەو گەنج و لاو و مێرد منداڵانە بووم و دەبم کە چەندین ساڵە بەو شێوەیە بەدەست بەتاڵی بەڕێدەکرێنەوە ، لەم یاد و بۆنە ئاینیانەدا تەنانەت گەنجەکانمان بگرە پیرەکانیشی لەگەڵدابێت هەرکاتێ باسی یادی لەدایك بوونیان بۆ کرا هەر ئەوەیان دێتەوە یاد کە هەندێك سرودی ئاینی تێدا دەخوێندرێنەوە.

لە کردنەوە (إفتتاح)ی چەندین مزگەوت بەشداریم کردووە ئەو کەسانەی مزگەوت دروست دەکەن هەموویان ناڵێم بەڵام بەشی زۆریان یان بەلاسایی کردنەوە مزگەوتیان دروست کردووە یانیش دەوڵەمەندن و دەیانەوێت ناوبانگی خۆیان پێدەربخەن دوای کۆتایی هێنان بەدروستکردنی مزگەوت ناوی خۆیان لێ هەڵدەواسن خوداش بۆ دروستکردنی مزگەوت مەرجی سەرەکی و بنەڕەتی کە داناوە بۆ دروستکردنی مزگەوت تەنیاو تەنیا بریتیە لە ئیمان و باوەڕێکی تۆکمەو تەواو بە ڕۆژی دوایی نەك بەپێچەوانەوە لە پاڵ دروستکردنی مزگەوت مەرامێکی دیکەی هەبێت و لەسەر حیسابی ئاین و مزگەوت خۆی دەربخات و نمایش بکات خودای گەورە دەفەرمووێت:

﴿ i j k l m n o p
q r s t u v w x
y { | } ~ مِنَ ٱلْمُهْتَدِينَ ﴾ (التوبە: ١٨).

یادکردنەوەی یادی لەدایك بوونی سەروەرمان پێویستە بۆ ئەوە بێت تا لەبەرنامەکەی تێبگەین، تێگەیشتن لە بەرنامەی پێغەمبەر( d ) لەپێش تێگەیشتن دێت لە کەسایەتی پێغەمبەر( d ) دیارە پێغەمبەریشمان ( d ) وەك هەر مرۆڤێکی ئاساییە کە خودا وەحی بۆ ڕەوانەکردووە و ئەرکی پێغەمبەرایەتی پێسپاردووە، پێویستە بیر لەبەرنامەو پەیرەو و پرۆگرامەکەی نەکەینەوە، ئەم وتەیە چەندە جوانە کە ئیمامی ئەبو بکر (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرمووێت

(( هەرکەسێك پێغەمبەر ( d ) دەپەرستێت ئەوا پێغەمبەر( d ) مردووە و گەڕاوەتەوە لای خودای گەورە، بەڵام هەرکەسێك خودا بپەرستێت {فَـإِنَّ اللهَ حـيٌّ لايَمـوت} خودا هەمیشە زیندووە و مردنی بەسەردا نایەت)).




ئێستا ئێمە لەم دۆخەدا چەندە پێویستیمان بەم وتەیە هەیە کە ئامانجی سەرکیمان لە مەولود خوێندنەوە زیندووکردنەوەی پەیامی خودا بێت نەك بە تەنها شەخسی پێغەمبەرمان بکەینە هەدەف و ئامانج بێگومان هەرکەسێك لەبەرنامەی پێغەمبەر تێگەیشت لەکەسایەتی پێغەمبەریش تێدەگات نەك بە پێچەوانەوە ئەگەر لە ڕێگەی ناسینی شەخسی پێغەمبەرمانەوە لە بەرنامەکەی تێگەیشتباین دەبوایە هەرگیز نزیکی گوناه و تاوان نەبینەوە دەبینین بەشی زۆری خەڵکی گوێبیستی مەولوود بوونە و تەنانەت هەندێك مەوولود نامە لەبەر دەخوێندرێتەوە کەچی لەژیانی ڕۆژانەو تێگەیشتن لەمەڕ حوکم و دەسەڵات و سیاسەت کردندا.

﴿P Q R S T U﴾ الغاشیە: ٧

برسیەتی و تینوەتی کەس ناشکێنێت.

جارێکی دیکە دێمەوە سەر (إفتتاح) کردنی مزگەوتەکان دەبینم خەڵکێکی بەتەمەن لێی دەگێڕدرێتەوە و هەندێك وتار پێشکەش دەکرێن و دەگوترێت پێغەمبەرمان یەکەم کار کە ئەنجامیدا لە مەدینە بریتی بوو لە دروستکردنی ماڵی خوا (مزگەوت) کۆتایی پێدەهێندرێت و ناگوترێت ئەم مزگەوتە بۆ خەڵکی مەدینە بنیاتنرا تاکو بیکەن بە پەرلەمانێك و یاساکانی خودای گەورە کە قورئانی پیرۆزە تێیدا گفتوگۆ بکرێت و ژیانی گەنج و لاوەکانمان لەسەری دابڕێژرێت.

گرنگی مزگەوت لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە قورئانی تێدا دیراسە بکرێت، نەك تەنیا بۆ نوێژ تێدا کردن و خوتبەو تەعزیە بێت، لە ڕاستیدا بەشدار بوانیش کە بۆ مەراسیمی کردنەوەی مزگەوت هاتوون نازانن بۆچی هاتوون، کەسەرنجیان دەدەین هەموویان بەتەمەندا کەوتوون، باشە ئەم ماڵە کە ماڵی خودایە بۆ منداڵ و گەنج و لاوەکان کراوەتەوە تاکو لەو ڕێگەیەوە مومارەسەی تێگەیشتنی یاساکانی خودا بکەن کەلە قورئانی پیرۆزدا خۆی دەنوێنێت کەچی دەبینین لەم بۆنانەدا هەموو تەمەنێك بەدی دەکرێت تەنیا (بەکەمی نەبێت) تەمەنی منداڵان و گەنج و لاوەکان نەبێت ئەمە و چەندین گرفتی دیکەی ناو کۆمەڵگەکەمان کە لە دەرەنجامی نەپرژانە سەر فکری ئیسلامی ڕەسەن ئەم تێگەیشتنانە کەڵەکەبوون، دەخوازین یادکردنەوەی یادی لەدایك بوونی سەروەرمان ( d ) لەمەودوا دەستپێك بێت بۆ ئاشنایەتی بوونمان بە فکرو تێگەیشتنی ڕەسەنی ئیسلام و موسڵمانان بۆ ئەوەی بەیداخی ڕاستی و دروستی لەناخی هەریەکێکماندا باشترو چاکتر شەکاوە بێت نەك لەڕێگەی بۆنەو یاد و سەرجەم ئەو مەراسیمانەی کەبەناوی ئاین دەگێڕ درێن کە لە جەوهەری ئاین دوورن و پەیوەندیان پێیەوە نیە بەهۆیەوە لەبیری خۆماندا هێڵە سەرەکیەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەسڕینەوە و بەیادکردنەوە لە یادیان دەکەین.

# محمد گوڵاوە

**پەرۆش بیتوێنی**

١

ئه مه چییه له سەر زەوی بڵاوە
بۆنی میسك وعەنبەرە یانە گوڵاوە
تەنیا باوەڕدار ئەم بۆنەی بۆدێ
دەیگرێتەوە لە شار بێ یان لە دێ
چونکە ئەم بۆنە تایبەت و خۆشە
تۆی باوەڕداریش هەردەم بینۆشە
تا مێشك ودڵتان هەردەم بەدووربێ
لەکاری نارێك لەسەر خێر سووربێ
دڵێ کە پاك بێ ئە بێ بێباك بێ
هەردەم شەیدای خوای بەرزوتاك بێ
گوێڕایەڵی خۆی بۆخواو پێغەمبەر
لە ژین ڕەنگبدا هەردەم سەران سەر
تائێرە و ئەو دیو هەر دەم ڕێك بخا
ئاڵقەو زنجیری زۆرجوان تێك بخا
ڕانیە سەرا مانگی ی ٢٠١٢

٢

وا یادی پێغەمبەر ئەکرێتەوە
کوردە دینی خۆت بیر نەچێتەوە
پێغەمبەرەکەت یاد ئەکرێتەوە
پێغەمبەرێکە و ڕووناکی ڕۆژە
کەوا لایدا تاری ئەم شەوە
دەست لەناو دەست بین برا بین
هەموو ئاڵای پێغەمبەر هەڵگرین پێکەوە
لە سەر ڕێبازی ( محمد ) بڕۆین
هەموو بەرزیەك هە ر ڕێگای ئەوە
کوردیش بەشێکە لە نەتەوەکان
بۆیە قەت لای خوا بیر نەچۆتەوە
ئەوە گشت زمانێك هەیبوو پێغەمبەر
کوردیش لەم بەشە جێگای بۆتەوە
بۆیە دەبینین ئەوە گشت ساڵێ یادی ڕابەری هەر کردۆتەوە

٣

نەك لەبەر تۆ
وەك بولبول دە چریکێنم
خەمی دڵم دەرەوێنم
نەك لەبەر گوڵ کە هەڵوەری
بەڵکو هی من بۆ پێغەمبەری
ئەمن تینوم ، نەك لەبەر ئاو
دەمەوێ ئەمرۆ بکەم سڵاو
وەك دیاریەك لە بۆ گیانی موحەممەد
هەر لە ئێستا تا کو ئەبەد
وەك پەروانە دێم و دەچم
نە لەبەر ڕو ناهی بچم
من عەشقم بە تاکە چرایە
کەوا نێرراوی خودایە
وەك و ماسی نازیم بێ ئاو
نابمە مرۆی بێ چاو و ڕاو
نەك لەبەر ئەوەی خۆ ئاوا دەرخەم
بەڵکو شوێن کەوتوی پێغەمبەرەکەم



# کۆچ و عەشق

عبدالرحمن تاوگۆزی

عەشقیٚ لە کۆچا، کۆچیٚ لە عەشقا
پڕ لە گیانبەختی، لە جوانی مەشقا
عەشقیٚ هەوێن بوو بۆ کۆچی نوورین
تا حزوری خوا هەر پێی ڕوو سوورین
کۆچیٚ کە شکۆی بەخشی بەم ژینە
ئەو عەشقە ئێستاش داینەمۆی دینە
عەشقیٚ جاریدا بە دەنگی زوڵاڵ
کە دڵ دەبەخشین بۆ ژینی حەڵاڵ
ماشەڵا کۆچی سپی پێغەمبەر
نەخشیٚ بوو مرۆڤ شادی کردەبەر
( بیلال )ی هێنا لە هاوشانیدا
لە دەنگ وڕەنگ و لە نیشانیدا
کردییە پێناسی پاکی وجوانی
بانگی ئەم دینەی ئەدا تا توانی
یاران نەك بە سەر، بە دڵ و چاویش
بە ووزەی گەرمی ناخ وهەناویش
بوون بە پەروانەی شەمی ڕێی سەروەر
مرۆڤایەتی تاجی کردە سەر
چەن دڵ خۆی بەخشی لە خوێنا شەلاڵ
ژنی ڕزگار کرد لە نێو جەهلی تاڵ

تاڵییەك پڕ بوو لە چێژی گەوران
عەشق سوڕاندی پێچەکەی دەوران
بەو کۆچ و عەشقە مێژوو خۆی گۆڕی
لە خۆی کردەوە پەڕەی سەرشۆڕی
ئیسلام دادگەری ویەکسانی هێنا
لە کێڵگەی ژیانا ئازادی هێنا
ڕاستگۆیی کردە گەردانەی گەردن
تا دروست بژین ئەوانەی مەردن
پەیامی دۆستی و وانەی چاکسازی
هەوێنی ماف وحەق بوو ڕێبازی
ئازادی بەخشی بە گشت ڕێگایەك
ئاوەدانی بوو هەموو جێگایەك
متمانەی بەخشی، هاوشانی دارشت
جیاوازی خێڵی لە دەمارا کوشت
نەفامی هۆزی وا ئاشت کردەوە
عەشق گرەوی بۆ خۆی بردەوە
عەشقی ڕوو سووری لە حزووری خودا
ئاوێزان بە خوێن لە ڕێی بروادا
کۆچیٚ بە مجۆرە عەشقی کردبیٚ
بۆ ( سپی مردن ) مەشقی کردبیٚ
جێی شانازییە نوری یەکبوونە
دژی گەندەڵی ومرۆڤ تیاچوونە
سەرلەنوێ ژیانی وا دارشتەوە
هێزی نەفامی ( سەد ) جار کوشتەوە
دین بەم نەخشەوە عەشقی نەخشینە
هەر عەشقە هێزی گیان بەخشینە.



# (( ڕێوی لەکونی خۆی هەڵگەڕایەوە گەردەبیێ ))

ماموٚستا عبدالحمید بیلولەی

پەندی پێشینان سەرچاوەی خێرە
هەمووی بەدوڕو گەوهەر بژمێرە
هەرچی وتراوە پەندی پێشینان
ئامۆژگاریەو پێویستی ژیان
پەندێکی هەیە پێشینانی کورد
ئامۆژگاریە لەبۆ گەورەو ورد
ئەڵێ کە ڕێوی لەکونی هەڵگەڕێ
ئاخر داماو نەخۆش گەڕ دەبیێ
کەڕێوی لەکونی هەڵگەڕایەوە
ئیتر نەگبەتی ڕیێ بەلایەوە
چون جێگای ئەسڵی ڕێوی هەرکونە
نەك سەر دەرخت و دەریای بێ بنە
ئەگەر بیەویێ جێگا بگۆڕیێ
ملی ورد ئەبێو هەرزوو ئەدۆڕیێ
ئەم پەندە ئەڵیێ جێی خۆت بناسە
ناسینی جێگا زۆر زۆر ئەساسە
ئەم پەندە تەنیا بۆڕێوی نیە
بڵێیێن بەمنو بەتۆوە چیە
بەناوڕێویە بەعام ئینسانە
کونەکە جێگاو مەنسەب گشتمانە
هەر کەسیێ لەجێو مەنسەبی خۆیا
ئەبیێ بمێنیێ دەرنەچیێ تیایا
گشت کەس بەرپرسە لە پێشەوجێگای
هەم لەلای خەڵقو هەم لەلای خوای
ئەم پەندە بەسەر مەلا ئەشکێتۆ
لای خەڵق بیڕێزو تەریق ئەبێتۆ
ئەگەر لەئەسڵو جێگەی خۆی لادا
زەرەر لەناویو حورمەتی ئەدا
مەقام و جێگەی مێزەردیارە
جێگاو جێگری حەزرەت موختارە

جبەکەی بەری علیمو ویقارە
مینبەری بەرزەو هەمیشە دیارە
ئەگەر لەئەسڵوجێگای خۆی دەرچیێ
گەڕ بوون بەسەریا چاك تەتبیق ئەبیێ
مەلا خزمەتکار قورئانەو سوننەت
خزمەت بەدینەو خزمەت بەمیللەت
مەلا پێشەوا نەك پاش کەوتەیە
پاش کەوت بۆدەسکەوت زۆر عەییی هەیە
دەسکەوتەکەی خۆی کە خوا پێداوە
بۆ دونیاو بۆدین گەلیێ تەواوە
سوپاس بۆخوا خاوەن مێزەرین
بۆ سوڵحو واعیز سەری مینبەرین
واجب لەسەرمان ئامۆژگاریە
لای خوا بەنرخەو گەلیێ دیاریە
خەڵقی بانگ بکەین بیان کەین بەیەك
نەك هەڵیان بنێین دەس بەرن بۆچەك
دوربین لەتۆوی تەفرەقەو جیایی
پشتکەین لەنانی سوفرەی ڕیایی
عەیبە بامەلای هیچ لایەن نەبین
چونکی لەڕێگای ئەسڵی دەر ئەچین
کاتیێ کە بوینە پیاوی لایەنیێ
بەحەقو ناحەق هەر ئەڵێن بەڵێیێ
مەلا لایەنی دینی خوایە
بەرزتر لایەنی هەمو دونیایە
کە ئێمەی مەلا لەجێمان دەرچین
هەروەك ڕێویەکە بەخواگەڕئەبین
دە( بیێلولەی ) تۆبۆخۆت بگری
نەك وەك ڕێویەکە تۆش گەڕی بگری
گەڕیەکە دیارە ئەبینریێ بەچاو
لای خەلقو لای خوا پیێی ئەبین بەدناو

# چەمکی (بدعة) لەدیدی زانایاندا

## خوێندنەوەیەکی بابەتیانەو نوێ بۆ ڕەهەندەکانی و جیاوازی زانایانی کۆن و نوێ لە بارەی هەندێك لە بابەتە داهێنراوەکان

د. حسن محمد پشدەری*

### بەشی دووەم

### پیناسەی "بدعه" لە زمانی عەرەبی وزاراوەی زانایانی شەرعدا:

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على سيدنا محمد وآله أجمعين.

زانایانی زمانی عەرەبی دەفەرموون: "بدعة" چاوگ "مصدر"ی "بَدَعَ"یە، بەمانای: داهێنانی شتێکە کە لە پێشا وێنەی نەبوو بێت، وە ناوی "البديع" کەیەکیکە لەناوە جوانەکانی خوای پەروەردگار لەو چاوگەوە وەرگیراوە، خوای تەعالا دەفەرموی: ﴿بَدِيعُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ﴾ (البقرة:١١٧) ئیمامی قرطبي دەفەرموێ (أي: منشئها وموجدها ومبدعها ومخترعها على غير حد ولا مثال. وكل من أنشأ ما لم يسبق إليه قيل له مبدع.. وسميت البدعة بدعة لأن قائلها ابتدعها من غير فعل أو مقال إمام)[()] مانای: داهێنەری ئاسمانەکانو زەوی بەبی ئەوەی پێشتر وێنەیان هەبووبێت، وەهەر کەسێك شتێك بهینێتە دی بەبێ ئەوەی پێشتر وێنەی هەبووبیت پێی دەوترێت "مُبدِع" وەبۆیەش داهێنراو پێی وتراوە "بِدعه" لەبەر ئەوەی ئەو کەسەی وتویەتی دایهێناوە بەبێ ئەوەی پێشتر وێنەی هەبوو بێت، یان پێشەوایەك لەپیشەوایەکانی شەرع فەرموبێتیان.

خاوەنی کتێبی لسان العرب دەفەرموێ ئیمامی کیسائی فەرمویەتی: "بدعة" لەزمانەوانیدا لەشتی چاك و خراپ بەکار دێت، – مانای هەر پێنج حوکمە شەرعیەکە (واجب، سنة، حرام، مكروه، مباح) دەیگرێتەوە – بەلاّم بەزۆری وشەی "مُبقدِع" بۆ زەم بەکار هاتووە[(٢)].

### داهێنراو "بدعة" لە زاراوەی زانایانی شەرعدا:

تێروانینی زانایان جیاوازە لەبارەی دیاری کردنی مانای "بدعه" لەشەرعدا، وە هەریەك بە شێوەیەك پێناسەیان کردووە هەندیکیان بەفراوانی پێناسەیان کردووەو هەندیکیان مانایەکەیان تەسك کردۆتەوە بەپێی جیاوازیان لەسەر حوکەکانیو دابەش بوونی یان دابەش نەبوونی، بە یارمەتی خودا هەندێك لەو پێناسانە نەقل دەکەینو پاشان شیکاریان بۆ دەکەین:

١– ئیمامی شافیعی ڕەحمەتی خودای لێ بێت (کەیەکێکە لەزانایانی سەلەف لەسالّی "٢٠٤ك" کۆچی دوایی کردووە) دەفەرموێ: "البدعة بدعتان: محمودة ومذمومة، فما وافق السنة فهو محمود، وما خالفها فهو مذموم" مانای: داهێنراو دوو داهێنراوە سوپاسکراو و زەمکراو، ئەوەی لەگەلّ سوننەتی پێغەمبەر ( d ) ڕێك بکەوی ئەوە چاك و سوپاس کراوەو ئەوەی پێچەوانەی سوننەتی پێغەمبەر ( d ) بێت ئەوە زەم کراوە.

وەهەروەها دەفەرموێ: "المحدثات ضربان: ما أحدث يخالف كتابا أو سنة أو أثرا أو إجماعا فهذه بدعة الضلال. وما أحدث من الخير لا يخالف شيئا من ذلك فهذه محدثة غير مذمومة"[(٣)]. مانای: داهێنراوەکان دوو جۆرن ئەوەی داهێنرابێتو پێچەوانەی قورئان یان سوننەتی پێغەمبەر یان فەرمودەی هاوەلاّنو تابیعیەکان یان کۆ دەنگی موجتەهیدەکان بێت ئەوە بیدعەی گومراییە، وەئەوەی داهێنرا بێت و پێچەوانەی هیچ یەك لەوانە نەبێت ئەوە داهێنراوێکی زەم کراو نییە.

٢– ئیمام ئەبو سولەیمانی خەطابی رەحمەتی خودای لێ بێت (کە یەکیکە لەگەورە زانیانی حەدیث لەسالّی ٣٨٨ ك کۆچی دوایی کردووە) دەفەرموێ: ".. وهي كل شيء أحدث على غير أصل من أصول الدين، وعلى غير عياره وقياسه، وما كان منها مبنيًا على قواعد الأصول ومردودًا إليها فليس ببدعة ولاضلاله، والله أعلم"[(٤)]، مانای داهێنراو هەموو شتێکە پەیدا کرابێت بەبێ ئەوەی لەسەر هیچ بنەمایەك لەبنەماکانی ئاین بێتو بەپێچەوانەی تەرازوەکان و قیاسەکانی بێت، بەلاّم ئەوەی داهێنرابێت لەسەربنەمایەکانیو بگەڕێنرێتەوە بۆیان ئەوە داهێنراو "بدعه" نیە. خوداش زاناترە.

### بیدعە ئەوەیە کە پێچەوانەی قورئانو سوننەتی پێغەمبەرو کۆدەنگی پێشینانی ئۆممەت بێت

٣– ئیبن حەزم رەحمەتی خودای لێ بێت (کە یەکێکە لەگەورە زانایانی مەزهەبی زاهیری لەسالّی ٤٥٦ك کۆچی دوایی کردووە) دەفەرموێ "والبدعة كل ما قيل أو فعل مما ليس له أصل فيما نسب إليه ( d )، وهو في الدين كل ما لم يأت في القرآن ولا عن رسول الله ( d ) إلا أن منها ما يؤجر عليه صاحبه ويعذر بما قصد إليه من الخير، ومنها ما يؤجر عليه صاحبه ويكون حسنا وهو ما كان أصله الإباحة"[(٥)] مانای داهێنراو هەموو گوفتارو کردارێکە کە هیچ بنەمایەکی نەبێ لەو شتانەی



کە لەپێغەمبەرەوە( d ) گێڕدراونەتەوە، وە لەئایندا بریتیە لەهەرشتێك لەقورئاندا نەهاتبیت و لەپێغەمبەرەوە ( d ) نەگێڕدراونەتەوە، بەلاّم هەندێك لەوان جاری وا هەیە خاوەنەکەی پاداشت وەردەگرێت لەسەریو عوزری بۆ دەهێنرێتەوە لەبەر ئەوەی مەبەستی چاکەبووە، وەهەندێکێشیان هەیە خاوەنەکەی پاداشتی لەسەر وەردەگرێت وەدەبێتە کردەوەیەکی باش ئەوەش ئەو جۆرە کردوانەن کە لەبنەرتدا دروست "مباح" بوون.

٤– عیززی کوری عبد السلام (ڕەحمەتی خودای لێ بێ کە زانایەکی گەورەی شافیعی مەزهەبەو کوردەو لەسالی ٦٦٠ك کۆچی دوایی کردووە) دەفەرموێ: "البدعة فعل ما لم يعهد في عصر رسول الله( d ). وهي منقسمة إلى: بدعة واجبة، وبدعة محرمة، وبدعة مندوبة، وبدعة مكروهة، وبدعة مباحة"[(٦)] مانای بیدعە بریتیە لە کردنی شتێك کە لەسەردمی پێغەمبەر( d ) نەکرا بێت وە ئەوەش دابەش دەبێت بۆ پێنج بەش: بیدعەی واجب، بیدعەی مەندوب، بیدعەی حەرام، بیدعەی مەکروە، بیدعەی موباح.

٥– ئیمامی نەوەوی ڕەحمەتی خودای لێ بێت (کە یەکیکە لە گەورە زانایني مەزهەبی ئیمامی شافیعی لە سالی ٦٧٦ك وەفاتی کردووە) دەفەرموێ: "البِدعة بكسر الباء في الشرع هي إحداث ما لم يكن في عهد رسول الله( d )، وهي منقسمة إلى: حسنة وقبيحة"[(٧)]. مانای: بیدعە لەشەرعدا پەیدا کردنی شتێکە کەلەسەردەمی پیغەمبەر دا ( d ) نەبوبێت و ئەویش دابەش دەکرێت بۆ چاكو خراپ.

٦– شێخی ئیبن تەیمیە (ڕەحمەتی خودای لێ بێت کەلە سالی ٧٢٨ك وەفاتی کردووە) دەفەرموێ: "والبدعة: ما خالفت الكتاب والسنة أو إجماع سلف الأمة من الاعتقادات والعبادات".[(٨)] مانای: بیدعە ئەوەیە کە



پێچەوانەی قورئانو سوننەتی پێغەمبەرو کۆدەنگی پیشینانی ئوممەت بێت، لە مەسەلە عەقیدەییەکان یا لە عیبادەتەکان.

٧- ئیمامی شاطبي (ڕەحمەتی خودای لی بێت کەیەکێکە لە زانایانی مەزهەبی ئیمامی مالك لەسالّی ٧٩٠ك وەفاتی کردووە) دەفەرموێ: "..فالبدعة إذن عبارة عن: طريقة في الدين مخترعة، تضاهي الشرعية، يقصد بالسلوك عليها المبالغة في التعبد لله سبحانه". مانای:.. کەواتە بیدعە بریتیە لەڕێگەیەکی داهێنراو لە دین وەك شەریعەت دەچێت، مەبەست بەپەیڕەو کردنی زیادەڕەوی کردنە لەپەرستشی خودای پاکو بێ گەرد.

٨- ئیبن ڕەجەب ڕەحمەتی خودای لێ بێت (کە یەکێکە لەگەورە زانایانی مەزهەبی حەنبەلی لەسالّی ٧٩٥ك کۆچی دوایی کردووە) دەفەرموێ: "والمراد بالبدعة: ما أحدث مما لا أصل له في الشريعة يدل عليه، فأما ما كان له أصل من الشرع يدل عليه، فليس ببدعة شرعا، وإن كان بدعة لغة"[٩]. مانای: مەبەست بە "بدعة" ئەوەیە کە داهێنرابێت لەو شتانە بێت کە هیچ بنەمایەکیان نەبێت لەشەریعەتدا کە دەلالەت بکات لەسەری، بەڵام ئەو داهێنراوەی کە بنەمایەکی هەبێت لەشەریعەتدا کە دەلالەت بکات لەسەری ئەوە لەشەرعدا پێی ناوتریت "بدعة"، ئەگەرچی لەزماندا پێی دەوترێت بدعە.

٩- ئیبن حەجەری عەسقەلانی (ڕەحمەتی خودای لێ بێت کەیەکێکە لە زانایانی حەدیثو لەسەر مەزهەبی ئیمامی شافعییە لەسالّی ٨٥٢ك وەفاتی کردووە) دەفەرموی: "..وتطلق في الشرع في مقابل السنة فتكون مذمومة، والتحقيق أنها إن كانت مما تندرج تحت مستحسن في الشرع فهي حسنة، وإن كانت مما تندرج تحت مستقبح في الشرع فهي مستقبحة، وإلا فهي من قسم المباح، وقد تنقسم إلى الأحكام الخمسة"[١٠]. مانای لە شەرعدا بیدعە لەبەرامبەر سوننەت دەووترێ، کەواتە زەم کراو دەبێت، بەڵام لەکاتی وردە کاری کردندا بۆمان دەردەکەوی کە ئەگەر دەکەوتە ژێر یاسای شتێکی بەباش دانراو لەشەرعدا ئەوە شتێکی باشە، بەڵام ئەگەر دەکەتە ژێر یاسای شتیکی بخراپ دانراو ئەوە خراپە، ئەگەر وەك هیچیان نەبوو ئەوە لە بەشی دروست "مباح" هەژمار دەکریت وەهەندیك جار دابەش دەکریت بۆ هەر پینج حوکمەکەی شەرع -واجب، سوننەت، حەرام، مکروە، مباح-.

١٠- ئیمامی صەنعانی ڕەحمەتی خودای لێبێت (کە لەسالّی ١١٨٢ك کۆچی دوایی کردووە) لەشەرحی ئەو فەرمودەیەی کە دەفەرموێ (كل بدعة ضلالة) دەفەرموێ: "البدعة لغة: ما عمل على غير مثال سابق، والمراد بها هنا ما عمل من دون أن يسبق له شرعية من كتاب ولا سنة"[١١]. بیدعە لەلوغەتدا ئەو شتەیە کە ئەنجام درابیت بێ ئەوەی پیشتر شیوەی هەبووبێت وەمەبەست پێی لەم فەرمودەیەدا ئەوەیە کە کرابێت بێ ئەوەی پیشتر ڕێگەی پێ درابێ لە قورئان و فەرمودە.

وەچەندین پێناسەی تریش کە زانایان ڕەحمەتی خودایان لێبێت ئیجتیهادیان تێدا کردووە بۆ ئەوەی بە هۆیەوە بەوردی بتوانن حوکمی ئەو شتانەی تازە بابەتن و داهێنراون دیاری بکەن.

جا ئەگەر بەوردی بڕوانینە پێناسەی زانایان بۆمان دەر دەکەوێ کە هۆی جیاوازیان لەپێناسەکانیاندا جیاوازیانە لەدابڕینی ناوی بیدعەی گومرایی "بدعة ضلالة"یە بەسەر هەموو ئەو داهێنراوانەی کە بەرگی دینیان هەیەو بەناوی دینەوە ئەنجام دەدرێنو مەبەستیش پێیان نزیك بونەوەیە لەڕەزامەندی خودا، وە لەدوای پیغەمبەر( d ) داهێنراون لەسەردەمی پیشینان -سلف- نەبوون بەڵام دەگەڕێنەوە سەر دەقە شەرعیەکان یا بنەماکانی ئاینو مەبەستە پیرۆزەکان، ئایا ئەمە پیی دەوتری بیدعەی گومرایی یان نا؟.

زانایان بوون بە سێ بەشەوە لەم بابەتەداو سێ ڕایان هەیە:

ڕای یەکەم: پێیان وایە کە داهێنراو "بدعە" -با لە ئاینیشدابێت- هەندێکی مەدح دەکرێو هەندێکی زەم دەکرێت، وە پێوەریش بۆ جیاکردنەوەیان بەئیجتیهادو لێکولینەوەو ورد بوونەوە دەبێت لە دەقە شەرعیەکانو ئاماژەکانیان لەبارەی ئەو داهێنراوانەوە، یان بە گەڕاندنەوەیان دەبێت بۆ هاوشێوەکانیان لە قورئانو فەرمودەکان بە ڕێگەی قیاس، ئەگەر بەشتە ڕێگە پێدراوەکان چو ئەوە ڕێگەی پێدراوەو ئەگەر بەشتە حەرامەکان چوو ئەوە حەرامە، کەواتە لەسەر ئەم ڕایە هەرپێنج حوکمەکەی شەریعەت (واجب، سوننەت، حەرام، مەکروە، موباح) بەسەر بیدعەدا جیبەجی دەبێتو دابەش دەکرێت بۆیان.

ئەمە ڕای زۆرێکە لەزانایانی سەلەفو خەلەف جا هەندێکیان بەڕاشکاوی دانیان بەم دابەشبونەدا ناوە وەك ئیمام عیززی کوری عبد السلامو ئیمامی نەوەوی وەهەندێکیشیان لەپیناسەکانیان بۆ بیدعە وەردەگیرێ.

دەکرێ ناو لەهەڵگرانی ئەم ڕایە بنێین فراوانکەرانی مانای داهێنراو "بدعة".

ڕای دووهەم: پێیان وایە هەر داهێنراوێك بەرگی ئاینی وەرگرت و لەسەردەمی پێغەمبەر( d ) وهاوەڵانیو پێشینان - السلف- ئەنجام نەدرابوو ئەوە داهێنراوێکی زەم کراوەو "بدعة"یەکی گومراییە، دەکرێ بەئەمانیش بڵێین تەسك کەرەوەکانی مانای داهینراو "بدعة" چونکە لای ئەوان داهێنراو "بدعة" یەك حوکمی هەیە کە ئەویش حەرامە.

ئەم رایەش رای هەندێکە لەزانایان وەك ئیبن الجوزیو ئیمامی صەنعانیو شەوکانیو هەندیك لە زانایانی ئەم سەردەمە لەسعودیە.

ڕای سیهەم: هەندێکی تر هەن لە زانایان پێیان وایە کە داهێنراو لەدیندا ئەگەر دەقەکان بە کورتی دەلالەتیان لەسەر دەکرد یان دەچووە ژێر بنەمایەك لەبنەمیەکانی شەرعەوە، یان دەکرا بلکێنرێ بە هاوشێوەکانی لەو شتانەی دەقیان لەسەر هەیە بەقیاس ئەوە پێی ناوترێت بیدعە، بەڵکو ئەو حوکمە شرعیە وەردەگریت کە گونجاوە لەگەڵی جاری وا هەیە واجبە جاری واهەیە حەرامە.. هتد، خاوەنەکانی ئەم رایە پێیان وایە وشەی "بدعة" چەمکێکی شەرعیەو دابەش ناکرێت وە ئەو داهێنراوانە دەگرێتەوە کە پێچەوانی دەقەکانو ناچنە ژێر هیچ یەك لەبنەماو یاسا شەرعیەکان. ئیمامی شاطبيو هەندێکی دیکە لەزانایان لەسەر ئەم رایەن.

ئەگەر بەوردی شیکاری بۆ هەرسێ ڕایەکە بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە ڕای یەکەمو دووهەم بەتەواوی دژ بەیەکنو جیاوازی لەنێوانیاندا جیاوازییەکی راستەقینەیە بەڵام جیاوازی لەنێوان ڕای یەکەمو سێهەم راستەقینە نیەو تەنها جیاوازیە لەناو لێنانو دەربڕیندا، چونکە ڕای یەکەم پێی وایە کە ئەو شتەی دادەهێنرێتو دەگەڕێتەوە سەر بنەما شەرعیەکان پێی دەوتریت "بدعةٌ حسنة" داهێنراوێکی باش جا یان واجبە یان سوننەت یان موباح بەڵام رای دووهەم پیی وایە ئەو داهینراوە ئەگەر گەرایەوە سەر بنەما شەرعیەکانو حوکم کرا بە دروست بوونی پیی ناوتریت "بدعة" بەڵکو بە گوێرەی حوکمەکەی ناوی لی دەنرێت "واجب یان سوننەت یان موباح" وە پێی نالّین "بدعة" چونکە "بدعة" لای ئەوان چەمکێکی شەرعیەو ئەو داهێنراوانە دەگرێتەوە کە پێچەوانەی دەقو بنەما شەرعیەکان بێت بۆیە ئەوان پێیان وایە کە داهێنراوەکان کەدڵنیابوین لەوەی کەناچێتە ژێر

دەق و بنەما شەرعیەکان گومرایین و حەرامە ئەنجام بدرێن.

## ئەو زانایانەی کە بە فراوانی مانای داهێنراو "بدعة"یان لێك داوەتەوەو هەندێك لە فەرمایشتەکانیان

لێرەدا ناوی هەندێك لەو زانایانەی کە ڕای یەکەم و سێهەمیان هەڵبژاردبوو تۆمار دەکەین لەگەڵ هەندێك لە فەرمایشتەکانیان، کەوەکوو وتمان ئەوان ڕایان وابوو پێویستە بەوردی حوکم لەسەرداهێنراوەکان بدرێت وەپێیان وابوو پێویستە ئیجتیهادو لێکۆڵینەوە بکرێت لە دەقە شەرعیەکان و ئاماژەکانیان لەبارەی ئەو داهێنراوانەوەو ئەگەر کرا بگەڕێندرێنەوە بۆ دەقەکان یا ئاماژەکانیان یان بۆ هاوشێوەکانیان بەڕێگەی قیاس، ئەو کات ناودەنرێت بیدعەی چاك وە بیدعەی خراپ ئەگەر نەدەتوانرا (کە ئەمە هەڵبژاردەی ڕای یەکەم بوو)، یان ناوی لێنانێی بیدعەی چاك و خراپ، بەڵکو ئەگەر گەڕاپەوە سەر بنەمایەکان و دەقەکان یان قیاس کرایە سەر هاوشیوەکانی خۆی ئەوە پێی ناڵێین بیدعە، بەڵکو یەکێك لە حوکمە شەرعیەکانی بەسەردا دادەبڕدرێت، وەئەگەرنا ئەوە بیدعەیەو گومراییە.

بەم پێیەش وەك وتمان جیاوازیەکەی نێوان ئەو دوو ڕایە راستەقینە نیەو تەنها لەسەر ناوە نەك ناوەڕۆك، بۆیە وەك یەك ڕا لە بابەتەکەمان مامەڵەی لەگەڵ دەکەین لەبەر ئەوەی زۆرێك لەزانایانیش لەناو فەرمایشتەکانیاندا جیاوازیەکی ئەوتۆیان لەنێواندا دروست نەکردووەو بە تیکەڵی باسیان لێوە کردووە.

بەناوبانگترینی ئەو زانایانەش ئەمانەن (ئیمامی شافیعی، ئیمام ئەبو سولەیمانی خەطابی، ئیبن حەزم، ئیبن عبد البر، ئیبن عبد البر، عیززی کوری عبد السلام، ئیمامی نەوەوی، شیخی ئیبن تەیمیە، ئەبو شامەی مەقدیسی، ئیمامی شاطبي، ئیبن ڕەجەبی حەنبەلی، ئیبن حەجەری عەسقەلانی...[١٢] چەندین زانای دیکەش لەهەمو مەزهەبەکان کە باس کردنیان ئەستەمە لەم کاتەدا)

## هەندێك لە فەرمایشتەکانیان

لەکاتی پێناسەکردنی بیدعە فەرمایشتی زۆرێك لەو زانایانەمان نەقل کرد کە ئاماژەیان تێدا بوو بەدابەش کردنی داهێنراوەکان وە لێرە هەندێك لە دەق فەرمایشتی ئەوانی دیکە باس دەکەین:

* ئیمام عیززی کوری عبد السلام دەفەرموێ "بیدعە دابەش دەکرێت بۆ لای بیدعەی واجب و بیدعەی حەرام و بیدعەی سوننەت و بیدعەی مەکروە بیدعەی موباح، وە ڕێگە بۆ زانینی ئەم جۆرانەش ئەوەیە کە بەراورد بکرێت لەگەل لەگەڵ یاساکانی شەریعەت ئەگەر کەوتە ناو یاساکانی واجب ئەوە واجبە وەئەگەر کەوتە ناو یاساکانی حەرام ئەوە حەرامە ئەگەر کەوتە ناو یاساکانی سوننەت ئەوە سوننەتە، وەئەگەر کەوتە ناو یاساکانی مەکروە ئەوە مەکروهە، وەئەگەر کەوتە ناو یاساکانی موباح ئەوە موباحە".

وە بۆ بیدعەی واجب نمونەهەیە وەك: ١- خەریك بوون بە زانستی "نحو" کە بەهۆیەوە لەفەرمایشتی خوداو پێغەمبەر( d ) تێدەگەین، ئەوەش واجبە چونکە پاراستنی شەریعەت واجبە وە پاراستنی شەریعەتیش ناکرێت بەبێ ئەو تێگەیشتنەو بەبێ زانستی "نحو"، وە هەرشتێکی واجب بەبێ ئەو تەواو نەبێت ئەویش واجبە. ٢- ئەزبەرکردن و پاراستنی زانیاری ومانای وشە نادیارەکانی قورئان و سوننەت لە زماندا بیدعەی واجبە. ٣- نوسینەوەی زانستی أصول الفقه ٤- قسە کردن لەبارەی زانستی "الجرح والتعديل" ئەو زانستیەی کەتایبەتە بەناساندنی ئەو کەسانەی فەرمودەکانی پیغەمبەر( d ) یان گێڕاوەتەوە بۆ جیا کردنەوەی فەرمودە صەحیحەکان لەوانی دیکە، وەیاساکانی شەریعەت ئەوەیان سەلماندووە کە پاراستنی شەریعەت فەرزی کیفایەیەو پاراستنی شەریعەتیش نابێ بەبێ ئەوەی باسمان کرد.

وە بیدعەی حەرامیش چەند نمونەیەکی هەیە لەوانە: "مەزهەبی قەدەریەکان" وە هەروەها مەزهەبی جەبریەکان و وە مەزهەبی مورجیئەو مەزهەبی موجەسیمە-(کە کۆمەڵێك گرپی جیاوازن لەگەڵ ئەهلی سوننەت و جەماعەت، ڕاو بۆچونی شزو خراپیان هەیە) وەوەلاّم دانەوەی ئەوانیش لەبیدعەی واجبە.

وە بیدعەی سوننەتیش چەندین نمونەی هەیە لەوانە پەیدا کردنی خویندنگاو قوتابخانەکان و دروست کردنی پردو هەموو چاکەیەك کە لەسەردەمی یەکەمدا نەزانرابێت ئەنجام درابێت، وە هەروەها وەك نوێژی تەراویح و قسە کردن لەبابەتە وردەکانی تەصەوف و گفتوگۆ کردن لەزانستی کەلام (عقیدە) ئەگەر مەبەست پێی ڕەزامەندی پەروەردگاربێت.

ئیمامی نەوەوی لە شەرحی فەرمودەی (كل بدعة ضلالة) دەفەرموێ: "ئەمە دەقێکی گشتییەو تایبەت کراوە" عام مخصوص" مەبەستیش پێی زۆربەی داهێنراوەکانە نەك هەموویان بیدعەی مەکروهیش چەندین نمونەی هەیە لەوانە زەخرەفە کردن لەناو مزگەوتەکان و جوان کردن و ڕازاندنەوەی قورئان، بەڵام لارکردنەوەی دەنگ لەکاتی خوێندنی قورئان بەشێوەیەك کە وشەکانی بگۆڕێت لەسەر شێوەی زمانی عەرەبی ڕاستر وایە ئەوە لە بیدعەی حەرام بێت.

وەبیدعەی موباحیش چەندین نمونەی هەیە لەوانە: چاك و چۆنی کردن لەدوای نوێژی بەیانی ونوێژی عەسر، وەفراوانی کردن لە لە خواردن خواردنەوەو جلوبەرگ و ماڵ و حاڵ..

جا جاری وا هەیە جیاوازی پەیدا دە بێت لەنێوان زانایاندا لەهەندێك لەوانەی کە باسمان کرد هەندێکیان بە بیدعەی مەکروهی دادەنێن وەهەندێك بەسوننەتی ئەنجامدراو لەسەردەمی پێغەمبەردا( d ) یا بە سوننەتی دوای ئەو هەژماری دەکەن، ئەوەش وەك وتنی "أعوذ بالله من الشيطان الرجيم"و "بسم الله الرحمن الرحيم" لەنوێژدا[١٣].

* ئیمامی قەڕافی ڕەحمەتی خودای لێبێت دەفەرموێ ".. بزانە هاوەڵانمان -مەبەستی هاوەڵانی مەزهەبی ئیمامی مالیکە- بەپێی ئەوەی کە بینیومە کۆدەنگن لەسەر ڕەتکردنەوەی بیدعەکان، دانی بەوەدا ناوە ئیمام ئەبو زەیدو غەیری ئەو، بەڵام لەڕاستیدا ئەم بابەتە درێژەی هەیە، وە بیدعە پێنج جۆری هەیە: جۆرێکیان واجبە ئەویش ئەوەیە کە یاساکانی واجب و بەڵگەکانی لەشەرعدا دەیگرێتەوە، وەك نوسینەوەی قورئان و شەریعەت کە لەفەوتانیان بترسین..، جۆری دووهەم: حەرامە ئەویش ئەوەیە کەیاساکانی حەرام و بەڵگەکانی لەشەرعدا دەیگرێتەوە، وەك بەخشینی پلەو پایە شەرعیەکان بە کسانێك کە گونجاونین بۆ ئەو پلەو پایانە



بەڕێگەی میرات گرتن وە بەڵگەش بو ئەوە تەنها ئەوە بێت کە ئەو پلەو پایەیە هی باوکی بووە لەکاتێکدا کورەکە شایەن نەبێت بەو پلەو پایەیە.. جۆری سێهەم لە بیدعەکان: بیدعەی سوننەتە ئەویش ئەوەیە کەیاساکانی سوننەتو بەڵگەکانی لەشەرعدا دەیگرێتەوە، وەك نویژی تەراویح....، جۆری چوارەم لە بیدعەکان: بیدعە مەکروهەکانن ئەویش ئەوانەن کە یاساکانی مەکروهەو بەڵگەکانی لەشەرعدا دەیانگرێتەوە، وەك تایبەت کردنی ڕۆژە گەورەکان یا هەر ڕۆژێك بێت بە جۆرێك لەعیبادەتەکان، جوری پێنجەم بیدعە موباحەکانن ئەویش ئەوەیە کە یاساکانی موباح و بەڵگەکانی لەشەرعدا دەیانگرێتەوە، وەك بەکرهێنانی بیژنگ بۆ بێژانەوەی ئارد، کەواتە کەشتێك داهێنرا بەراورد دەکریت لەگەل یاساکانی شەریعەت وبەڵگەکانی هریەك لەیاساکانو بەڵگەکان بیگرێتەوە بەوەوە دەلکێنریت لە واجبو حەرام.. هتد. بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی کورت تەماشای بکەین بەبێ ئەو درێژەدانەی کە باسمان کرد وە بەو چاوەوە کە ئەمە داهێنراوێکە کەراهەتی هەیە، چونکە چاکەو خێر هەموی لەشوێن کەوتنی پیغەمبەردایە خراپەش هەموی لەو داهێنراوانەدایە کەپێچەوانەی شەرعن[١٤].

* ئەبو شامەی مەقدیسی ڕەحمەتی خودای لێ بێت دەفەرموێت ".. پاشان بزانە داهێنراوەکان دابەش دەبن بۆ داهێنراوی سوننەتو داهێنراوی خراپ و ناشیرین"-. پاشان ئەو دوو فەرمودەیەی ئیمامی شافیعی نەقڵ دەکات کە لەسەرەتاوە باسمان کرد لەکاتی پیناسە کردنی بیدعە-، پاشان دەفەرموێ: "کەواتە داهێنراوی چاك کۆدەنگی هەیە لەسەر دروستی ئەنجام دانیو سوننەت بونیو ئومێد بوون بە پاداشت بۆ کەسێك کە بەنیازیکی چاك ئەنجامی بدات، داهێنراوی باشیش "البدعة الحسنة" هەموو داهێنراوێکە کە گونجاوبێت لەگەل یاساکانی شەریعەت وپێچەوانەی هیچیان نەبیت، وەلە ئەنجامدانیدا هیچ قەدەغەکراوێکی شەرعی ڕونەدات" پاشان دەفەرموێت "ومن أحسن ما ابتدع في زماننا من هذا القبيل ما كان يفعل بمدينة أربل جبرها الله تعالى كل عام في اليوم الموافق ليوم مولد النبي( d ) من الصدقات والمعروف واظهار الزينة والسرور فإن ذلك مع ما فيه من الإحسان إلى الفقراء مشعر بمحبة النبي( d ) وتعظيمه وجلالته في قلب فاعله وشكرا لله تعالى على ما من به من إيجاد رسوله الذي أرسله رحمة للعالمين"[١٥] مانای: لە چاکترینی ئەو شتانەی داهێنراون لەزەمانی ئێمەدا لەو بابەتە ئەوەیە کەهەموو ساڵێك لەشاری أربل "هەولێر" ئەنجام دەدرێت لەو ڕۆژەی کە هاوکاتە لەگەڵ ڕۆژی لە دایك بوونی پێغەمبەر( d ) لە خێرو خێراتو چاکە -خوا بۆیان پڕ بکاتەوە-و ڕازاندنەوەی شارو ئاوەدانیەکانو دەربڕینی خۆشی، ئەمە لەگەڵ ئەوەی چاکە کردنی تێدایە لەگەڵ هەژاران ئاماژەشە بە خۆشەویستیو بەگەورە دانانو ڕێزی پێغەمبەر( d ) لەدڵو دەرونی ئەو کەسەدا کە ئەم کارە ئەنجام دەدات، وە سوپاس گوزاریشە بۆ خودای گەورە لەسەر منەت بارکردنمان بەناردنی ئەو پیغەمبەرەی کە میهرەبانیە بۆ جیهانیان.

* ئیمامی نەوەوی لەشەرحی ئەو فەرمودەیەدا کە پێغەمبەر( d ) دەفەرموێ (كل بدعة ضلالة) دەفەرموێ: "ئەمە دەقێکی گشتییەو تایبەت کراوە "عام مخصوص" مەبەستیش پێی زۆربەی داهێنراوەکانە نەك هەموویان.. زانایان دەفەرموون داهێنراوکان پێنج جۆریان هەیە (واجبو سوننەتو حەرامو مەکروەو موباح).... وە پاڵپشتی ئەوە دەکات کە وتمان فەرمودەکەی ئیمامی عومەر ڕەزای خودای لێ بێت لەبارەی ئەنجام دانی تەراویح بەکومەڵ لەدوای یەك ئیمام (نعمت البدعة هذه) مانای: ئەمە باشترین داهێنراوە، وە بەکارهێنانی وشەی "کل" کە مانای هەموو دەگەیەنێت ڕێگر نیە لەوەی کە فەرمودەکە دەقێکی گشتییەو تایبەت کراوە (عام مخصوص) بەڵکو لەگەڵ ئەوەش تایبەت بوون هەر دەیگرێتەوە، وەهاو شێوەی ئەم دەقە لەقورئاندا هاتووەو تایبەت "تخصيص"یش کراوە، ئەوەتا خوای گەورە لەبارەی ئەو بایەی کە بۆ گەلی عادی نارد دەفەرموێ (تدمر كل شيء) لەگەل ئەوەش تەنها ماڵ وحاڵی ئەوانی لەناوبرد نەك هەموو شتەکان.

کەواتە داهێنراو بە مانا زمانەوانیەکەی مەدح کردنو زەم کردن هەڵدەگرێت، وەهەر پێنج حوکمە شەرعیەکەی (واجب، مندوب، حرام، مكروه، مباح) بەسەردا دەچەسپێت.

وە لەسەر ئەو فەرمودەیەی کە جابری کوری عبدالله ریوایەتی دەکات کە پێغەمبەر ( d ) دەفەرموی: (من سن في الإسلام سنة حسنة فله أجرها وأجر من عمل بها بعده من غير أن ينقص من أجورهم شيء، ومن سن في الإسلام سنة سيئة كان عليه وزرها ووزر من عمل بها من بعده من غير أن ينقص من أوزارهم شيء)[١٦] دەفەرموی: "لەم فەرمودەیەدا هاندان هەیە لەسەر دەست پێشخەری کردن لە ئیشی باشو داهێنانی کرداری باشو ترساندن هەیە لەداهێنانی کاری خراپو بەتاڵ... وە ئەم فەرمودەیە فەرمودەکەی پێشوو (كل محدثة بدعة وكل بدعة ضلالة) تایبەت "تخصيص" دەکات وەمانایەکە بەم شێوەیەی لێدێت "هەموو داهێنراوە بەتاڵ و خراپەکان گومراین".

## پوختەی ڕای فراوان کەرانی مانای داهێنراو " بدعة"

لەو فەرمایشتانەی کە نەقڵمان کرد لەو زانایانە بۆمان دەردەکەوێت کەئەوان پێیان وایە بیدعە دوو مانای هەیە: یەکەمیان: مانایەك لە زمانەوانیدا کە هەموو داهێنراوێك دەگرێتەوە کە پێشتر وێنای نەبووبێت، دوهەم: مانایەك لە شەرعدا: کەهەموو ئەوداهێنراوانە دەگرێتەوە کە پێچەوانەی دەق یان بنەماو یاسا شەرعیەکانن، نەك هەرشتێك لە سەردەمی پێغەمبەر( d ) یا لە سەردەمی سەلەفدا نەکرابێت.

کەواتە داهێنراو بە مانا زمانەوانیەکەی مدح کردنو زەم کردن هەڵدەگرێت، وەهەر پێنج حوکمە شەرعیەکە هەڵدەگریت (واجب، مندوب، حرام، مكروه، مباح) پێوەریش بۆ ئەوە گەڕانە لەناو دەقەکانداو گەڕاندنەوەی داهێنراوەکانە بۆیان یان بۆ لای وێچووەکانیان لەو شتانەی دەقی قورئانو فەرمودەیان لە سەر هەیە.

بەلاَم بە مانا شەرعیەکەی زەم کراوە ڕێ لەئەنجامدانی گیراوە چونکە پێچەوانەی دەقو بنەماو یاسا شەرعیەکانە .

جا ئەگەر داهێنراوێك هەبوو پێچەوانەی دەق یان بنەماو یاسا شەرعیەکان نەبوو، یا دەکەوتە ژێر یاساکانی واجب یان سوننەت یا موباح ئەوە بیدعەیە لەزمانەوانیداو واجبە یان سوننەتە یان موباحە لەشەرعدا. هەروەها حەرامو مەکروهیش بەم شیوەیە.

بەلاَم ئەگەر بمانەوێ ناویکی لێ بنیین لەو واجبو سوننەت موباحانە یا لەوحەرامو مەکروهانەی جودا بکەینەوە کە دەقی شەرعیان لەسەرە ئەوە زانایانی ئەم ڕایە دوو ڕیگەیان هەیە:

یەکەم: ناوی لی بنێین داهێنراوی باش "بدعة حسنة" یان داهێنراوی خراپ" بدعە سيئە" بە ئاماژە بۆ مانا زمانەوانیەکەی لە بەر ئەوەی داهێنراوەو پێشتر نەبووە وە ئاماژەش بۆ ماناو حوکمە شەرعیەکەی کە پێچەوانەی دەقو بنەماکانی شەریعەت نیە یان پێچەوانەیە.

دووهەم: ڕاستەوخۆ ناوی لێ بنێین واجب یا سوننەت یا موباح ئەگەر دەکەوتە ژێر یاساکانیانەوەو پیچەوانەی یاساو بنەما گشتیەکانی شەریعەت نەبوو، وەناوی لی بنێین "بدعة" داهێنراو ئەگەر پێچەوانەی یاسا و بنەما گشتیەکانی شەریعەت بوو.

وە پێشتریش زانیمان جیاوازی لەنێوان ئەم دوو ڕایە جیاوازیەکی راستەقینەیی نیە، چونکە تەنها لەناو لێنان جیاوازیان هەیە لەحوکمەکەدا یەك ران.

* پێش نوێژو وتارخوێن لەمزگەوتی نەوزاد شاکر قازی/ دارەتوو- سەرۆك بەشی ئامادەکردنی پێش نوێژو وتارخوێن لە پەیمانگای زانستە ئیسلامیەکان/ هەولێر

# دیدێکی هاوچەرخانە
# بۆ نوێگەری لە گوتاری ئیسلامی

مەهدی عەبدوڵلا



**(١)**

هەر بیرمەندێك ئەورۆ تەماشای باری گەلانی ئیسلامی بكات دەبینێ لە تەواوی زەمینەی جیاجیاكانی ژیاندا لەحاڵێكی پڕ ئەزمە تەمەنی بەڕێدەكات، ئەو ئەزمەیە وای كردووە كە دابڕێ لە مێژوو واقیعو داهاتوو.. هەتا توانای ناسینی هۆكارەكانی شكستی خۆشی پێ دەرك ناكرێت..

ئەورۆ گەلانی ئیسلامی (بزاڤی ئیسلامی) زۆر بەجدی لەسەریان پێویستە هەوڵو تێكۆشانو شەونخونی بكەن بۆ گەرانەوەیانو زیندوو بونەوەو گەشەكردنیانو هاتنەوە ناو ژیانو بارودۆخو چیتر غایب نەبوون لەساحەكانی ژیان..

یەكێك لەپێداویستیەكان بۆ هەستانەوەو زیندووبونەوە (نوێگەریە لە گوتاری دینی).

كلیلی ئەو نوێگەریەش: هۆشیاریو تێگەیشتنێكی وردو سەلیمو عەقڵانیو دوور لەدەمارگیری..

بۆیە زۆر زەرورین بۆ كەسانێكو زانایانێك كە بتوانن ئیسلاحی فكری ئیسلامی بكەن، سەرلەبەر سیاغەی فكری ئیسلامی بكەنەوەو تەبەننی پرۆژەیەكی فكری نوێگەری كۆكەرەوەی (قەدیمی سوود بەخشو نوێی گونجاوو چاك، كراوە، نەرمو نیان لەهۆكارەكان، نوێگەر لەفەهمی اصولیات، ئاسانكار لە فروعیات.

**فكری ئیسلامی:** تاكە فكرێكە توانای لەرادە بەدەری هەیە بۆ زیندوو بوونەوەو نوێگەری، توانای خۆ نوێكردنەوەو دەرەوەی خۆشی هەیە، وەلێ ئەورۆ لەدەرەنجامی بێهێزی گەلانی ئیسلامیو هەلگرانی ئەو پەیامە لەلایەك توشی پەنگ خواردوو نەزۆكو وشكی هاتووە، لەلایەكی تریش بەهۆی شوێن كەوتەیی فكری تر...

بۆچی پێویستمان بە نوێگەری گوتاری ئیسلامیە:

لەگرنگترین هۆكارەكان:

١. گەشەكردنی ژیانو پێشكەوتنەكانی دنیا.

٢. پێداویستیەكانی مرۆڤو گۆرانی بارودۆخەكان.

٣. چارەسەری كێشەكانو دۆزینەوەی رێگا چارەكانو بەدیل.

٤. بێهێزیو لاوازی گشتی ئوممەتی ئیسلامی.

٥. رووبەروو بونەوەی مەترسیەكانی جیهانگیری.

**(٢)**

گوتاری ئیسلامی، گوتارێكی دابەش بوو: بەورد بوونەوە لەواقیعی گوتاری ئیسلامی دەردەكەوێت كە خیتابی ئیسلامی بەسەر سێ جۆر خیتابدا دابەش بووە:

**١. گوتاری وەسەتی ( میانگیری )**

گوتارێكە بە بەڵگەی عەقڵیو جوان كاری بانگخوازی بەپەیرەو كردنەوە پەیرەو دەكات، وەسطیەتو فكری وسطی لە پرسەكانی: بیرو باوەر، لەداواكاریە مادی و روحیەكانی مرۆڤ، لەپرسەكانی ئەخلاق، لە عیبادات، خێزان، لەسیستەمی ئابوری و اقتصاد، لە سیستەمی سیاسی و ئیداری.. ئەو گوتارە، ئەو فكرەیە لەئێستادا كە تمپیلی مەدرەسەی بوژانەوەو تجدیدی ئیسلامی دەكات، نوێگەری لە دام و دەزگاكانی جیهانی اسلامی.

قورئان (كتاب المسطور) و كەون (كتاب المنظور) دوو سەرچاوەی سەرەكی زانست و مەعریفەی ئەو تەیارەن.

واتا، بەبەڵگەی نەقڵیو عەقڵی، واتا، بیركردنەوەو وردبونەوە لە هەردوو سەرچاوەی (روحی و ماددی) مەسدەرێكە بۆ گوتاری ئیسلامیان و كاری فكریان، واتا، فلسەفەو علومی تجربی هاوكات لەگەڵ پەیامی غەیبی و وەحی خودا، سەرچاوەیەكی گرینگە بۆ بەهێزكردنی ئیمان و عەقڵانیەتێكی ئیماندار.. بۆ جیهان بینی و كاری دنیایی و دوارۆژیی..

—كە دەكرێ لەو رۆدا وەك گرینگترین گوتاری ئیسلامی بناسرێت و بكرێتە ستراتیجێك بۆ كاری ئیسلامی و جیهانبینی و فكری ئیسلامی—.

**٢- الخطاب النصوصي الحرفي:**

ئەو گوتارە تەنها دەرەوەو روو كەشی نصو دەقەكە دەبینێ و دوور لەبیركردنەوەی عەقڵی و روانین لە مقاصیدی دەقەكان.. ئەو تەیارە زیاتر بایەخ بە رەنگ و شێوەو شكل و شتە دەرەكیەكان دەدەن، ناروانن جەوهەرو ناوەرۆكی ئاین.. شتە ئەساسی و گرینگەكان، ئەوەش كە لەدەرەنجامی فەهمێكی سەطحیو حەرفیە بۆ دەقەكانی دین.. ئەو فكرەیەو خیتابەش:خۆی دەبینێتەوە لە شوێنكەوتە مەزهەبیە موتەعەسیبەكان.. كە بڕوایان بە گۆرانی ژینگەو ژیان و پێشكەوتنی دنیاو عەقڵەكانو گوتاری عەقڵی و فكری اسلامی و نوێگەری تیایدا نیە..

**٣- الخطاب الصوفي:**

ئەوە گوتارەش، كە تەنها كاردەكات لە

جانبی ئەخلاقیو روحی، چاکسازی دڵەکان، جیهادی نفس، هەرچەند جێگەی بایەخێکی بەرچاوە، بەڵام نەش پرژاوەتە سەر تەواوی بابەتەکانی ئاین و لایەنەکانی دیکەی ئیسلام،، ئەو تەنها کار لەسەر اخلاق و عیبادەت دەکاتو کەمتر رووی لە بەشەکانی تری ئیسلام کردووە.. لەگەڵ ئەوەشدا سودد گەلێکی گرینگی هەیە: لەوانە..

١. بینین و وردەکاریەکی روحی درەوشاوەیان هەیە لە فهمی ئایات و ئەحادیسو تەفسیریان، کە ئەوە لە گوتاری تردا نابینریٚ، هەروەك لەدەرەنجامی موجاهەدەی زۆری نفس، لە گوتارو وتەکانیان روحیەت و هەستێکی نەرم و پڕ لەئەدەب و یەك پارچە لە روحانیەت هەستدەکریٚ و دیمەنێکی سەرنج راکێش بە گیان و هەستەکان دەبەخشن..

وە کۆکەرەوەی ئەقوالی صالحانو ئەهلی تەقواو و زاهید و بصیرەن..

٢. لەکاتێکدا زاناو شەرع زانەکان خەریکی ئەحکامی زاهر بوون، متکلمون سەرقاڵی جانبیی عەقڵیاتێکی رووت بوون، ئەوان هەستان بە ئەحکامی باتن و کەوتنە دیراسەی دەرد و بەڵاو نەخۆشیەکانی نەفس و چۆنیەتی خۆپاراستن و عیلاجی.



## ( ٣ )

# زەرورەتی تەجدید:

بەدرێژای زەمان پێغەمبەران یەك لەدوای یەك هاتوون، هەرکات خەڵکی دوور دەکەوتنەوە لە رۆشنایی ئیمان و خواناسی، خودا پێغەمبەرێکی دەنارد بۆ نوێکردنەوەی دین و ئیمان لەدڵەکانداو گەرانەوە بۆ خواناسی و چاکەکاری، بۆ نوێکردنەوەی بەشەریەت و چاکسازی دنیا، تا کۆتا پێغەمبەر محمد(درودی خودای لەسەر) ئیتر خۆی و پەیامەکەی بووە کۆتا پەیام و پێغەمبەرایەتی، جارێکی تر پێغەمبەرێکی تر نایەتەوە بۆ نوێکردنەوەی ئاین.. (مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَا أَحَدٍ مِّن رِّجَالِكُمْ وَلَكِن رَّسُولَ اللَّهِ وَخَاتَمَ النَّبِيِّينَ وَكَانَ اللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمًا) (الأحزاب: ٤٠).

بەڵکە ئەوە جێهێڵرا بۆ عوقەلاو زاناو خواناسانی نەتەوەکانی کۆتا پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت)

ئەو رۆش نەتەوەو گەلانی ئیسلامی بەهۆی بێهێزی -فکری، خاوەن گەورەترین پێشکەوتنەکان دەیخوازیٚ، لەکاتێکدا کۆمەڵگای ئیسلامی و موسڵمانان هێشتا لەچەندین شتی جوزئی و لاوەکی مەزهەبی و فیقهی و عیباداتی رۆژانە نەك هەر نەگەیشتونەتە یەك، هێشتا لە کێشەو ململانێدان.. هێشتا وتارو مینبەرەکان لەنێو جەدەل و باسێکی لاوەکی و سادەو شتە فروعیەکاندا دەخولێنەوە، هێشتا گرفتارو سەرقاڵ و دەمەقاڵەی شتە لاوەکیەکانن.. هێشتا بزاڤە ئیسلامیەکان ڕزگاریان نەبووە لە چەندین دەردی کوشندەی فکری، هێشتا لە ناو مێژوودا دەوران دەدەنەوە.

بێخەبەر لە پرسە گرینگ و ستراتیجیەکانی دیکەی سیاسی، ئیداری، ئیقتیصادی، گەشەدان بەفکری ئیسلامی، سیستەمی سیاسی ئیسلامی، کرانەوەو گۆرانکاریەکانی جیهان، هەیمەنەکردنی مەصالح و فکر و سیاسەتی دەرەکی بەسەر عالەمی ئیسلامیدا، سەرمایەو پیت و بەرەکەت- جیٚ مان و دواکەوتنەوە، بەهۆی هاتنە ناوەوەو سەرهەڵدانی چەندین ئەفکارو بیرو بۆچوونی سەقەت و هەڵەو لێکدانەوەو تەفسیراتی هەڵەو سەتحی لە دەرەوەو ناوەوە.. گرنگی دان لەلایەن بەشێکی زۆری موسڵمانان بەشتە لاوەکی و دوورکەوتنەوە لە جەوهەریات، تەقلید و شوێنکەوتەیەکی کوێرانە، بەجۆریٚ جیاوازی ناکات لەنێوان حەق و کەسەکان، حەق بەکەسەکان دەناسیٚ.. نیشاندانی وێنەیەکی ناشرین بە جیهان و مرۆڤایەتی لەلایەن بەشێکی..

بۆیە نوێگەری لە خیتابی ئاینی بووەتە زەرورەتێکی حەتمی، کە خودی ئاین و گۆرانکاریەکانی ژیان و ژینگەو داگیرکاری و ئیحتلالی فکر، پاشەکشەکردنی فکرو تەیاری ئیسلامی.

ڕووداو پێشهاتەکان: بەشێکی ترە لە هۆکارەکان بۆ خۆ نوێکردنەوە،

رۆژ بەرۆژ گۆرانکاری گەورەو چاوەروان نەکراو ڕودەدەن.. ژیان و ژینگەکان، پێداویستیەکان دەگۆرێن، پێویستیان بە مامەڵەی نوێیە، بۆیە زۆر پێویستمان بە کردنەوەی زیاتری دەرگای ئیجتهاد و زانایانمان رۆژ بەرۆژ لەگەڵ روداوەکاندا بن، بەردەوام لەگەشەکردنی فکری نویٚ و فەهمی نویٚ بۆ ئیسلام و گوتاری ئیسلامی.. دەست بەردان لە فەهم و فیقهی کۆن و تێگەیشتنی کۆن، بەڵیٚ توراسێکی بەهادار و گەورەیە، بەڵام ئەورۆ شێواز و ژینگەکان لەگۆران و عەقڵەکان لەگۆراندان.

بۆیە: تجدید بووەتە بابەتێکی گرینگ لە چارەسەرو نویٚ بوونەوەو زیندوو بونەوە، بوەتە زەرورەتێکی حەتمی ئاینی و فکری.

زۆر پێویستمان بە فقهێکی نوێیە، بەتێگەیشتنێکی نویٚ، بۆ تەواوی پرسەکانی: عقیدە، عبادات، موعاملات، سیاسەت، خوێندنەوەی واقیع بە چاوو نەفەسێکی نویٚو بیرکردنەوەو تێروانینێکی نویٚ،، .

پوختەی وەرگیران:

د. جمال فتحی
دکتۆرای فلسەفە لە ز. قاهیرە



### لە مەسنەوی مەعنەویی جەلالەدینی ڕۆمییەوە:

( ٥ )

# زانستی ئەهلی دڵ

هێمن عومەر خۆشناو ( شەقلاوە )

لەناو گەلی (سەبەئـ)دا سێ کەس هەبوون، یەکەمیان شتی زۆر دووری دەبینیو بەلاّم کوێریش بوو، مێرووڵەی دەبینیو حـەزرەتی سـلێمانی نەدەبینی، ئەوەی تر زۆر باش دەیبیست لەهەمان کاتدا کەڕیش بوو، سێەمیشیان رووتو رەجاڵ بوو بەلاّم پۆشاکەکەیشی درێژ بوو.

ئەرێ ئەم دەربڕینانە سەیر نین؟ مەبەست لەمانە چییە؟

بۆ ئەوەی تەواو تێبگەین، بۆ لای راڤەی مەسنەوی دەچین:

((کابرای کەڕ بوغرایەکە بە هیوا درێژی، کە لەبارەی مردنو کۆچکردنمان دەبیستێ، بەلاّم لـە هەمبـەر مـردن کـەڕە. هەرچـی تەماعکارییـە ئەوا کابرای کوێرە، کە لەبارەی عەیبو عاری خەڵکی، وەستای مەعلانی قسانە، کەچی عەیبی خۆی نابینێ. رووتو بێ بەرگەکـەیش هەمیـشە لەبڕینی کراسەکەی دەترسێ. عەجایب ! ! ئایا رووت پۆشاکی هەیە تا کورتیی بۆ بشێ؟ ئـەهلی دونیـا موفلیـسن، بـەلاّم لـەم جـۆرە دزینـە دەترسن ! چۆن موفلیس دەترسێ کە عانەیەکی لەدزییەکە نەبێ؟ بەو کەسانە دەچن کە لەخەوێ دا لای وایە کەسێکی دەوڵەمەندەو لە ترسی دزان رادەجفرێو رادەچڵەکێ، کە یەکێکیش لە خەوەکەی هەڵدەستێنێ، تێر تێری پێ پێدەکەنێ)).

ئەمە ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە، کە سەری هەموو مەعریفەکان مەعریفەی خودی مرۆڤەکـە خۆیـەتی، هـەموو شـتێك لەمەعریفـەی خـودی مرۆڤەوە دەست پـێ دەکـات، بـەلاّم لەڕاسـتیدا کـەمترین شـت کـە مـرۆڤ بیناسـێت، دەروونـی خۆیـەتی، بۆیـە مەسـنەوی نیگامـان بـۆ ئەمـە رادەکێشێو دەڵێ:

زانا زۆر زانستان دەزانێ، بەلاّم ئەم ستەمکارە دەروونی خۆی ناناسێ، راستە تۆ حەلالّو حـەرام دەناسـی، لێ دەروونـی خـۆت لـەم نێوانـە لەکوێ دەوەستێ؟ تۆ بەهای هەموو شتێك دەزانی، بەلاّم بەهای دەروونت چش ! ئەرێ گەمـژە لات وایـە تـۆ ئەسـتێرەی بـەختو ئەسـتێرەی بەدبەختی دەناسی، بەلاّم نازانی خۆت بەختەوەری یان بەدبەختی ! ! .

– عاجباتیە ! مرۆڤ مەعریفەیەکی ناپێویست هەڵدەبژێرێو مەعریفەی پڕ لەسوودو قازانجیش واز لێ دێنێ، دەکرێ نمونەیەکی تر لەسەر ئـەم دوو جۆرە مەعریفەیە بهێنیتەوە؟ ئەگەرچی مشتێکیش نمونەی خەروارێکە، لێ ئەم نمونەیەی خوارەوەیش پێویستە:

مەعریفەی میرێکی گەمژە

یەکێ لە سوڵتانەکان کوڕە گەمژەکەی بۆ لای دەستەیەك لەزانایان نارد تا فێری زانستی بکەن، زاناکانیش زۆر شـتیان فێـر کـرد، هـەتا وای لێهات کوڕە پێگەیشت. ڕۆژێکیان سوڵتان ئەنگوستیلەی لەپەنجەی خۆی کردو کوڕەکەی خۆی تاقیکردەوە:

– کوڕم دەتوانی پێناسەی ئەوە بکەی کە لە ئەنگوستم دایە؟

کوڕە گوتی: ئەمە شتێکی بازنەییەو ناوەڕاستەکەی بەتاڵەو رەنگی زەردە.

سوڵتان دڵخۆش بوو و گوتی: بەڕاستی ورد هەموو خەسڵەتەکانیت ناسی، بەلاّم پێم بڵێ، چ شتێکە ئـەم خەسـڵەتانەی لـەخۆدا هـەڵگرتوە؟

کوڕە گوتی: بێژینگ.

عەجایب ! چۆن ئەم هەموو خەسڵەتانەیت زانی، بەلاّم نەتزانی پەنجە جێگای بێژینگی تێدا نابێتەوە؟ !

مەولانای ڕۆمی وای دەبینێ، زانایانی سەردەم لەم تەرزەن، کە هەموو وردەکارییەك لەو کاروبارانە دەزانن کە پەیوەندییان بەوانـەوە نییـە، بەلاّم لەبارەی دەروونی خۆیان شتێ نازانن، ئەگەرچی دەروون نزیکترین شتە لایان، رەنگو چوارچێوەو بەتاڵی شتی لەناوچوو و فانینو لـەناو ئاگر دەفەوتێنو تەنیا جەوهەرەکەیان دەمێنێتەوە.

کورتیو کرمانجی، زانستی ئەهلی دڵ وەك ئەو حەممالّەیە کە ماخۆی خۆی هەڵگرتووە، بەلاّم زانستی بەندایەتیی لاشە، لـەبارگرانی بـترازێ بۆ خاوەنەکەی چیتر نییە.

زیاتر لەسەر مەعریفەی پێویستو ناپێویستو بێ سوود، هەیە خۆی بە زانست گیڤ دەکاتەوەو هیچیش نازانێ، لێرەو لەوێ قسەی خەڵکی تر دوپات دەکاتەوە، تۆ رات چییە؟

هەموو ئەو قسەو گوتنانەی دەستکردو هاوردەکراون لەوانی تر، سوودی بۆ خاوەنەکـەی نییـە، بـۆ جیـاوازیش لـەنێوان خـاوەنی مەعریفـەی رەسەنو هاوردەکراو، چاو لەژمارەی پێشووتری پەیامی زانایان بکەو چیرۆکەکەی مەولانا جارێکی تر بخوێنەوە.



# چەند تێبینەیەك لەسەر سرووودی (ئەی رەقیب)ی شاعیری کورد (دڵدار)

د.مەلا ئەحمەد شافعی

ماوەیەکە لێرەو لەوێ مشتومڕێکی زۆر لەسەر ئەم سرووده سەری هەڵداوە، چەند تەفسیرێکی جیا جیای بۆ دەکرێت، هەندێ بە باشیو هەندێ بە خراپو هەندێکیش بێ دەنگو هەندێك بە کوفر پاش ڕاگۆڕینەوە لەگەڵ هەندێ لە کەسانی پسپۆرو تایبەتمەند بەم بوارە پێم خوشە ئەم چەند تێبینیە رونکردنەوەی بخەمە بەردیدی خوێنەرانی خۆشەویست بەهیوای سودگەیاندن، یەك ڕیزی موسڵمانان، لە هەر کەموکورپیەك داوای پۆزش ئەکەم.

١- **پێناسی (دڵدار):** دڵداری شاعیر ناوی: یونس کوری مەلا رەئوفی کوری مەلا محمودی کوری مەلا سەعدی خادم السجادەیە لە ٢٠ی شوباتی ١٩١٨ لە کۆیە لەدایك بووە، باوكو باپیرانی هەموو مەلا بوون. دایکی ناوی (زەهرە کچی خورشید ئەفەندییە) لە مەلا زادەکانی ناوچەی (زەهاوو سەرپێڵن).

٢- **خوێندنی:** دڵدار هەر لەمناڵی دەچێتە حوجرەو سەرەتای خوێندنی لەوێوە دەست پێدەکاتو پاشان دەچێتە قوتابخانەو سەرەتایی، ناوەندیو ئامادەیی لەکۆیەو رانیەو هەولێرو کەرکوك تەواو کردووە، پاشان کۆلیژی ماف (حقوقی) لەبەغداد تەواو کردووە، هەر لە بەغداد ئاسۆی بیری فراوان بووە بابەتو شیعری لەگۆڤاری (گەلاوێژ) نووسیووە.

٣- **مردنی:** دڵدار تەمەنی زۆر کەم بووە، (٣٠) سیساڵ ژیاوە، لە ١٢ی تشرینی دووهەمی ١٩٤٨ لەهەولێر بەهۆی خواردنی خراپ بوو بۆگەنەوە مردووە.

٤- **ئایینو باوەڕی:** دڵدار کەسێکی باوەڕدار (مۆمن) بووە، لەشیعرەکانیدا باسی بەهەشتو حۆریو دین دەکات، باوەڕی بە خوا هەبووە، بەڵام جار جارێك شاعیر بزرکانی قسەی بۆ دێو هەندێ شت دەڵێ کە خۆیشی بڕوای پێ نییە، بەهۆی ڕووداوو کارەساتێکی ناهەموارەوە، دڵداریش یەکێکە لەوان قەسیدەی (ئادەمیزادو ئەدیان) لوتکەو ئەستووری بیرو باوەڕی دڵدارە لەبارەی ئاینەوە، وە شیعری (ئەی خودایە) ساڵی ١٩٣٧ لە (کەرکوك) نووسی، دەڵێ: ئەگەر خوا ئارەزوو بکات هەموو شتێك دروستو رێكو پێك دەبێو کورد رزگار دەبی. لەبەر درێژی شیعرەکانم نەنووسیوە. بەڵگەیەکی تر دڵدار کتێبێکی بەعەرەبی لەرەد دانەوەی بەهائیەکان نووسیوە لەوکاتەدا بەناوی (في طريقي الى معرفة الحقائق، انتقادات الى قلب البهائيين).

٥- **مەینۆشی:** دڵدار لە شیعرەکانیدا گەنجان هان ئەدا بۆ پێشکەوتنو هێرش دەکاتە سەر کاری خراپی لاوانو سەرخۆشو مەینۆشی بە کردەوەیەکی خراپو ناپەسەند دادەنێ، بەتایبەتی ئامۆژگاریەکانی لەشیعری (ئەرێ ئەی لاو) لەشیعری (مەی)دا باس لە عارەقو خراپەکانی دەکات بە خەوشێکی کۆمەڵایەتی دادەنێ، دەڵێ:

**مەی لەبەردەم بێ کە ئیمڕۆ عادەتێکی جاریە**
**عارەق چی، مۆنسیی چی، پیشەی بێ کاریی**
**عیللەتە، سیحەت دەبا، عارق کە رێگە نێگبەتە**
**لازمە تەسلیمی کەی، تەسلیمی کەی ناچارییە**
**هەر کەسێ ئیدمای مەی کرد خۆ دەخاتە داوەکەی**
**ئاخری هەر ڕەنجەڕۆیە هەم لە عیزەت عارییە**

٦- **شیعری (ئەی رەقیب):**

**ئەی رەقیب هەر ماوە قەمی کورد زوبان**
**نای ڕمێنی دانەیی تۆپی زەمان**
**ئێمە ڕۆڵەی رەنگی سوورو شۆڕشین**
**سەیریکە خوێناویە رابوردومان**
**ئێمە ڕۆڵەی میدیاو کەی خەسرەوین**
**دینمان ئاینمانە نیشتمان**
**کەس نەڵی کورد مردووە کورد زیندووە**
**زیندووە هیچ نانەوێ ئاڵاکەمان**
**چەند هەزار لاوانی کوردی نەڕەشێر**
**بوونە قوربانیو هەموویان نێژران**
**لاوی ئێستاش حازرو ئامادەیە**
**جانفیدانە، جانفیدانە، جانفیدان**
**لاوی کورد هەڵسانە سەر پێ وەك دڵێر**
**سایە خوێن نەقشی ئەکەن باجی ژیان**
**کەس نەڵی کورد مردووە کورد زیندووە**
**زیندووە هیچ نانەوێ ئاڵاکەمان**

أ- ئەم شیعرە لەتەمنی ٢١ ساڵیدا یان کەمتر نووسیوە، لەئەنجامی کارەساتی شەڕو کوشتاری سەفەر بەرلك، لەبەر ئەوەی ئەم وڵاتە لەژێر دەستی تورکەکاندا دەیناڵاندو میرە نەخۆشەکەی تورکیاش بەهۆی ئەوەوە لەشەڕی یەکەمدا شکابوو تەواو پەرێشان کەنەفت بوو، گرانیو قاتو قڕیو نەخۆشیو بێ دەرەتانی وەك هەموو وڵاتێکی گێرودەی

دەستی شەڕو وێرانی ئەم کوردستانەش ئابلوقە دابوو.

ئێستەش چیرۆکی سامناکی سەفەر بەرلگو ئاوارەیی و کوشتن و تالان و برۆ بێکارو سەرانەو لافاوی نەخۆشی و کارەساتی رۆژانەی ژەندرمەکان و لەبرسا بەکۆمەڵ مردن و نرکەو نالای مندالو ئافرەت و پیری لێ قەوماوو بێ دەرەتان بەسەردەمی هەموو ئەو پیلانەوەیە، لەو گێژاوە سەختەدا دڵدار سەری هەڵداوەو هاتۆتە جیهانەوەو نووسینی ئەم شیعرەش هەڵقوڵاوی ناخی شاعیر بوو لەو کاتە سەخت و دیژوارەدا.

ب- سەبارەت بە واتای (ئەی رەقیب) بەهیچ جۆر مانای (خالق) ناگەیەنی و، مەبەست لە (دوژمن) یان (ناحەز) یان (حەسودە)، لەمە لە دیوانی دەیان شاعیری کلاسیکی کوردا بەم جۆرەیە:

بۆ نموونە:

نالی ئەڵێت:

**یار دەچێتە لای رەقیب خۆشە، وەلێ**

**ئەو داغە کوشتومی**

**لە کن ئەو چەندە مەجبورە، لە کن من**

**چەندە مەغرورە**

یان کوردی دەڵێت:

**ئەی رەقیب! وێڵم لەدەستت لێرە بۆ**

**لێم ناگەڕێی**

**باوکە کوشتەت نیم، ئەری هەلا**

**بەدمەزەی چیت لێم دەوێ**

یان مەحوی زاناو عاریف دەڵێت:

**ئەزیەتم کەمتر دەدا، رۆژی حەشر**

**زۆری ڕاناگرن لەگەڵ من بۆ حیساب**

**ڕانە حەتتا بۆ سەگێکی وەك رەقیب**

**ئەو جەنابە هەر لەمنیە ئیجتناب**

یان زیوەر دەڵێت:

**با نەچێنە لای رەقیب، یان ئەنسبی**

**خانە بێ**

**لازمە ئەو ئاسکە لەولا نەبێ لەولا**

**نەبێ.**

ج- سەبارەت بە مەصرەعی: (نایشکێنێ دانەری تۆپی زەمان).

هەندێك بە هەڵە تەفسیری دەکەن و ئەڵێن مەبەست خوایە، چونکە دانەری تۆپی زەمەن خوایە..

١- روونە ئەمە هەڵەیەکی گەورەیەو تێنەگەیشتنە لە شیعرەکە.

٢- ئەحریفی شیعرەکەی دڵدار کراوە، ئەسڵەکە شێوێندراوە، بەم شێوەیە: نایشکێنێ دانەیی تۆپی زەمان.

شاعیر ئەیەوێ بە دوژمن بڵێت ئەی رەقیب: کورد هەر دەمێنێ و ناروخێ بەدەست ئەو وڵاتە زۆر دارانەی کە تۆپی ئەم زەمانەیان دروست کردووەو خەڵکی کوردی پێ دەترسێنن. هیچ تۆپو دانەیەك لەو تۆپانە ناتوانێ کورد بڕمێنێ و بیروخێنێ و بیترسێنێ.




د- سەبارەت بە مەصرەعی: (دینمان ئایینمان هەر نیشتمان)..

١- تەحریفی تیا کراوە، لە ئەسڵی شیعرەکەدا وشەی (هەر) تیا نیە، ئەسڵەکە بەم شێوەیە: (دینمان ئایینمانە نیشتمان).

٢- ئەم رستەیە ناتوانین بڵێین کوفرە، چونکە (محمل) هەیەو مەجازێکی شاعیرانەیە، ئەیەوێ بڵێ: دین و نیشتمانمان خۆش دەوێ، ئەمەش بەلای منەوە کوفر نیە، چونکە بە کوردی کردنێکی ساکاری دەستەواژەی (حب الوطن من الإيمان)ە، لەسەر رێبازی شاعیرانی پێشومان، لە دارشتن و کورتکردنەوەو چڕکردنەوەی چەندین وشەو دێڕە لە دەستەواژەیەکدا لەبەر کێش و قافیەی شیعر، یا -بلا تشبیە- وەك ئەو رستەیە لەم فەرموودەی پێغەمبەر فەرموویەتی (الحج عرفة) واتە گوزارشت کردنە لە (گشت-عموم) بە (بەش-جزء)ێك لێی، ئاشکرایە (عرفە) بەشێکە لە (حەج) نەك هەموو (حەج) بێت.

شاعیریش ئەیەوێ ئاماژە بەوە بکات کە (نیشتمان و خۆشەویستی نیشتمان، بەشێکی گرنگ و سەرەکیە لە دین و ئایینمان، نەك نیشتمان بەتەنها یەکسان بێت بە دین و ئایین، بەڕێز مامۆستا عبدالرحمن صدیق ئاماژەی بەم مەسەلەیە کردووە لەساڵی ٢٠١١.

مرۆڤی موسڵمان ئایینی خۆی خۆش ئەوێت و نیشتمانیشی خۆش ئەوێت، رونیشە ئایین بێ خاك و وڵاتی ئارام بە باشی جێبەجێ نابێ.

ئەم شیعرە لە کۆماری مەهاباد تەبەننی کراوە وەك سووردی میللی، لەو کاتەشدا دەیان زاناو داناو شاعیرو پیاوانی ئایین پەروەری تیا بووەو ناڕەزاییان پیشان نەداوە.

گرفتی ئەم سرودە:

بەکورتی ئەم سروودە لە سێ رووەوە گرفتە تیا هەیە:

یەکەم/ لەڕووی مێژووییەوە هەڵەی ئاماژە بە کوردبوونی (میدیا)و (کەیخوسرەو) لەمەصرەعی (ئێمە رۆڵەی میدیاو کەیخوسرەوین) کە دیارە خوسرەوی یەکەم: (خوسرەوی ئەنوشیروان)و خوسرەوی پەریوزی دووهەم هەردوو فارسن و کورد نین. مەگەر لەسەر ئەم بنەمایەی کە مەرجەعی ئاریاییەکانی جیهانی بوون.

دووەم/ ئەم شیعرەی دڵدار (نیشتمانی) نییە، واتە باسی کوردستان و هەموو نەتەوەو نیشتەجێکانی ناکا، تەنها باسی (کورد) دەکات، واتە: سرودێکی نەتەوەییە نەك نیشتمانی، ئەگونجێ جێگەی پرسیارو گازندەی نەتەوەکانی تری ناو کوردستان بێت.

سێ هەم/ لەڕووی (ئاینی)وە لە مەصرەعی (دینمان، ئاینمانە نیشتمان) هەرچەندە مەجازی شاعیرانەش بێت، بەڵام دیوی دەرەوەی جێگەی قسەیە.

بۆیە پێشنیار ئەکەم کە بەڕێز سەرۆکی هەرێم و پەرلەمانی بەڕێز بیر لە سرودێکی نوێی نیشتمانی بکەنەوە کە هەموو نەتەوەو نیشتەجێکانی کوردستان بگرێتەوەو ئاماژەش بە ئێستاو ئایندەو سەروەریەکانی رابوردوو ئێستاو هیوای داهاتووی تێدا بێت.

هەر شادو سەرکەوتوو بن.

# شیعرو ئەدەب لەنێوان مەلای پێشانو مەلای ئەم سەردەمە لە تەرازووی ((ئەی رەقیب))دا



مەلا محمد ئێنەیی

بێ گومان هەر نەتەوەیەك لەسەر گۆی ئەم زەویەدا خاوەنی چەندەها سامان (تراپ) فۆلكلوری خۆیەتی، كە فەخرو شانازی بەم سامانو فۆلكلۆرەی خۆی دەكات و لەلای زۆر پیرۆزو بە هادارە، وە زۆر پێی شادمانو سەربەرزە، بێ گومان نەتەوەی كوردیش خاوەنی سامانێكی زۆرو گران بەهایە لە چەندەها فۆلكلوری جۆراو جۆری نایابو گران بەها، كە وێژەو (ئەدەب )، یەكێكە لەسامانە بەهادارەكانی كوردی.

جامن لێرەدا دەمەوێ بە گۆشە نیگاییێك پەیوەندی شیعرو ئەدەب بە مەلاو فەقێ، یا حوجرەو مزگەوت، بخەمە پێش بەرێزتان، لەچەرخی ڕابردوو و ئێستادا، گەر ئاورێك لەڕابردوو بدەینەوە تا نیوەی یەكەمی سەدەی بیستەمیش دەبینین ئەدەبی كوردی بە هۆنراوەو پەخشانیەوە خاوەنەكەی مەلا بووە، كەم مەلای مەلا هەبوە كە ئەسپی خۆی تاو نەدابێت لە مەیدانی شیعردا، جا كە بۆی دەركەوتبێ لەم مەیدانە سەركەوتوو نیە دیسان دوور نەكەوتووە لە شەرحو لێكدانەوەو گەڕان بەدوای شیعرە جوانو بەرزەكانو وردەكاریەكانیان، سەردەمی ڕابردوو كەم مەلای مەلا هەبوە كە بەسەدان شیعری كوردیو عەرەبیو فارسی لەبەر نەبوبێ، كە لە هەموو مەجلیسو مەقامێكدا بەشیعرەكانی وەك میوەیەێكی جوانو بەتام مەجلیسی دەڕازاندەوەو ئامادەبوانی پێ خەندانو شادمان دەكرد، زۆر جار شیعرێكی كوردی یا عەرەبی یا فارسی، دەكەوتە بەر باسو لێكۆڵینەوە بە مانگێكو زیاتریش لەنێو مەجلیسی مەلایان یا حوجرەكان دەسووڕا تا دەگەیشتە مانایێكی دروستو ڕاست، بە ڕەچاوكردنی مانا حەقیقیو مەجازیو كینایەكەی، شیعری كوردی لەو سەردەمەدا بەجۆرێ لەگەڵ دوازدە عیلمەكانی مەلایەتی تێكەڵو ئاوێتەبوون كە لێك جیانەدەكرانەوە.

بۆیە هەر كەسێك كە ئاگاداری دوازدە زانستەكانی مەلایەتی نەباو زەوقو چێژی ئەدەبی نەبا، لە شیعرەكانی شاعیرە ناودارەكانی كوردی حاڵی نەدەبوو و تێیان نەدەگەییو دركی بە وردەكاری ڕوانبێژیو جوانكاری مانایيو وشەیی نەدەكرد، جامن پێم خۆشە لێرەدا چەند نمونەیەكتان نیشان بدەم لە شیعری شاعیرانی ڕابردووی كوردی، كە تا چ ئەندازێك شیعرەكانیان بە زانستەكانی مەلایەتی ڕازاوەتەوە، بەجۆرێك كە هیچ كەسێ بەبێ شارەزایی لەزانستەكانی مەلایەتی ناتوانی لەشیعرەكانیان حاڵی ببێو لایەنو یاساكانو وردەكاریەكانی زانستەكانی مەلایەتی دەستنیشان بكات.

نمونەی یەكەم نالی دەڵێ:

**زولفەینی بە خەم مارو بە حەلقەن وەكو عەقرب**
**شیعری ( لەف و نەشرن ) چ مشوەش چ مورەتتەب**

جا من لێرەدا نامەوێ بچمە سەر شەرحو ڕاڤەی ئەم شیعرانەی كە بە نمونە دەیان هێنمەوە بە تێرو درێژی، چونكە شەرح و شرۆڤەی ئەم شیعرانە پێویستی بە نووسینێكی زۆرو چەندەها لاپەڕەی دەوێ، بەڵام ئەوەی من مەبەستمە بڵێم ئەوەیە ئایا كەسێك شارەزایی لە زانستی ڕەوانبێژی (البلاغة) نەبێت تێدەگات مەبەست لە (لەفو نەشر)چیە؟ دیسان ئایا دەزانی (لەفو نەشری مشوەش) چیەو (لەفو نەشری مورەتتەب) كامەیە؟ دیسان لێكچواندنی دوو زولفی یار لەلایێ بە مارو لەلایێ بە دوپشك! ؟ پاشان حوكم كردن جارێك بەمە كە زولفەكانی یار (لەف و نەشری مشوەشن) ! جارێكی تر حوكم كردن بەمە كە زولفەكانی یار (لەف و نەشری مورەتتەبن) بەبێ شارەزایی لە زانستی ڕەوانبێژیو وردەكاریەكەی هیچ سەرەدەرێك لەم هۆنراوە دەكات؟ وە ئایا دەتوانێ جوانیو بەرزیو سەنگی ئەم هۆنراوە دەستنیشان بكات؟ بێ گومان نا !

نمونەی دووەم مەحوی دەڵێ:

**لەسەر تۆم دوشمنە دنیا،( قەزیەم مانع ) ە**
**كە تەركی تۆنەكەم تەركی هەموو دنیانەكەم چ بكەم؟**

لەم شعرەشدا كەسێك شارەزایی لەزانستی (المنطق) نەبێت ناتوانێ مانا لەم هۆنراوە بداتەوە، چونكە زانین و تێگەیشتنی مانا هۆنراوەكە بە ستراوەتەوە بە زانیاری لە سەر (قەزیەی مانع الجمع) و (قەزیەی مانع الخلو) كە دوو یاسانە لە زانستی (المنطق).

نمونەی سێیەم وەك ئەم شیعرە كە دەڵێ:

**بەدەوری قطبی دەم خطبی عذارت دائیرەی كێشا**
**ئوفق بوەتە معدل پێم غەریبە هەیئەتی جوانت**

لەم شیعرەشدا شاعیر ئەندامەكانی ڕوخساری یارەكەی (معشوق) تەشبیە كردوە بە چەند زارەوەییێكی (مصطلحات) فەلەكی وەك لێكچواندنی دەمی یارەكەی بە (قطب) تەوەر، كە هەر كورەییێك گۆییێك لەگۆیەكانی ئاسمانی، هەروەها گۆی زەوی خۆشمان دوو (قطب) تەوەری هەنە تەوەری باكوریو تەوەری باشوری، كە گۆیەكە لەسەری دەسوڕێتەوە، جا شاعیر ڕوخساری یارەكەی تەشبیە كردوە بە گۆییێك و دەمەكەشی داناوە بە (قطب)و زولەكانیشی بە (خطوط العرض وخطوط الطول) واتە: هێڵەكانی پانو هێڵەكانی درێژ لێكچواندنە، (ئوفق) واتە: ئاسۆ، هەر مەملەكەتێك ئاسۆێكی تایبەت بە خۆی هەیە، ڕوی یارەكەشی ئاسۆی خۆی هەیە بەڵام بۆتە(معدل) كە ئەمە ئاماژەیە بە یەكسان بوونی شەو ڕۆژ لە بەینی زولفە ڕەشەكانی یارو ڕوخسارە سپیەكەی!

نمونەی چوارەم وەك ئەم شیعرە كە دەڵێ:

**جێی نەزەر بوو حاشیەی زولفت لە سەر ئایەتی ڕووت**
**زۆر موتالاَم كرد وەكو دەورو تەسەلسول مایەوە**

لەم شیعرەدا شاعیر تەشبیهی زولفەكان و ڕووی یاری خۆی كردوە بە (حاشیە)و (متن) یا (ئایات) كە لێرەدا لەجێگای مەتنی داناوە كە جاران لەكتێبە دەسنوسەكان متنی عیلمەكەیان كە دەقێكی بە هێز بوو لەلایەن عەللامەییێكی ناودار دادەنراو لەناوەڕاستی لاپەڕەی كتێبەكان دەنووسرایەوەو (حاشیەش) شرحو لێكدانەوەی مەتنەكە بوو، كە بە هەر چوار دەوری مەتنەكەوە بەشێوەی نەخشو نیگار بەشێوەییێكی جوانو دڵڕفێن دەنووسرایەوە، جا شاعیر لەم شیعرەدا تەشبیهی زولفەكانی یارەكەی كردوە بە (حاشیە)و تشبیهی ڕووی یارەكەشی كردوە بە ئایات لە چاوو دەمو كوڵمو ددانو ئەبرۆ... هتد. جا شاعیر دەڵێ: زور موتالاَی حاشیەی زولفەكانم كرد بەم هیوایە كەمێك لە ئایەتەكانی ڕووت حاڵی ببم، بەڵام كەوتمە ناو گێژاوی دەور و تەسەلسول، (دەورو تەسەلسول) دوو بابەتی ئاڵۆز و تەماوین لەبابەتەكانی



زانستی (کلام) کەسێك شارەزایی لە زانستی (کلام) نەبێت لەمانای ئەو شیعرە حاڵی نابێت،جا من لێرەدا بەدەروونێکی پڕ لە داخەوە دەڵێم: زۆر بەداخەوە زۆربەی هەرەزۆری مەلای ئەم سەردەمە خۆیان بە خاوەنی ئەو هەموو سامانە نایاب و گرانبەهایەی شیعرو ئەدەب کە موڵکی خۆیانە نازانن وە هیچ شارەزایەکیان لەسەری نیە، ڕەنگە خوێندنەوەی دیوانی "مەولەوی‌و جەزیری‌و نالی‌و مەحوی" بەلای هەندێ مەلای ئێستا دروست نەبێ، بێ گومان ئەم جۆرە بیرکردنەوەو دوورکەوتنەوە لەشیعرو ئەدەبیاتی کوردی کارەسات بەدوای خۆیدا دێنێ، چونکە دەبێتە هۆی لەدەستدانی ئەو سامانە گرانبەهایە، لەئەنجامدا دەبێتە هۆی بێ هێزو لاوازی مەلا لە شەرح‌و ڕاڤەی شیعرو کەوتنە ناو هەڵەو مانای نادروستی شیعر، تاوای لێ دێ خەڵك بڵێ: (شیعرو ئەدەب لەگەڵ مەلا کوجا مەرحەبا) بەڕاستی جێگەی داخە مرۆڤ لەشارەکەی خۆی شارەزای گەڕەك‌و کۆڵان‌و ماڵەکەی خۆی نەبێت!.

## بەداخەوە زۆربەی هەرە زۆری مەلای ئەم سەردەمە خۆیان بە خاوەنی ئەو هەموو سامانە نایاب‌و گرانبەهایەی شیعرو ئەدەب کە موڵکی خۆیانە نازانن

هەروەك لەم چەند ساڵەی دواییدا سرووودی ئەی ڕەقیب کێشەی لەسەر پەیدابوو، قسەو باسی زۆری لەسەر کرا، تا گەیشتە ئەمە بڵێن کوفری تێدایە، کە لەڕاستیدا وانیە، چونکە ئەم سرودەی (ئەی ڕەقیب) ئەگەر بەشێوەیێکی زانستی‌و ئەدەبی‌و ڕەچاوکردنی یاساکانی ڕەوانبێژی ڕاڤە و لێکدانەوەی بۆ بکرێت هیچ کوفرو سوکایەتی کردن بەئاییینی تێدا نیە، جا من دەمەوێ پێش ئەوەی بێمە سەر ڕاڤەو لێکدانەوەی سرودەکە بە بەڕێزتان ڕابگەیەنم من زانیاری تەواوم نیە لەسەر کەسایەتی دڵداری شاعیر، کە چۆن بووەو چ بیرو باوەڕێکی هەبوە، ئیماندار بوە یا بێ ئیمان بوە؟ چونکە سینەم شەق نەکردوە جا ئەمانە بزانم، دیسان من ناڵێم سرووودی ئەی (ڕەقیب) شایەن‌و شیاوە بۆ هەمووکات و قۆناغێك لە قۆناغەکانی گەلان پێویستی بە گۆڕانکاری هەیەو شتی نوێی دەوێ کە بگونجێ لە گەڵ قۆناغەکەدا، جا گۆڕینی (ئەی ڕەقیب)یش پێویستی بە پسپۆڕانی دڵسۆزو شارەزا هەیە بۆ دانانی سرووودێك کە شایستەو گونجاو بێ لەگەڵ ئەم قۆناغەی ئێستای کوردستاندا.

من لێرەدا ڕوونکردنەوەکەم تەنها لەسەر چەند دێرە شیعرێکی ناو سرودەکەی (ئەی ڕەقیبە) بەڕاستی لەم ماوەی ڕابردودا من توشی شۆك‌و سەر سوڕمان بووم کە لە یەکێك لە کەناڵەکان هەندێ کەس دەیوت ئەم سرووودەی (ئەی ڕەقیب) کوفری تێدایە بە بەڵگەی ئەمە کە ڕەقیب یەکێکە لە ناوە جوانەکانی خوا، شاعیر لەم سرووودە خیتابی لەگەڵ خوایەو بەر بەرەکانی لەگەڵ خوا دەکات‌و پێ دەڵێ: ئەی ڕەقیب کە خوایە تۆ ناتوانی نەتەوەی کورد لە ناو بەری بە هیچ هێزێك نەتەوەی کورد لەناو ناچێت، کە لەڕاستیدا بەینی ئەم مانا هەڵە نادروستە لەگەڵ مانا ڕاست و دروستەکەی بەینیان ئاسمان‌و ڕێسمانە.

چونکە ڕاستە (ڕەقیب) یەکێکە لە ناوە جوانەکانی خوا، بەڵام (ڕەقیب) لە زاراوەی شاعیران مەبەست لێی خوا نیە، بەڵکو ڕەقیب لەناو شاعیران مرۆڤێکی ناپەسندی پیلانگێرە کەبەردەوام بەدوای عاشق‌و مەعشوقەوەیە، هەر خەریکی پیلان دانانە بۆ دڵدارو یارەکەی کە نەگەنە یەك‌و پێك شاد نەبن، بۆیە شاعیران زۆر دژی ڕەقیبن و بەردەوام لەشیعرەکانیان هێرشی دەکەنە سەر، وەك ئەم چەند نمونەی خوارەوە:

١- مەحوی دەڵێ :

**مژدەییێکی چەند خۆشە ڕەقیبی ملی شکا**
**عەیبی فەقەت ئەوەندەیە یارم دڵی شکا،**

٢-حاجی قادری کۆیی دەڵێ:

**ئەگەر جورعەی ڕەقیبت لا گولاوە نەکەی بیخۆیەوە پیس و گلاوە**

٣-مەلای جەزیری دەڵێ:

**دەسێ مە سەحەر گرت‌و برین سیری حەبیبی**
**( في الحال ) ڕەقیبی ژ حەسەد لە زئو تا گرت**

٤- نالی دەڵێ:

**ڕەقیب و موددعی وەك پووش و پوشوو بسوو تێنین وەك بە ڕقین لەبەر قین**

کەوابو مانا ڕاست‌و دروستی سرووودەکەی (ئەی ڕەقیب) بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

دڵداری شاعیر کە خۆی بە عاشقی ئازادی کوردو کوردستان دەزانی و ئازادبوون و بە دەوڵەتبوونی کوردستان بە یارو مەعشوقی خۆی دەزانی وە شاعیر ئاگاداریش بووە بە بزوتنەوەکان و شۆڕشەکانی کوردی کە بە سەدان و هەزاران لاوی کوردی گیانی خۆیان کردۆتە فیدا بۆ ئازادی کوردو کوردستان، بەڵام نا حەزو داگیرکەرانی کوردستان کە دڵداری شاعیر بە (ڕەقیب) ناوی بردوونە، بە هەموو هێزو توانایەوە وەبەسەدان موئامەڕە و پیلان نەیانهێشتو کورد بە ئاواتی خۆی بگات، بۆیە شاعیر لەم سرووودەدا خیتابی لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستانە پێیان دەڵێ: هیچ سوپاو چەك و هێزێك نیە بتوانی نەتەوەی کورد لەناوبەرێت، کوردستان هەر ئازاد دەبێ ئەمە مەبەستی شاعیرەو بەس.

دێڕەیەکی تری سرووودەکە کە کێشەی لە سەرە ئەمەیە کە دەڵێ: (ئێمە ڕۆڵەی میدیاو کەیخەسروین) کە دەڵێن: کوا ئێمە لەکوێ ڕۆڵەی میدیاو کەیخسرەوین؟ واتە: سەر گرانن بە وەی کە ڕۆڵەی میدیا و کەیخسرە و بن، لە ڕاستیدا من شارەزایەییێکی وام لە مێژوودا نیە، بەڵام دەبینین لە زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردی، لەپاڵ مێژووی زاینی و کۆچی مێژووی کوردیش دەنووسرێ کە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی (ماد) بە حەفسەد ساڵ پێش لە دایکبوونی پێغەمبەر عیسا(د.خ) کە نەتەوەی کورد دەوڵەتی ماد بە هی خۆیان دەزانن، کەوابوو گەر کورد ڕۆڵەی میدیا بێت لە جێی خۆیەتی بەمە نزم نابێت بەڵکو پێی بەرز دەبێت، کەیخسرەو یەکێکە لە چینی دووەمی پاشایانی فارس کە وەك لە مێژووی (ابن خلدون) هاتوە ناویان بە (الکینیه) دەباو دەڵێ: دەوڵەتی فارسی ئەو



چەرخە بە هێزترین و پێشکەوتوترینی دەوڵەتانی جیهان بووە لەو سەردەمەدا، جا بێ گومان گەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی کۆن گەلانی جیهان دەگەنەوەیەك جا بە پشتی زۆر بگەنەوەیەك یا بە پشتی کەم، بێ گومان نەتەوەی کوردو فارس زۆر لێك نزیکن لە ڕوی زمان و مێژوویەوە، دێڕێکی تر لە سرودەکە کە کێشەی لەسەر پەیدابوو ئەم دێرە شیعرەیە کە دەڵێ: (دینمانە ئاینمانە نیشتیمان)، دەڵێن ئەمە کوفرە چونکە ئەمە ئەوە دەگەیێنێ کە دینمان ئیسلام نیە بەڵکو نیشتیمانە، لە ڕاستیدا ئەم بۆ چوون و ڕاڤە کردنە بۆ ئەم دێرە شیعرە زۆر دورە لە مانای ڕاست و دروست، چونکە هەر کەسێك کەمە زانیاریەکی لەسەر زانستی ڕەوانبێژیدا هەبێ لە ڕاڤەولێکدانەوەی (دینمانە ئاینمانە نیشتیمان) ناکەوێتە ناو ئەو هەڵە گەورەیە، بێ گومان بە بێ زانستی ڕەوانبێژی ئێمە ناتوانین بگەینە مانای ڕاست و دروستی هۆنراوە و مەبەستەکەی، هەروەك ناتوانین بەبێ زانستی (ڕەوانبێژ)ی لە مانای قورئان و مەبەستەکەی حاڵی ببین و تێی بگەین، مەجاز بابەتێکی گرینگە لە زانستی ڕەوانبێژیدا، کە بە دەیان جۆگاو جۆگەلەی لێ دێتە خوارێ، کە هەموویان سوودیان لێ وەردەگیرێ و دەبنە هۆ بۆ تێگەیشتنی مانای مەبەست، لەو وشەو ڕستە و پەخشان و هۆنراوە، جا ئەم دیرە سرووودەی (دینمانە ئاینمانە نیشتیمان) بە چەندها جۆری مەجاز دەگەینە مانای ڕاست و مەبەست، لە مانا:جۆری (حذف المضاف) لابردنی پاڵدراو کە خۆشەویستە لەلای نیشتیمان کەماناکەی بەم شێوەیە لێکدەدرێتەوە: خۆشەویستی نیشتیمان لە دین و ئاینمانە کەلەفەرموودەی (حب الوطن من الایمان) سەرچاوەی گرتوە، دیارە ئەمەش نموونەی زۆرە لە (قورئان) و شیعرو تا لە قسەی بازاریش، خوای میهرەبان دەفەرموێ: (واسئل القرية) پرسیار لە گوند ناکرێت بەڵکو لە خەڵکی گونددەکە دەکرێیت، وە بە چەند جۆری تریش لە مەجاز دەتوانین بگەینە مانایێکی جوان و ڕاست لە دێرە سرووودەکە، کە لێرەدا دەرفەت نیە بیانخەینە ڕوو.

کۆتایی باسەکەم بە هۆنراوەییێکی (وەفای) دێنم کە باش مەلای سەردەمی خۆی بووە چەندەها هۆنراوەی لە پاڕانەوەو ستایشی پەروەردگارو عیشقی محمد (درودی خوای لەسەر بێت) هۆنیوەتەوەو لە سەفەری حەج کۆچی دوای کردووە، لە هۆنراوەکەیدا دەڵێ: قیبلەم گۆڕاوە، گەر بەڕووکەشیی‌و زاهیری ماناکەی وەربگرین دەبێ بڵێن کوفری تێدایە کە دەڵێ:

**لەسەر تاقی دوو ئەبرۆت مەیلی زولفان دەمکێشێ**
**خۆ وەختە من کافر بم چیبکەم قیبلەم گۆڕاوە**

# ئایین و نیشتمان لەسرووودی ئەی رەقیب

عەبدولرەحمان سدیق*



زۆرجار دەگەمە ئەو بڕوایەی کە لەهەندێك رووەوە تێگەیشتن لەئایین لەسەردەمانی زووتردا جوانتر بووە لەئەمڕۆو، ئاینپەروەرانیش لەسەردەمی پێش ئێمەدا کراوەتر بوونەو، جوانتر لە ئایین تێگەیشتوونە تا ئەم سەردەمەی ئێستای ئێمە !

ئێمە کۆکین لەسەر ئەوەی لە هەموو سەردەمێکدا زاناو ئاینپەروەران ئامادەییان لەنێو کۆمەڵگەدا هەبووەو، وەڵامی پرسیارەکانی سەردەمی خۆشیان داوەتەوەو، ئاگاشیان لە نوسراوو گووتراوی سەردەمی خۆیان هەبووەو، شتێکی خراپیان لەبارەوە نەنووسیوەو نەگوتووە.

بەڵام بەداخەوە هەندێك تاك و کۆی ئەم سەردەمە، تەنها بەوەوە ناوەستن کە لیستی قەدەغەکراوەکانی ئەم سەردەمە درێژ بکەنەوە، بەڵکو زۆرجاریش دێن و، شتانێکیش قەدەغە دەکەن کە لە سەردەمانێکی پێش ئێستا نوسراون یان گوتراون !

بۆ نموونە: رۆمانێکی (نەجیب مەحفوز) پێش پەنجا ساڵ نوسراوەو، کەچی ئێستا داوای قەدەغەکردنی دەکرێت، کتێبێکی (نەوال سەعداوی) پێش دەیان ساڵ چاپ کراوە، کەچی ئێستا لەدژی دەوەستن، وەك بڵێی دەیان ساڵ لەمەوبەر زانایەك، ئاین پەروەرێك نەبووبێت و ئەو نوسراوانەی نەدیبێت !

لە سەدان ساڵ لەمەو بەرەوە، ئەهرامەکانی میسرو پەیکەری بوزا لە ئەفغانستان هەبوونەو بەدرێژایی سەردەمی ئومەوی‌و عەبباسی‌و عوسمانیی ماونەتەوە، کەچی لەم سەردەمەدا تالیبان پەلاماری دەداتو، وا دەزانێت زانایانی سەدان ساڵ لەمەو بەر ئاگایان لەم پەیکەرانە نەبووەو نەیان دیوە !

جۆرێکی جلوبەرگی گەلان سەدان ساڵە بوونی هەیە لەنێو کۆمەڵگەداو، ئاینپەروەرانی پێش ئێمە هەر باسیشیان لێوە نەکردووە، کەچی ئێستا باس لە قەدەغکردنی دەکرێت !

سروودێکی وەك (ئەی رەقیب) کەنزیکەی نیو سەدەیە نووسراوەو، لەسەردەمی خۆیشیدا دەیان زانای ئاینیی پایەبەرزی کوردستان بینیویەتی، خوێندوویەتییەوە، قسەیەکیان لەسەری نەبووە، چونکە زانایانی ئەوسا لەشیعریش گەیشتوون‌و ئامانجی شیعریشیان زانیوە.

بەڵام لەسەردەمی ئەمڕۆدا هەندێك کەس بەجۆرێکی دی ئەم شیعرە لێکدەدەنەوە، چونکە یان لەزانستی کێش وقافییەی شیعر شارەزانین، یان بەپێوەری ئەمڕۆ قسەی دوێنێ هەڵدەسەنگێنن، کەئەمەش لەبەراورد کردندا هەڵەیەکی مەنهەجییە.

دەستەواژەی (دینمانە ئایینمانە هەر نیشتمان) بەکوردی کردنێکی ساکاری دەستەواژەی (حب الوطن من الأيمان)ە، بەمانای (لەدینمانە لەئاینمانە نیشتمان)، لەسەر رێڕەوی شاعیرانی دێرینمان لەداڕشتن و کورتکردنەوەو چڕکردنەوەی چەندین وشەو دێڕ لەدەستەواژەیەکدا لەبەر کێش و قافییەی شیعر.

(دینمانە، ئاینمانە هەر نیشتمان) وەك گوزارشت کردنە لە (گشت بە(بەش)ێك لێی ، وەك فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) کە فەرموویەتی: (الحج عرفه) کەدیارە (عرفة) بەشێکە لەحەج نەك هەمووحەج بێت، بەڵام لەبەرگرنگیی (عرفة) حەجی پێ پێناس دەکات، شاعیریش دەیەوێت بڵێت نیشتمان‌و خۆشەویستیی نیشتمان بەشێکی گرنگ‌و سەرەکییە لەدین‌و لەئاینمان، نەك نیشتمان بەتەنها یەکسان بێت بە دین‌و ئایین.

ئەم پێگەو جێگە مەزنەی خاك ونیشتمانیش راستییەکەو قورئانی پیرۆز بەجوانیی ئاماژەی پێکردووە.

خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا ئاماژەی بۆ شوێنی بەرچاوو هەڵکەوتووی کوردستان دەکات، وەك خاکێکی پڕ خێرو بەرەکەتی نەبڕاوە کە شایانی ئەوە بوو، ببێتە شوێنی نەجات بوون و، لانکەی دووەمی مرۆڤایەتی لە دوای تۆفانی سەردەمی (نوح)ەوە —علیه السلام— تا کۆتایی ژیانی مرۆڤ لەسەر ئەم زەوییە، بۆیە کوردستان لەو رۆژەوە، لەروانگەی بڵاوبوونەوەی مرۆڤ بەسەر ئەم گۆی زەوییەدا، بۆتە چەق و سەنتەری دیمۆغرافی بازنەی ژیانی مرۆڤایەتی.

## دەستەواژەی ( دینمانە ئایینمانە هەر نیشتمان ) بەکوردی کردنێکی ساکاری دەستەواژەی ( حب الوطن من الايمان ) ە.

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزداو، لەهەردوو ئایەتی (٢٨–٢٩)ی سورەتی (المؤمنون)دا دەفەرموێت: ﴿فَإِذَا اسْتَوَيْتَ أَنْتَ وَمَنْ مَعَكَ عَلَى الْفُلْكِ فَقُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي نَجَّانَا مِنَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ * وَقُلْ رَبِّ أَنْزِلْنِي مُنْزَلًا مُبَارَكًا وَأَنْتَ خَيْرُ الْمُنْزِلِينَ﴾.

لێرەدا، خوای گەورە خۆی داوا لە نوح —علیه السلام— دەکات کە خوازیاری ئەوە بێت لەشوێنێکی پڕ بەرەکەت‌و خێرو نعمەتی هەتا هەتایی دایبەزێنێت، بۆیە لەبەر ئەوەی ئەم ویستە، ویستێکی خواییە، ئەنجامەکەی هەروا بوو، چونکە خوای گەورە لەسورەتی (هود)داو، لەئایەتی (٤٤)دا، دەستنیشانی ئەو شوێنە موبارەکە بە چیای (جودی) دەکات: (وَقِيلَ يَا أَرْضُ ابْلَعِي مَاءَكِ وَيَا سَمَاءُ أَقْلِعِي وَغِيضَ الْمَاءُ وَقُضِيَ الْأَمْرُ وَاسْتَوَتْ عَلَى الْجُودِيِّ).

دیارە کە (جودی)یش چیایەکە لەکوردستان داو، زۆربەی (مفسر)ەکانیش لەسەر ئەمە کۆکن‌و، ئەوەندە هەیە هەندێکیان دەڵێن لەنزیك (موسڵ)ەو، هەندێکیشیان دەڵێن لەنزیکی (دیار بکر)ە، دیارە





ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە کوردستانی گەورە پێش پەیماننامەی (سایکس بیکۆ) یەك پارچە بووەو، سنووری ئیداری شارەکانیشی بەپێی وەخت لەسەر یەك بار نەبووە، جاری وا هەبووە (دیار بکر) بەرەو خوار کشاوەو، جاری واش هەبووە (موسل) بەرەو ژوور کشاوە، بۆیە لەهەردوو حاڵەتەکەدا ئەوە جێگیر بووە کە (جودی) وا لەنزیك (جەزیرە)و تا ئێستاش چیایەکی کوردستانییە.

له تەفسیری –الخازن–دا، بەرگی دووەم، لاپەرە (٣٢٨) دەڵێت: (الجودی: وهو جبل بالجزیرة قرب الموصل) لەتەفسیری –النسفی–دا هاتووە: (وهو جبل بالموصل). لەکتێبی –قصص الانبیاء–ی (عبدالوهاب النجار)یش دا هاتووە: (جبل الجودي في نواحي ديار بكر من بلاد الجزيرة) وێڕای ئەمەش، کوردستان خاوەنی خێرو بەرەکەتو فەڕی هەمیشەییە، هەر وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قِيلَ يَا نُوحُ اهْبِطْ بِسَلَامٍ مِنَّا وَبَرَكَاتٍ عَلَيْكَ وَعَلَى أُمَمٍ مِمَّنْ مَعَكَ..﴾ سورەتی (هود) ئایەتی (٤٨).

هەر لەڕووانگەی ئەم ئایەتەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە کە ئەو نیعمەتو بەرەکەتەی خوای گەورە بە کوردستانی بەخشیوە هەمیشەیی دەبێت، چونکە وشەی (البرکە) –وەك لە (مفردات الفاظ القران)ی –الراغب الاصفهانی–دا هاتووە. واتە: (ثبوت الخیر الالهي في الشيء) واتە بەرەکەت بریتییە لە جێگیربوونی خێرێکی خوایی لەو شتەدا هەروەها لەتەفسیری ئایەتی (رب انزلني منزلا مباركا) دەڵێت: (أي حيث يوجد الخير الالهي) واتە خوایە لە شوێنێکی وا دام بەزێنە کە نیعمەتێکی خوایی هەمیشەییو نەبڕاوەی پێ بەخشرابێت هەر لەبەر ئەمەشە هەر شتێك یان هەر شوێنێك کە خێرو نیعمەتی لە رادە بەدەری لێوە بێت، ناوی (موبارەك)ی بەسەردا بڕاوە، بۆیە لێرەوە دەڵێت: (ولما كان الخير الالهي يصدر من حيث لايحس، وعلى وجه لايحصى ولايحصر، قيل لكل ما يشاهد منه زيادة محسوسة هو مبارك ، وفيه بركة).

## بە پێوەری ئەمڕۆ قسەی دوێنێ هەڵدەسەنگێنن، کەئەمەش لەبەراورد کردندا هەڵەیەکی مەنهەجییە

بەدەر لەم هەموو تایبەتمەندییە کەم وێنەیەی کە نیشتمانی ئێمە هەیەتی، نیشتمانو زێدی باب و باپیران لەلای هاوڵاتیانی هەمیشە خۆشەویستەو، مرۆڤ هیوای هەموو خێرو خۆشییەك بۆ نیشتمانی خۆی دەخوازێت، ناچاریش نەبێت یان نەکرێت، زەحمەتە نیشتمانی خۆی بەجێ بێڵێ، هەر کاتێکیش لەنیشتمانی خۆی دەربکرێت، ئەوا هەموو ساتێ گەڕانەوە بۆ وڵات بە ئاوات دەخوازێت.

بۆیە کاتێك کە دەسەڵاتدارانی قورەیش، پێغەمبەر( d )و هاوەڵانیان لە (مەککە)وە دەرنا، پێغەمبەر( d ) لەدوا خاڵی سەر سنووری (مەککە)دا ڕووی کردە شارەکەی خۆی و، فەرمووی: (والله انك لخير ارض الله واحب ارض الله الى الله، ولولا اني اخرجت منك لما خرجت) رواه احمد والنسائي والترمذي وقال حديث صحيح.

تەنانەت پێغەمبەر( d ) ئەوەندە لەبیری شاد بوونەوە بە (مەککە) بوو، ئەو کاتە دڵنیا و ئارام بوو کە خوای گەورە بەڵێنی گەڕانەوەی پێدا بە ئایەتی: ﴿ان الذي فرض عليك القران لرادك الى معاد﴾ القصص (٨٥).

لرادك الى معاد: واتە ئەتگێڕینەوە بۆ (مەککە).

هەر لێرەوە موژدەیەکی گەورە هەیە بۆ هەموو ئەوانەی کە لەسەر خاکی خۆیان دەردەکرێن، کە ڕۆژێك دادێت بە ژوانگەو نیشتمانی خۆیان شاد ببنەوە، چونکە خوای گەورە ناوی ئەو شوێنەی کە مرۆڤ تیایدا لە دایك دەبێت بە (معاد) ناو دەبات واتە ئەو شوێنەی کە بۆی دەگێڕێتەوە، بۆیە شێخ –حسنین محمد مخلوف– لە (صفوة البيان لمعاني القران)دا دەڵێت: (وسمي بلد الرجل الذي كان فيه : معادا، لانه عادة يتصرف في البلاد ثم يعود اليه).

## هەندێك کەس بەجۆرێکی دی ئەم شیعرە لێکدەدەنەوە، چونکە لەزانستی کێش و قافییەی شیعر شارەزا نین

جا لەبەر هەموو ئەمانەو، لەبەر ئەوەی ئەوە ویستی خوایەو ئیرادەی خوایە کەهەر مرۆڤێك لەشارو شارۆچکەو گوندێکی دیاری کراودا لەدایك دەبێت، بۆیە خۆش ویستنی نیشتمان خوا کردەو، ئەوانەش کە خەڵکی لەسەر خاك وماڵی خۆیان دەردەکەن، تاوانێکی گەورە بەم کارەیان ئەنجام دەدەن و، خۆیان لەقەرەی کارێك دەدەن کە خوای گەورە حەرامی کردووە: ﴿ثُمَّ أَنْتُمْ هَؤُلَاءِ تَقْتُلُونَ أَنْفُسَكُمْ وَتُخْرِجُونَ فَرِيقًا مِنْكُمْ مِنْ دِيَارِهِمْ تَظَاهَرُونَ عَلَيْهِمْ بِالْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَإِنْ يَأْتُوكُمْ أُسَارَى تُفَادُوهُمْ وَهُوَ مُحَرَّمٌ عَلَيْكُمْ إِخْرَاجُهُمْ﴾ سورەتی البقرە – ئایەتی(٨٥).

چونکە گەلی بێ خاك و نیشتمان، گەلێکی ڕوو لە مردنە، دەرچوونی خەڵکی لە خاکی خۆی یانی هەڵبژاردنی مردن، بۆیە، ئەوانەی لەترسی تاعوونو مردن، وڵاتی خۆیان بەجێ هێشت، هەر بەو کارەیان مردنیان هەڵبژارد، بۆیە خوای گەورە لەبارەیانەوە دەفەرموێت: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ خَرَجُوا مِنْ دِيَارِهِمْ وَهُمْ أُلُوفٌ حَذَرَ الْمَوْتِ فَقَالَ لَهُمُ اللَّهُ مُوتُوا ثُمَّ أَحْيَاهُمْ..﴾ سورەتی البقرە – ئایەتی (٢٤٣).

بۆیە بێ نیشتمانیو دەرکردنی خەڵکی لەخاکی خۆی، بەرامبەرە لەگەڵ کوشتنی ئەو کەسەدا، وەك بڵێی چ کوشتنی هاوڵاتی یان

دەرکردن لەخاکی خۆی، بۆیە خوای گەورە بە ئیشارەت بۆ ئەم هاوکێشەیە، ئاگادارمان دەکاتەوە لەئایەتی (٦٦)ی سورەتی (النساء)دا: ﴿وَلَوْ أَنَّا كَتَبْنَا عَلَيْهِمْ أَنِ اقْتُلُوا أَنْفُسَكُمْ أَوِ اخْرُجُوا مِنْ دِيَارِكُمْ مَا فَعَلُوهُ إِلَّا قَلِيلٌ مِنْهُمْ ..﴾. ئەم ئایەتانە گەرچی لە (سیاق)ێکی مێژوویی و تایبەت بەهەندێ نەتەوەو، هەندێ حاڵەتی دیاریکراودا هاتوون، بەڵام لەهەموویان دا ئەو هێماو ئاماژانە دەردەکەونو وەردەگیرێن کە دەرکردنی هاوڵاتی لەخاکی خۆی حەرامەو، ئەنجامدانیشی بکەرەکەی دەخاتە بازنەی تاوانێکی گەورەوە.

بۆیە خوای گەورە هەڕەشەی سەخت لەو دەسەڵاتدارو کاربەدەستانە دەکات کە پێغەمبەران و شوێن کەوتوانیان لەخاکی خۆیان دەرکردووە، بۆیە خوای گەورە لە ئایەتی (١٣)و (١٤) سورەتی (ابراهیم)دا دەفەرموێت: ﴿وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لِرُسُلِهِمْ لَنُخْرِجَنَّكُمْ مِنْ أَرْضِنَا أَوْ لَتَعُودُنَّ فِي مِلَّتِنَا فَأَوْحَى إِلَيْهِمْ رَبُّهُمْ لَنُهْلِكَنَّ الظَّالِمِينَ * وَلَنُسْكِنَنَّكُمُ الْأَرْضَ مِنْ بَعْدِهِمْ ذَلِكَ لِمَنْ خَافَ مَقَامِي وَخَافَ وَعِيدِ﴾.

هەروەها لە سورەتی (محمد)یش دا لەئایەتی (١٣) دا دەفەرموێت: ﴿وَكَأَيِّنْ مِنْ قَرْيَةٍ هِيَ أَشَدُّ قُوَّةً مِنْ قَرْيَتِكَ الَّتِي أَخْرَجَتْكَ أَهْلَكْنَاهُمْ فَلَا نَاصِرَ لَهُمْ﴾.

لەبەر ئەوە دەبێت هەموو مرۆڤێك دژی راگوێزانی خەڵکی دی بێت و، قبوڵ نەکات بخرێتە جێگەی خەڵکانی دی چونکە خوای گەورە رێگەی داوە بە مرۆڤی زوڵم لێکراو کە ئەو کەسە دەربکات کە ئەمی لە شوێنی خۆی دەرکردووەو شوێنی پێ لەق کردووە، بۆیە دەفەرموێت: ﴿واخرجوهم من حيث اخرجوكم﴾ سورەتی البقرە — ئایەتی (١٩١).

تاوانێکی دیکەش کە لەئاستی تاوانی راگوێزان دایەو، بگرە گەورەتریش ئەویش گۆڕینی ناسنامەی نەتەوایەتی گەلانە، چونکە ئەوە ئیرادەی خوای گەورەیە کە هەر مرۆڤێکی خستۆتە بازنەی نەتەوەیەکی دیاری کراو و، زمانێکی تایبەتیشی پێ بەخشیوە، بۆیە گۆڕینی ناسنامەی نەتەوایەتی گەلانو، گۆڕینی زمانیان، وەستانە لەدژی ئیرادەی خوای گەورە، چونکە (رەنگ)و (دەنگ)ی گەلان نیشانەیەکە لە نیشانەکانی باڵادەستی خوای گەورە: ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِلْعَالِمِينَ﴾ سورەتی الروم— ئایەتی (٢٢). لەبەر ترسناکی هەردوو مەسەلەی راگوێزانو گۆڕینی ناسنامەی گەلان، هەر یەکەیان لەپاڵ مەسەلەیەکی گرنگو سەرنج راکێشدا هاتوونەتە باسکردن.

(راگوێزان) لە قورئاندا خراوەتە پاڵ شەڕ کردن لە دژی دین، بۆیە مەرجەکانی گرێدانی پەیوەندییەکی ئاشتیخوازانە لەگەڵ بێ باوەڕاندا، دوو مەرجن، یەکەم: شەڕی دینمان لەگەڵ نەکەن، دووەم: لەخاكو نیشتمانی خۆمان وەدەرمان نەنێن: ﴿لَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُمْ مِنْ دِيَارِكُمْ أَنْ تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ﴾ الممتحنة (٨).

بەهەمان شێوەش هەڵبژاردنی (دەنگ)و (رەنگ)ی هەر نەتەوەیەکیش لەقورئاندا خراوەتە پاڵ نیشانەیەکی تری باڵا دەستیی خوای گەورە، کە دروست کردنی ئاسمانەکانو زەوییە، وەك بڵێی **سڕینەوەی (دەنگ)و (رەنگ)ی هەر نەتەوەیەك وەك هەوڵدان بێت بۆ سڕینەوەی ئاسمانەکانو زەوی، کە ئەمەش ئەو پەڕی وەستانەوەیە لەدژی ئیرادەی خوای گەورە.**

* بەڕێوەبەری پڕۆژەی پرد بۆ توێژینەوەو، یەکەم وەزیری ژینگەی عێراق دوای ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام.

## زانایانی ئەوسا لەشیعر گەیشتوونو ئامانجی شیعریشیان زانیوە



## د. سەباح بەرزنجی:

# بە هەڵنەستانەوە بۆ سروودی (ئەی ڕەقیب) خەڵکێکی زۆر بێزار بوو

پەرلەمانتارێکی پێشووی کۆمەڵی ئیسلامی ڕەخنە لە دوو پەرلەمانتاری حیزبەکەی دەگرێت، کە لەبەر سروودی ئەی رەقیب هەڵنەستاونەتەوەو، بە کارێکی پێچەوانەی عورفو رێساو سیاسەتی کۆمەڵیان لە قەڵەم دەدات.

د. صباح بەرزنجی، کە سەرکردەیەکی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستانە لە چەند پۆستێکی جیاواز، لەسەر پەڕەی فەیسبووکی خۆی سەبارەت بە هەڵنەستانەوەی دوو پەرلەمانتاری حیزبەکەی لە پەرلەمان لەبەر سروودی ئەی رەقیب، ڕەخنەی توندیان ئاراستە دەکات، نوسیویەتی "پێویست بە تەبریرو پاساو ناکات ئەو دوو پەرلەمانتارەی دوێنێ لە پەرلەمانی کوردستان لەبەر سروودی ئەی ڕەقیب هەڵنەستانەوە کارێکی پێچەوانەی عورفو رێساو سیاسەتی کۆمەڵیان ئەنجامدا، ئەو دوو بەڕێزە هیچ لەو چوار پەرلەمانتارەی تر دیندارترو، زاناتر نین، دەبوو ئەوان وەك سەرۆکی لیستەکەیان رەفتار بکەن، نەك بەم کارەیان خەڵکێکی زۆری کوردستان بێزار بکەن!"

لە پۆستی دوەمیدا لە فەیسبوك سەبارەت بە لێدوانەکان بۆ شیعرەکەی دڵداری شاعیر، ( ئەی ڕەقیب ) نوسیویەتی " شیعرەکەی دڵداری شاعیر ( ئەی رەقیب ) زۆر خراپ لێکدراوەتەوە، یەکەم مەبەستی ئەو لە رەقیب خودا نیە، بەڵکو مەبەستی ناحەزو نەیارانی گەلی کوردە، دووەم ئەو نالێ: دانەری تۆپی زەمان، دەڵێ: دانەیێ تۆپی زەمان، واتە ئەو دانانەی کە رۆژگار هەیەتی ناتوانێ ئەم میللەتە بشکێنێت، فیعلەن وایە، خوای گەورە ئەم گەلەی لە کۆنەوە پاراستووە، سێیەم کە دەڵێ: دینمانە ئاینمانە نیشتیمان، مەبەستی ئەوەیە کە داکۆکی لە نیشتیمان بکات، کە بەشێکی گرینگی ئایینی ئێمەیە، ئایا ئیسلام داکۆکی لە نیشتیمان بە واجی هەموو تاکێك نازانێ؟ مەگەر رەسولی ئەکرەم ( درودی خوای لەسەر بێت ) گەورەترین خزمەتی بە نیشتمانی خۆی نەکردووە؟ تەنها رەخنەیەك لەم شیعرە دەگیرێ ئەوەیە، کە کورد دەکاتە رۆڵەی کەی خەسرەو کە بێگومان هیچ مێژوو نوسێك ئەمەی قبوڵ نیە، کەسێکیش ئاگاداری زمانی شیعرو تەکنیکی شیعرو تەئویلاتی دەق نەبێ حەق نیە بەم شێوەیە فتوای لەسەر بدات، لەگەڵ رێزم بۆ ڕای پێچەوانە.

تێبینی: دەقی ئەم بابەتە لە لاپەڕە (٦) رۆژنامەی هەولێر ژمارە (١٧٧٠)ی بەرواری ٢٠١٣/١١/١٠ دابەزیوەو وەرگیراوە.

# وشەی (رەقیب)
# لە فەرهەنگە عەرەبیو فارسیەکاندا

مەریوان صالح قادر*

ئەم وشەیە لەبنەڕەتدا وشەیەکی عەرەبیەو بەمانای (کەسی پاسەوان، چاودێری خودی خۆی دەکات بەر لەوەی خەڵك پێی بڵێ، دەست پاك، پاسەوان، الله، پارێزگار، چاوەڕوانکەر، چاودێر، ناوێکی جوانی پەروەردگارە، ئێشکگر، تێبینیار... هتد) دێت.

دوای بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام لەناوچەکە وشەکە هاتۆتە ناو نوسینی ئەدەبیاتی فارسییەوەو گۆڕانکاری بەسەر واتای وشەکەدا هاتووەو مانای تر دەبەخشێو لەئەدەبیاتی فارسیدا ڕەنگی داوەتەوەو لەوێشەوە بەبۆنەی خوێندنی ئەدەبیاتی فارسی لەحوجرەکاندا بەهەمان واتاو بەکارهێنانی فارسەکان لەئەدەبیاتی کوردیشدا ڕەنگی داوەتەوەو لەشیعرە کوردییە کلاسیکییەکاندا زۆر بەکارهێناوە، کەجگە لەمانا عەرەبییەکان بەم مانایانەش بەکارهاتووە وەکو (بەربەرەکانێکەر، ململانێکەر، چاودێر،.. هتد).

بەکار هێنراوەو زیاتر لەئەدەبیاتدا بەمەبەستی (دووکەس کەیەك دلبەریان هەبێتو هەریەکە ئەوی تریان بە بەدکارو دوژمنی خۆی دادەنێتو هەمیشە دەیانەوێت کە ئاگایان لەهەڵسوکەوتی یەکتر بێت) یان (ئەو کەسەی کە هەوڵ دەدات پێش کەسێ یان چەند کەسێ بکەوێ لە بەدەستهێنانی پلەیەك یان شوێنێك یان پایەیەك) یان (کەسێ بۆ گەیشتن بەئامانجێ لەگەڵ کەسێکی تر یان چەند کەسێکی تر ململانێ دەکات) یان (پاسەوانو چاودێریکەری شازادەکان).

بەڵام لەئەدەبیاتی کوردیدا ڕەقیب کەسێکە ناهێڵێت دوو عاشق بگەن بەیەکتر، چوون بەردەوام چاودێرییان دەکات، کەسی ڕەقیب کەسێکی بێزراو و نادروستە کەس حەزی لەچارەی نییە، لەشیعری (ئەی ڕەقیب)ی دڵداردا ڕەقیب دەتوانرێ بەو هێزانە بوترێ کەنەیاری نەتەوەی کورد بوونو هەوڵیان داوە نەهێڵن کورد بەمەقسەدو مەرامی خۆی بگات.

کەواتە دەتوانرێ بوترێ ڕەقیبی قەومی کورد هێزێك یان نەتەوەیەك، سیستەمی سیاسی لایەکی نەیاری کورد بێت کەبوار نەدات میللەتی کورد مافەکانی خۆی بەدەست بهێنێت، لەناو عەرەبەکاندا خوا کەوەکو ڕەقیب بەکار هاتووە خوا ڕەقیبێکی باشە بۆ مرۆڤەکان بۆ ئەوەی لەهەڵە بەدوور بن، کەواتە خوا چاودێریکەرێکی باشە، بەڵام لای فارسو کورد ڕەقیب کەسێکی شایان بەڕێز نییەو هەوڵ دەدرێت خۆیانی لێ بدزنەوە بۆ ئەوەی ڕێگر نەبێ لەگەیشتن بەئامانجەکانیان.



نمونەی شیعری

**کوردی**

**ڕەهەندەی دەستی کەس نیم خۆت دەزانی**
**فیراری جەوری ئەغیارو ڕەقیبم**

**سالم**

**یارم لەئەندەروون هات دەستی ڕەقیب لەدەستا**
**غەمناك و شادمانم ڕەحمەت عەزابی هێنا**

**نالی**

**بەشەڕ هاتن ڕەقیب و موددەعی من**
**خۆشی خۆشیمە**
**کەدەعوایە لەهەرلایە بکوژرێ سوودی ئیسلامە**

**سەرچاوەکان:**


١- المنجد في اللغة (لاپەڕەی ٢٧٤).
٢- قاموس المحيط (لاپەڕەی (٥٢٣).
٣- مختار الصحاح (لاپەڕەی ٢٥٢).
٤- فەرهەنگی عەرەبی کوردی دەریا (لاپەڕەی (٣٣٧و ٣٣٩).
٥- ئەلمونجید بەکوردی (لاپەڕەی ٢٧١).
٦- فەرهەنگی فارسی کوردی هەژیر (لاپەڕەی ٦٤٧).
٧- فەرهەنگی فارسی کوردی کاوە (لاپەڕەی ٨٣٥).
٨- فرهنگ فارسی فارسی معین یك جلدی (لاپەڕەی ٤٣٧).
٩- فرهنگ فارسی فارسی عمیدجلد دووەم (لاپەڕەی ١٠٥٠ تا ١٠٥٢).
١٠- فرهنگ فشردە سخن. فارسی فارسی جلد ١ (لاپەڕەی ١١٤٣).
١١- فرهنگ هشت جلدی فارسی فارسی سخن (لاپەڕەی ٣٦٦٢).
١٢- فەرهەنگی دیوانی شاعیران (لاپەڕەی ٤٤٠).


*** بەڕێوەبەری قوتابخانەی قەندیلی بنەڕەتی لەکەلار**

# دڵدارو ئەی رەقیب

## شێمحەمەد باڵەك



ناوی یونسە، کوڕی مەلا رەئوف کوڕی مەحموود کوڕی مەلا سەعدە، لە بنەماڵەی خادیمولسەجادەیە، لە ١٩١٨/٢/٢٠ لەکۆیێ لە دایك بووە، دایکی ناوی زەهرەیە، کچی خورشیدە فەندییە، دڵدار لەبیرەوەرییەکانیدا دەڵێ (فامیلیای دایکم عەلەمزادەن‌و لە زەهاوەوە هاتوونەتە قەراغ زێی کۆیە، (رەنگە مەبەستی ئەو زێیە بێت کە بە تەق تەقدا تێدەپەڕێت–س.ع) تا حاجی قادری کۆیی مەشهور لەم فامیلیایەیە). دەربارەی باوکی دایکی خۆی، خورشیدە فەندی هەروەها دایکی دەڵێ: (ئەڵێن کاتبێکی چاك و پیاوێکی عاقڵ بووە، دایکم ئافرەتێکی دڵنەرمی جار جار زۆر تورەی، سەخی، بەتەدبیرەیە، بێجگە لەوەش زۆر موتەحەمیلەیە، وە عیززەتی نەفسێکی زۆر نادری هەیە).

دڵدار لەکۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی لە دایك بوو، کە تورکی عوسمانلی کوردستانیان تالأنکردو بە هەزاران کەس لەبرسان مردن.

ئەو تالأنە چاڵە گەنمەکانی ماڵی مەلا رەئوفی باوکی دڵداڕیش دەگرێتەوە. تەمەنی دڵدار یەك ساڵ دەبێ کە ماڵیان بۆ رانییە باردەکا، چونکە باوکی بەهۆی کارە ئیدارییەکەیەوە دەگوازرێتەوە بۆ رانیە، بەڵام وادیارە باوکی دڵدار لە تورکچییەکان بووە بۆیە فەرمانبەری لەژێر سێبەری ئینگلیزەکان قبووڵناکاو بە ماڵەوە دەگەڕێتەوە بۆ کوێێ، لە کۆیەش دیارە نەیاری هەبوون بۆیە دەچێتە لای مەلا ئەفەندی لە هەولێرو ئەویش گوندی (بێستانە)ی دەداتێ تا کشتووکاڵی لێ بکاو پێی بژی، دواتر نێوانیان دەگەڵ مەلا ئەفەندی تێکدەچێ و بێستانەی لێ دەستێنێتەوە، دوای ئەوە بە کولأو دروون ژیان دەبەنە سەر لەو بارەیەوە دڵدار دەنووسێ (حەقیقەتەن ئەگەر کولأو دروون نەبوایە بەهیلاك دەچووین). دڵدار لە تەمەنی ١٤ ساڵییەوە وەکو خۆی لە بیرەوەرییەکانی دەگێڕێتەوە تووشی نەخۆشییەکی زۆر گران دەبێ، لە ئەنجامی ئەو نەخۆشییە لاڵ دەبێ کە زمانیشی دەگرێتەوە، تا دواساتی ژیانی ئەو زمان گیرانەی هەر دەمێنێ و لە کۆڕو کۆبوونەوەکاندا گوتاری بۆ نەخوێندراوەتەوە.

لەساڵی ١٩٢٧ماڵی مەلا رەئوفی باوکی دڵدار لە هەولێرەوە دەگەڕێنەوە بۆ کۆیە چونکە باوکی دڵدار دووبارە دەگەڕێتەوە سەر کاری حکومەت لەرانیە. لەتەمەنی نۆ ساڵیدا دڵدار لەشاری کۆیە دەنێردرێتە قوتابخانە، ساڵی دواتر ماڵیان دەچێتەوە رانیەو لەساڵی ١٩٣٠ سەعدی برای دڵدار کە فەرمانبەر بووە لەهەولێر دڵدار لەگەڵ خۆی دەبا بۆ هەولێرو لەوێ دەینرێتە قوتابخانە، لەساڵی ١٩٣٢ دیسان ماڵی باوکی دێتەوە کۆیەو دڵداریش کە پۆلی چواری سەرەتایی دەبێت لە هەولێرەوە دێتەوە بۆ کۆیە بۆ لای ماڵی باوکی و لەوێ دەینرێنەوە بۆ قوتابخانە.

لەساڵی ١٩٣٣ لە تەمەنی چوارە ساڵی و پۆلی پێنجی سەرەتایی بووە دیوانی حاجی قادری کۆیی دەخوێنێتەوە، کاریگەریی حاجی قادر رێڕەوی ژیانی دەگۆڕێ و خولیای بیری نەتەوایەتی تێکەڵ بە مێشك و خوێنی دەبێ، لەساڵی ١٩٣٤ پۆلی شەشی سەرەتایی لە کۆیە تەواو دەکا، پێش تاقیکردنەوەی سەری ساڵ مامۆستاسەکی دڵدار بەناوی زەکییە فەندی گۆڤارێکی میسری دێنێتە قوتابخانە، فاڵی تێدا دەبێ و بۆ قوتابیانی دەگرێتەوە، ژمارەی ئەو فاڵەی دڵدار هەڵیدەبژێرێ لێی دەنووسرێ (تۆ لە ژیان سەرناکەوی، لەبەر ئەوەی تۆ دەتەوێ دوو چۆلەکە بە بەردێك بکوژی، چۆلەکە هەڵدەفڕن و تۆ بە دڵشکاوی دەگەڕێیەوە) هاوپۆلەکانی گاڵتەی پێدەکەن و پێی پێدەکەنن، دڵدار دەڵێ: (دەستم درێژ کردە پەنجەرەکەی پشتەوەم قورئانێکم هێنا زۆر بە تەوسەوە سوێندم خوار کە مومکین نییە من هەر ئەبێ ناجح بم وە لە حەیات سەربکەوم لەسەر ئەوە زەکی ئەفەندی رووی وەرگێڕایە قوتابییەکان وتی فاڵ درۆیە، هەرکەسێ عەزمی هەبێ ئەو ناجح ئەبێ).

ساڵی ١٩٣٥ جارێکی تر دێتەوە هەولێر بۆ خوێندن قوتابخانەی ناوەندی لەهەولێر تەواو دەکا، لەساڵی ١٩٤٠ لە کەرکووك دەخوێنێ و لەوێ دواناوەندی تەواو دەکا، لەماڵی ئایەفی برای کە مووچە خۆری دەوڵەت بووە لە دائیرەی (رەی) ئاودێری دەبێ لە کەرکووك. لەساڵی ١٩٤٥ کۆلێجی مافەکان (حقوق) لە بەغدا تەواو دەکا.

لە رۆژی ١٩٤٨/١١/١٢دا لە شاری هەولێر دڵدار بەنەخۆشییەکی کتوپڕ کە تەنیا شەوێك ژیا، دوای نەخۆشییەکە کۆچی دوایی دەکات.

دڵدار لەساڵی ١٩٣٨ چووە ناو حیزبی هیوا کە مامۆستا رەفیق حیلمی سەرۆکی بووە، بەماوەیەکی کەم دڵدار بووە بە سکرتێری حیزب، لەساڵی ١٩٤٥ حیزبی هیوا هەڵوەشایەوە، لەساڵی ١٩٤٦ دڵدار چووە ناو حیزبی (تحرر) لە کۆتایی ژیانیشی باوەڕیشی بە بەرنامەی حیزبی (تحرر) نامێنێ و پێی وا دەبێ کورد حزبی تایبەت بە خۆی هەبێ و حسابی لە هی عیراقییەکان جودا بکاتەوە. بەم دواییانە دەڵێن کۆنە سەرکردەکانی حزبی (تحرر) دان بەوەدا دەنێن کە پێشنیارو بیروراکانی دڵدار راست بوون.

دڵدار لە چلەکاندا لە خەباتێکی سەختی نەتەوایەتی و چینایەتی و کۆمەڵایەتی و نیشتیمانیدا بووە، شێعری (توتنەوان)و (لالە باس) نموونەی بەرزترین چینپەروەری دڵدارن. دان بەخۆداگرتن و خۆڕاگرییەکەی دڵدار لەبەرامبەر دەسکورتی‌و نەبوونیدا مەگەر وێنەی ئەو هەر لەیەکێکی وەکو مەناحیم بێگنی سەرکردەی جوولەکەدا بدیترێ. کە چوار ساڵی کۆلێجی رۆژی بەیەك ژەم نان خواردن تەواو کردووە. پارەی دوو ژەمەکەی تری لە کاری (رێکخستن)دا خەرج کردووە –جا ئەم چییە؟ سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان دەتوانن ساڵ وەساڵ بە رۆژوو بن– مامۆستا مەسعوود محەمەد هاوەڵ خوێندکاری دڵدار لە کۆلێجدا، دەڵێ جاری وا هەبوو شەو و رۆژێك دڵدار پارەی نەبوو نان بخوا، کەچی لای ئێمەی هاوەڵ خوێندکاری دەنگی نەدەکردو ئێمەش لەسەر ئەو خووەی لێی تورە دەبووین.

شەرمنی و خۆخواردنەوەو قسە بۆ نەهاتن لەکاتی پێویستدا

نموونەی ئەمانە ژان ژاك رۆسۆ، ژنێفغی فەرەنسی نووس و گۆران و پیرەمێردو کامەران موکری کورد. دیارە ئەم ڕێژەی شەرمنییە لەناو کورددا دەبێ زۆر بەرزبێ بەهۆی پەروەردەی تەنگاوکەری خێزان بەرامبەر منداڵ و چوار چێوەی پێت خۆشبێ و پێت ناخۆشبێ، دەبێ بیکەی، مەکەو عەیبە، مەکەو گوناحە... .

## نموونەی شیعری دڵدار - ئەی ڕەقیب

ئەم شێعرەی دڵدار بەناوبانگترین شێعرە یاخود ناسراوترین شێعرە لەناو تەواوی ئەدەبیاتی کوردیدا، لەجێی خۆیدایە بڵێین

١- ڕاگەیاندنی پارتی کرێکارانی کوردستان ئەم شێعرەیان شێواندووە کە بە سروود بە زاراوەی کرمانجی باکوور دەیڵێنەوە، (کەس نەلی کورد مردبن- کورد زیندبن) تاد... تکایان لێدەکەم کاسێتی ئەو سرووده تێکهەڵشێدراوه بسووتێنن و یەکێك لەو کاسێتانە لێبدەن کە سۆرانیان گوتویانە، چونکە بێجگە لەوەی شێعری سرووده‌کە بەهەڵە دەخوێندرێتەوە، مەسەلەی (فۆنەتیك)زۆر حیسابی بۆ دەکرێ لە هونەری گۆرانیدا، بۆنموونە لە خواو لە هەورامییەکان بەدەر کە ناتوانێ (گ)ی دەربەنگ (دەربەند) دەربڕێ (تەلەفون) بکا (گ)ەکەی ئاسایی نییە، شتێکە لە نێوان (گ) و (غ)دا، دەبێ پسپۆڕانی ئەو بوارە ناوێك بۆ ئەو پیتە هەورامییە بدۆزنەوە. هەروەها لە زاراوەی هەورامی (س) و (ز)ی ئاسایی تێدا نین، بەڵکو (پ) (ژ)ن.

بۆنموونە ئەم شێعرە ئاوا دەنووسرێ:

**گوڵ چون رووی ( ئازیز نەزاکەت ) پۆشان**
**وەفراوان چون ( سەیل ) یدەی من جۆشان**

بەڵام ئاوا دەخوێندرێتەوە:

**گوڵ چون رووی ( ئاژیژ نەژاکەت ) پۆشان**
**وەفراوان چون ( ئە یل ) دیدەی من جۆشان**

ئەم جۆرە دەربڕینە کورد پێی دەڵێ پیسە زمانی.

٢- دوو ساڵێك لەمەوبەر لەناو دوو حیزبی دەسەڵاتدار لەهەرێمی کوردستان هەوڵێکی زۆر درا بڕیارێکی پەرلەمان دەربچێ کە سروودی (ئەی ڕەقیب) وەك سروودێکی ڕەسمی نەمێنێ و ڕەش بکرێتەوە، لەوە دەچوو لەلایەن ئەو تورکمانانەوە دوایان لێکرابێ کە ڕاستەوخۆ سەر بە تورکیان. پێشنیازەکە زۆر ڕای لەیەکتر جیاوازی لە جان و رەخان پەیدابوون، لەوانەی کە دژی بوون، یان لەگەڵیدا بوون، بەندە بە گوتارێکی توند بەرپەرچم دایەوە، دوای بەدوای گوتارەکەی من زۆری پێنەچوو بەیانێکی سەرۆکی هەرێم دەرچوو کە سرووده‌کە وەکو خۆی دەمێنێتەوەو ڕازی نیم ئیتر کەس باسی ئەو بابەتە بکات، جا نازانم کاریگەریی گوتارەکەی من و نووسین ناڕەزاییەکانی دیکەبوو کە کاری کردە سەرۆکی هەرێم یان هۆیەکی تر هەبوو یان هەردووکیان بوون پێکەوە.

**ئەی ڕەقیب**

**ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد زوبان**
**نای رمێنێ دانەیی تۆپی زەمان**
**ئێمە رۆڵەی رەنگی سوورو شۆڕشین**
**سەیرکە خوێناوییە رابردوومان**
**ئێمە رۆڵەی میدیاو کەی خوسرەوین**
**دینمانە ئاینمانە نیشتیمان**
**کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە**
**زیندووە هیچ نانەوێ ئاڵاکەمان**
**چەند هەزار لاوانی کوردی نەڕڕەشێر**
**بوون بە قوربانی و هەموویان نێژران**
**لاوی ئێستاش حازرو ئامادەنە**
**جانفیدانە جانفیدانە جانفیدان**
**لاوی کورد هەڵسانە سەرپێ وەك دلێر**
**سا بە خوێن نەخشی ئەکەن تاجی ژیان**
**کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە**
**زیندووە هیچ نانەوێ ئاڵاکەمان**

مانای وشە:

ڕەقیب: واتا حەرفییەکەی (چاوراددێن)ە، بەڵام مەبەست لەوەیە ئەگەر دوو کەس یان دوو لا بەتەمای یەك شت بن لەسەر ئەوشتە یەکتر بدۆزن (ببوغزێنن)، زوبان: زمان، میدیا:خاکی ماد-ی بنەچەکەی کوردان، کەی خوسرەو: شایەکی بەناوبانگی ساسانیان بووە هەندێك مێژوو نووسی وەکو ڕەشید یاسەمی دەڵێن بنەماڵەی ساسانیان کورد بوون، جانفیدا: گیانفیدا، فیدایی، لەخۆبوردوو، خۆگۆریگەر.

## لێکدانەوەی شێعرەکە

ئەم شێعرە لە کۆتایی ساڵانی سی سەدەی بیستەمدا لە کەرکوك نووسراوە، ئەوسا باشووری کوردستان لەدەست ئیستعماری پێشکەوتووی ئینگلیز و کۆلۆنیالیزمی داگیرکەری دواکەوتووی عیراقدا بوو، ئینگلیز داگیرکەرێکی دوورە دەست و کاتی و لەسەر کشانەوە بوو. مێژووی هەزاران ساڵە شاهیدی (دوژمنایەتی کورد و عەرەب) بووە بەتەنێ لەسەر ئەوەی کورد لەسەر خاکی خۆیان و بۆ عەرەبی بەجێناهێڵن.

مەبەستی دڵدار لە وشەی ڕەقیب (هەوێ) تورك و عەرەب و فارسن بەتایبەتی عەرەب، نەك ئینگلیز و فەرەنسە، چونکە ئینگیز و فەرەنسا بەدوای ئابووریەکەوەن و قەت بەتەمای ئەوەنین کوردستان ببێتە بەشێك بە خاکی خۆیان کە شیوعیەکان بە چاواشەی ئەوەوە قسەیان دەکرد، بە هاندانی سەفارەتی سۆڤیەت لە بەغدا، دڵدار وەکو تاکە سوار دێتە مەیدانی ئەو هاتووهاوارە مەترسیدارەو بێ ترس دەڵێ:

- ئەی عەرەب و ئەی کوردی مێشك عەرەب: ستالینیش بڵێ کورد زوبان قەوم (نەتەوە)نیە، هەر قەومەو ئەو قەومەش هەرماوە.

- تۆپی کارەساتی ڕۆژگار یەك تۆزقاڵ کاری تێناکاو قەڵا سەختەکەی ناڕووخێنێ.

- ئێمە رۆڵەی رەنگی سوو- کەخوێنی شەهیدان و ئاگری کاوە ئاسنگەرە - و شۆڕشین لە مێژوودا، مێژوو بخوێنەوەو تەماشای رابردووی خوێناویمانکە.

- ئێمە رۆڵەی مادەکانو کەی خوسرەوین (کە مەرجەعی ئارییاییەکانی جیهانی بوون)

(حوکمدان لەسەر هەڵەو ڕاستیی بەکار هێنانی وشەی (کەی خوسرەو) لێکۆڵینەوەی دەوێ، چونکە مێژووی کوردستان و ئێران تێك ئالاو تێك چرژاوە، بەڵام ئەگەر ڕاستیش بێ کورد ئەو ڕاستییە لەبیرخۆ بباتەوە باشترە، چونکە فارس زۆر لەمێژە لەبیرەخۆی بردۆتەوە کە ئێمە لە میرات یەکسانین). دین و ئاین مان نیشتیمانمانە (ڕوحمان لەگەڵ نیشتیمان دەچێ)

- کەس بە بەهانەی هیچ تیۆرێکەوە نەڵێ کورد مردووە، زیندووەو ئاڵاکەشمان قەت نەوی نابێ (دواجار سەرکەوتن هەر بۆ ئێمەیە)

- هەزاران لاوی کورد وەکو شێری نێر وابوون، کوژران و بوون بە قوربانی خاکی کوردستان و لەم خاکەدا نێژران.

- لاوی ئێستاش لەوان ئامادەترو گیان لەسەر دەستترن (بۆ خۆ بەکوشت دان و فیداکاریی) گیانفیدان....

-لاوی کورد هەستاونەتە سەرپێ و ڕاپەڕیون وەك پاڵەوان مەیدان، کە ژیان شای سروشت و وەڵاتە، لاوانی کورد بەخوێنی خۆیان تاجی ئەو شایە دەنەخشێنن (ژیانێکی خۆش بۆ نەتەوەکەیان دابین دەکەن).

- کەس نەڵێ کورد مردووە، تاد....

تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆڤاری k21 ژمارە (١٥) بڵاوکراوەتەوە.

**سەرچاوەکان:**


١-دڵدار/ شاعیری شۆڕش گێڕی کورد/ نووسینی عەبدوەلخالق عەلائەدین/ چاپخانەی دار أفاق عربية/ بغداد ١٩٨٥

٢- سەرهەڵدان و رووخانی سیستمی میرنشینی لە کوردستان/ نووسینی سەعد بەشیر ئەسکەندەر/ وەرگێڕانی جەوهەر کرمانج/ سلێمانی ٢٠٠٩

٣- لە بیرەوەرییەکانی بەهائەددین نوری، کەیەکێکە لە سکرتێرەکانی حزبی شیوعی عیراقی/ چاپی سلێمانی.

٤- ئەم نووسینە کاریگەریی زۆر سەرچاوەو رووداوی بەسەرەوەیە لەبەر ئەوەی سەرچاوەکان لەبەر دەستدا نەماون.

# پەیامی کوڕی دوو شەهید لەڕۆژی ئاڵای کوردستان

مەلا هندرێن بالیسانی[1] (إبن الشهیدین)[2].



لەم رۆژگارەمان کە تەماشا دەکەین هەموو گەلەکان سەربەخۆنو کیانی تایبەت بە خۆیان هەیە، ئەوەی من بزانمو ئاگاداریم تاکە گەلو نەتەوەیەك بێ وڵاتو سەربەخۆ نەبێت میللەتی کوردە کە نزیکەی چل ملیۆن کەس دەبێ ئەویش بەسەر چەند وڵاتێکدا وەکو گۆشتی خێر دابەشکراون، لە وڵاتی سعودیە کاتێ لە سەفەری حەج بووین لەگەڵ شێخەکانیان دەکەوتینە گفتوگۆ: دەمان گوت: کورد چل ملیۆن کەس دەبێت هەر وڵاتێکەو ئەوەندە کوردەی دراوەتێ سەریان سوڕ دەما، ئەوان وا حاڵی بوو بوون کە میللەتی کورد چەند هەزار کەسێك دەبێت، بەڵام دەیان گوت: ئێوە نەوەی صلاح الدینی ئەیوبین.

لەکوردەواری جوان وتراوە کە شتێك پەرتو بڵاو بکرێو نەتوانی کۆی بکەیەوە دەڵێن: وەکو ئاردی ناو دڕی لێهاتوە، بەڵام کوردیش وای لێکراوە لەلایەن ئینگلیزو داگیرکەران کراوین بە چوار پارچە تاکو داواکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ زۆر ئەستەم بێتو بچوکترین داواکاری ئەو مافە سەرەتاییە بەلانی کەم چوار وڵات دەبن بە دوژمنی کوردو دژایەتی دەکەنو رێگر دەبن، گەر تەماشای وڵاتانی دەوروبەرمان بکەین بۆ نمونە: کوێتو بەحرەینو قەتەرو عەممانو هتد... دەوڵەتی زۆر بچوکن ژمارەی دانیشتوانین کەمە بەڵام کراون بە دەوڵەت دانیان پێدانراوە کەچی کورد نابێ داوای ئەو مافە سەرەتاییەی خۆی بکات چونکە بڤەیەو نابێ، بۆ لەوان عادەتە لە ئێمە عیبرەتە، ئەو بەریتانیایەی خۆی دەستی هەبووە لە دابەشکردنی وڵاتی کوردان پشتگیری کورد ناکات بۆ بوون بە دەوڵەت، کەچی پێویستە لە سەری وەکو راستکردنەوەی کارێکی خەراپو شەرمەزاریەك کە بریتیە لە دابەشکردنی کورد بۆ چوار پارچە دەبوایە لە ئێستادا پشتگیری دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی بکردایە، وتەیەکی مام جەلال: سەرۆك کۆماری عیراقم لەیادە کە ئەی گوت بە بەریتانیەکانمان گوتوە: چۆن دابەشتان کردین پارچە پارچەتانکردین ئەبێ ئەم هەڵە مێژووییە راست بکەنەوە.

ئەمریکا لە زۆربەی پێشهاتە هەنووکەییەکان پشتگیری دەوڵەتی عیراقی دەکات نەك کورد، ئەو وڵاتە زلهێزە دەیتوانی زۆر بە ئاسانی کورد بکا بە دەوڵەت بەڵام نەیکردو نایکا!، هەتا پشتگیری گەڕانەوەی شاری کەرکوکیش ناکات بۆ سەر کوردستان، هەر ئەو دەوڵەتە زلهێزانە بوون کە شۆڕشی شێخ مەحمودو کۆماری مەهابادو شۆڕشی ئەیلولیان شکست پێهێنا، کاك مەسعود سەرۆکی هەرێم جارێکیان گوتی: ئەمریکا لە بەر چاوی کورد سەربازەکانی خۆی لێرە بە کوشت نادات ...، ئەم وتەیە زۆر شتی لێوەردەگیرێ.

بەڕێزان: رۆژی ١٢/١٧ رۆژی ئاڵای کوردستانە بەگوێرەی گێڕانەوەکان لە ١٩٤٥/١٢/١٧ ئەم ئاڵایە بۆ یەکەم جار لەکۆماری مەهاباد بەرزکراوەتەوە، ئێستا لەم رۆژگارەماندا یادی ئەو رۆژی ئاڵا دەکەینەوە یادێکی پیرۆزەو دڵخۆشکەرە، چونکە میللەتی کوردیش وەکو هەموو میللەتانی تر مافی ئەوەی هەیە ئاڵاو وڵاتی سەربەخۆی هەبێت، ئەم رۆژە لە هەموو کوردێك پیرۆزەو، بەهیوای ئەوەم رۆژێك بێت پیرۆزبایی بە دەوڵەت بوون لە خۆمو لە گشت گەلی کوردی بکەم.

بۆیە لێرەوە من دەڵێم: جێی خۆیەتی لە یادی ئەم رۆژەدا چەند خاڵێك بخەینە روو:

١– لە رۆژی بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان پێویستە ئینتیمای نەتەوەییو نیشتیمانی هاوڵاتیانی وڵاتەکەمان بەرزبکەینەوەو کار بە پەیامی ئاڵا قەشەنگەکەی وڵاتمان بکەین، کە بریتییە ئاشتیخوازیو خەباتو شۆڕشگێڕیو ئاوەدانکردنەوەی وڵاتو هیوا نەبڕاویو ژیان دۆستیو گیان بەخت کردن بۆ سەربەخۆییو بەرەوە پێشچوونی وڵات.

٢– رێز لە شەهیدەکان بگرین کە گیانی خۆیان بەخشی لەپێناو بەرزکردنەوەی ئەم ئاڵایەو، کەسو کاری شەهیدەکان لەیاد نەکرێن بەرامبەرامبەریان بە وەفا بین، ئەو کەسانەی خەباتیان هەبووە لە شاخو بە کوردایەتیو بۆ بەرزکردنەوەی ئەم ئاڵایە ماندوو بوونە رێزی تایبەتیان لێبگیرێ، چونکە من وەك کوڕە شەهیدێك زۆر دڵگران دەبم کە دەبینم رێز لە کەسانی ماندووی کوردایەتی ناگیرێو لە بەرامبەردا زیاد رێز لەو کەسانە دەگیرێ کە هیچ کاتێ بیریان لە کوردایەتی نەکردۆتەوەو یان کابرا بە مردنی خۆی مردووە مووچەیەکی باشی شەهیدانەی پێدەدرێو شەهیدی راستەقینەش کاری بۆ ناکرێ!.

٣– گەر میللەتی کورد یەك دەستو یەك دەنگو یەك هەڵوێست نەبێت بە تایبەت لەم رۆژگارەماندا کورد زەرەرمەندی سەرەکی دەبێت، هەروەکو لە رابردوو بەرامبەر دووبەرەکیو رێز لە یەکتر نەگرتن باجی زۆر گەورەمان داوە، گەر کورد لە بۆ خۆی نەسوتێ کەس ئامادە نیە بۆت بسوتێ، مێژووش شەرم لە کەس ناکات، هیوادارم هەمومان لە ژێر ئەو ئاڵایە کۆببینەوەو پارێزگاری لێبکەینو بە بەرزی رایبگرین خۆشەویستیو وەفامان هەبێت بۆ خاكو ئاڵای ئەم کوردستانە تاکو ئەو گەلە ماف خوراوە بە هەموو مافەکانی خۆی شاد دەبێت.

٤– با شەڕە پەڕۆی حیزبەکان بەس بێت لەمەودوا لە هەموو بۆنە نەتەوەییو حیزبیەکان ئاڵای کوردستان بەرز بکەینەوە ئەم ئاڵایە کۆمان دەکاتەوە، چونکە هەموو

کوردێکی باشور خۆی بە خاوەنی ئەم ئاڵایە دەزانیت، هەرچەندە ئەم شەرە پەرۆیە زۆر زەحمەتە وازی لێ بهێنرێ!!!، بەڵام گەر جێبەجێبکرێ بەشێوەیەکی بەرچاو دووبەرەکیو دژایەتی یەکتر کەم دەبێتەوە، جگە لە ئاڵا هیچ پەرۆو رەنگێکی تر هەموو کوردان کۆناکاتەوە.

٥- زۆر جار دەڵێین: کورد تاکە دۆستێك کە هەیەتی بریتییە لە شاخو کێوەکان، بۆیە ئێمە دەبێ بۆ خۆمان دۆستی خۆمان بینو پشتی یەکتر بگرینو دڵمان بە ناحەزانو غەیری خۆمان خۆش نەکەین.

٦- دەبێ ماف هاوڵاتیانمان لە کوردستان بەرز رابگرین تاکو بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان مانای هەبێ، چونکە گەر کەسێك حەقو مافی خۆی پێنەدرابێتو ماف خوراو بێتو لەژێر ئەم ئاڵایەدا خزمەت نەکرێت بەرزکردنەوەی ئاڵا بۆ ئەو کەسە مانایەکی نابێت، لەگەڵ بەرزکردنەوەی ئاڵا دەبێ یاساو مافی مرۆڤو خزمەتکردنو خۆشەویستی وڵات بەرزبکرێتەوە بۆ بەرزترین ئاست لە وڵاتماندا.

٧- وازهێنان لە گەندەڵیو خودپەرستیو دژایەتی یەکتر نیشانەی وەفاو دڵسۆزیمانە بەرامبەر ئەم ئاڵایە، چونکە دڵسۆزی بۆ وڵاتو ئاڵا بە دروشم نابێت.

٨- رێزبگرین لە دینو ژینی ئەم گەلەی کە لەژێر پەرچەمی ئەو ئاڵایە ژیان دەبەنە سەر.

٩- من وەك مامۆستایەکی ئایینیو تاقانەیەکی ئەنفال لە هیچ کاتو شوێنێ خۆشەویستی ئەم ئاڵایەم لە یاد نەکردووەو شانازیشی پێوە دەکەمو بە دیتنی دڵم دە حەسێتەوە، بەردەوامیش دوعام کردووە بۆ دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی، چونکە چاك دەزانم هەر گەلێك دەوڵەتی سەربەخۆو ئاڵای خۆی نەبێت لە هیچ شوێنێ نایخوێننەوەو حسابی بۆ ناکەنو هیچ کاتێکیش ناحەسێتەوەو بە کولە مەرگی ژیان دەباتەسەرو کیمیابارانو بەناو ئەنفالو قڕ دەکرێو رۆڵەکانی شەهید دەکرێن کەسیش پێی نازانێو گەر بشزانن نایەنە وەڵام هەر وڵاتێکیش ئێستا دۆستایەتی لە گەڵ کورد دەکات بۆ بەرژەوەندی خۆییو زێرە رەشەکەی کوردە هیوادارام دەسەڵاتدارەکانمان بتوانن لە رێگەی ئەم زێرە رەشەوە دەوڵەتێك بۆ کورد دروست بکەین، چونکە خۆم هیچ کاتێ ژیانم بە ئاسوودەیی نەبردۆتە سەر تا سەردەمی شاخ بوو ژیانمان پڕ بوو لە ترسو هەڵاتن بۆ ئەشکەوتو مانەوە لە چیاو چۆڵەکانو هتد... دواتر خانەوادەم گشتی شەهید بوون بە تەنها مامەوە هەر بەیەکجاری ژیانم شێوا ئەوەش بەروبوومی بێ دەوڵەتی... تاکو مردنیش چاوەڕوانی رۆژی راگەیاندنی دەوڵەتی کوردیم، بۆیە پێویستە لە سەر دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەم مامۆستایانی ئایینی بە جیاواز لە خۆیانو دەسەڵاتەکەیان سەیر نەکەن، دەبێ لەم وڵاتە کارێکی وابکرێ بۆ ئەوەی هەموومان بە یەکەوە خزمەتی ئەم وڵاتەی خۆمان بکەینو گشتمان بەیەکەوە جوانینو هیچ کەسێ لەم وڵاتە زیاد نیە، گەر کەسێ بە گوێرەی پێویست نەبوو لە یەکتر نزیك بوونەوەو هامووشۆکردن دەتوانین لە یەکتر تێبگەین، بە لەیەکتر دووربوونی چینە جیاوازەکانی وڵات لێك تێنەگەیشتنو دژایەتیو رقو قینە دروست دەبێت.

١٠- ئێمە وەکو کوردو دەسەڵاتدارەکانمان تائێستا نەمانتوانیوە لەرێگەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە داوای مافەکانی خۆمان بکەین، گەلەکانی تری وەکو فارسو تورکو عەرەب توانیویانە سوودی تایبەت لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام وەربگرن، بەڵام کورد تا ئێستا لەرێگەی ئایینییەوە گفتوگۆمان لەگەڵ نەیارەکانی خۆمان نەکردووە، دەبێ شتێکی وابکەین بۆ گفتوگۆو قسەکردن لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەرمان کە موسڵمانن دەستەیەکی شارەزا لە ئایینی ئیسلام دروست بکرێت تا بە بەڵگەکانی ئیسلام نەیارەکانی مافی کورد دەمکوت بکەن، دەبێ بە نەیارەکانمان بڵێین پێشەوا عومەر لە کاتی خەلافەتی خۆی رایگەیاند کە ژێر دەستەییو پلەدووییو بەندایەتی لە ئیسلامدا نیە، کاتێ بە عەمری کوڕی عاسی فەرموو: (متى إستعبدتم الناس وقد ولدتهم أمهاتهم أحرارا).




شێخ مەلا محمدی شاعیر ناسراو بە (قانع) دەڵێ:

**بە دەستی خۆم نیە وەڵلا لە دیوانی خودا کوردم**

**لە ناو شێخو بەگو میرو مەلاو شاەو گەدا کوردم**

**تەماشای گەوهەری من کەی دەزانی ئاشکرا کوردم**

**بە کوردی بوومو خوڵقاوم هەتا رۆژی جەزا کوردم**

ئیتر کوردایەتیمانو بوونمان لەم خاکە خوای گەورە لێرەی داناوینو، زمانو رەنگیشمان بەشێکە لە بەڵگەو نیشانە لە سەر بوونو گەورەیی خوا هەروەکو خۆی وا دەفەرمووێ، هەر کەسێکیش دان بەوەدا نەهێنێ ئەوە هەڵسو کەوتی تاکە کەسی خۆیەتیو خواو ئایینی ئیسلام لێی بەرپرسیار نیە، چونکە بەرنامەکەی خوا کە هاتووە بۆ خزمەتکردنی مرۆڤایەتیو بەخشینەوەی ماف بە مافخوراوەکان بووەو، مافی هەموو گەلانیشی وەکو یەکتر دابین کردووە بەبێ جیاوازی، ئینجا گەر میللەتی کورد تا ئێستا بە مافی دەوڵەت بوونو سەربەخۆیی نەگەیشتبێت یان لەبەر ستەمی دەسەڵاتدارەکانو دەوڵەتانی زلهێز بووە، یان لەبەر خەراپ رەفتارکردنی کورد بووە بەرامبەر پێشهاتە سیاسییەکانی ناو وڵاتو دەوروبەر، دینی ئیسلام هیچ پەیوەندیەکی بەو مەسەلەیەوە نیە چۆن بۆ عەرەبو فارسو تورك هەیە دەوڵەتی هەبێت کوردیش هەمان مافی هەیە.

خوای گەورە ئەم کوردستانەمان بۆ سەربەخۆو ئاوەدانو هێمنو راگیراوو ئازاد بکات.

---

١- پێشنوێژو وتارخوێن لە هەولێر،کوڕی دووشەهیدی کیمیابارانی دووەمی بالیسان.

٢- فەیسبوك: کوڕی دوو شەهیدی بالیسان، E-mail:hindrenb@gmail.com،
ژمارەی مۆبایل: ٠٧٥٠٤٦٧٣٠٩٦

# مامۆستایانی ئایینی بۆ پەرلەمانتاران ئێوە ئەرکێکی گەورەتان لەسەر شانە ئەرکە بەجوانی ئەدای بکەن

**ئا: مەلا تەیب زیارەتی**

سوپاس بۆ خودای گەورە، لە دوای ئەوەی، کە هەڵبژارنی خولی چوارەم بە شێوەیەکی باش لە کوردستان کۆتایی پێهات، نوێنەرەکان دەست نیشان کران و گەیشتنە پەرلەمان، ئەوەی ماوە داخوازی خەڵکە لە پەرلەمانتارەکان، ئەم بەڵێنانەیە، کە بەر لە هەڵبژاردن بە خەڵکیان داوە تا چەند جێ بەجێ دەکەن، هەڵبەتە مامۆستایانی ئاینیش بە حوکمی ئەوەی کەخەڵکی کوردستان بە پێشەواو چاوساغی خۆیان دەزانن، گوێ بۆ مامۆستایانی ئاینی رادەگرن، کە هەردەم مامۆستایانی ئاینی رێگایەگ دەگرنە بەر، کە سوود گەیاندنە بە هاوڵاتیان، پێمان باشبوو دیدی چەند مامۆستایەکی ئاینی وەربگرین و تا بزانین ئەوانیش چ پەیامێك ئاراستەی پەرلەمانتارە بەرێزەکان دەکەن، فەرموون با بەیەکەوە لەم راپۆرتە گوێ بیستی وتە جوانەکانی ئەم مامۆستا بەرێزان بین، کە چاو پێکەوتنمان لەگەڵ چەند مامۆستایێکی بەرێز لە پاریزگای هەولێرو دهۆك و سلێمانی و کەرکوك ئەنجام داوە:

**سەرەتا بەریز (مامۆستا فاخر جابر) پیش نوێژو وتارخوێنی مزگەوتی خالیدی کوری وەلید** لە پاریزگای کەرکوك بەم شێوەیە بۆ گۆڤارەکەمان گوتی: پەرلەمانتارە بەرێزەکان دەبێت بزانن، کە ئەوان ئەرکەکی ئاینی و نیشتیمانیان لەسەر شانە، بۆیە لەم سۆنگەوە پێم باشە بە چەند خاڵێك روو بکەمە، ئەو بەرێزانەو پێیان بلێم:

یەکەم چونتان بە واجبێکی شەرعی بزانن، چونکە ئێوە نوێنەری خەڵکن، هەر کەمتەرخەمیەك، کە بەرامبەر بەو لێپرسراویە روو بدات، ئێوە لێی بەریرسیارن، هەروەك خۆشەویستمان لە فەرموودەیەکدا ئاماژەی بەوە کردووە، کە هەر یەکە لە شوێن و جێگای خۆی بەریرسە، لەوەی لەبن دەستێتی، ئێوەش کە لەتەلاری پەرلەمان دادەنیشن، نوێنەری خەڵکی کوردستانن، هەر کارێکتان، کە پێ راسپێردرا دیندارانەو دڵسۆزانە کارەکانی خۆتان رابیەرینن، چونکە خودای گەورە هەردەم چاودێرە لە سەرتان، پێ ئاگادارە کە ئێوە چی دەکەن و چۆن کار دەکەن.

## خزمەت کردن بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام ئەرکێکە دەکەوێتە ئەستۆی پەرلەمان لەبەر ئەوەی نوێنەرایەتی گەل دەکاو گەلیش زۆربە موسڵمانن

دووەم ئێوە ئەمانەتێکتان لەسەر شانەو هەڵتان گرتووە، کە ئەمانەتێکە زۆر قورسە ئەگەر بە جوانی ئەدای بکەن، خێرو یاداشتێکی گەورەتان پێدەگات، بەڵام ئەگەر خوا نەخواستە کەم تەرخەم بوون تێیدا، بەراستی ئەو کات بەریرسیارن، لە رۆژی دوای خودای گەورە موحاسەبەی توندتان دەکات، پێویستە ئێوەی نوێنەر نوێنەری خەڵك بن نەکەن خوا نەخواستە ئەم شەرەفە گەورەیە بفرۆشن، وەهەروەها دوربن لە هەواو نەفس و ئارەزوو کار بکەن بۆ بەرژەوەندی هاولأتیانی خۆتان، هیوادارم سەرکەوتووبن.

**دواتر بەرێز (مامۆستا شێخ تاهر مەلا سەید محمود) پیش نوێژوتار خوێنی مزگەوتی غەزالی لە سەید صادق** لە یەیڤێکدا گوتی: لە بیرمان نەچێت ئەوان وەعدو بەڵێنێکی زۆریان بە خەڵك دا، ئەم وەعدو بەڵێنانەیان لە بیر نەچێت، وە لێرەشەوە بە پێویستی دەزانم، کە هەوڵ و هیمەتی ئەندام پەرلەمانەکانی خولی پێشوتریش لە یاد نەکەین، کە بەراستی ئەوانیش بەش بە حاڵی خۆیان شتی باش و جوانیان پیشکەش کرد، با ئەندامانی ئەم خولەش بتوانن شتی جوانترو باشتر ئەنجام بدەن، ئەگەر کەم و کورتیەك لە دام و دەزگایەك هەیە بتوانن لێپێچینەوە بکەن، چونکە هەموو دەزگاکانی حکومەت ئی خۆمانە خۆمان دروستمان کردووە، با ئەوانیش کەم و کورتی لە دەزگاکانیان روونەدات، کە لە ئەنجامدا هەموومان پێ لەکەدار دەبین، دەبێت ئەو بەرێزانە شتێکی وابکەن، کە لەم چوار ساڵەی داهاتوو کوردستان بگاتە یەکێك لە ولأتە پیشکەوتوەکان، وەدەبێت هەموو حیزب و حکومەت و رێکخراوەکانیش هاوکاری ئەندام پەرلەمانەکان بن، زۆر گرینگە کوردستان لەروی بەرهەم هێنان گەشەی پێبدرێت، بە تایبەت کەرتی کشتوکاڵ و خوێندن و زانست، دەبێت داکۆکی کارێکی باش بن زۆر دڵخۆش و گەشبینین پێیان یەنا بە خودا سەرکەوتوودەبن .

**هەروەها (مامۆستا صەلاح الدین باقر عبدول) پیش نوێژو وتار خوینی مزگەوتی پیشەوا شافیعی لە قەزای سەید صادق** چەند پێشنیارێکی خستە روو یەکەم مراقیبێکی جدی بن، لە خەمی خەڵك دابن دەبێت کار ئاسانی بۆ خەڵك بکەن دەبێت یاسایەکی وا دابنێن کە خەڵکەکە زۆر سودی لێ وەر بگریتن، تاکو خەڵك بەرەو باشی بروات .

**هەروەها مامۆستا عبد الرشبد خانۆ عەلی پیش نوێژو وتار خوێنی مزگەوتی گۆرانکا** مەزن لە ئاکرێ بەهەمان شێوە یەیڤی خۆی خستە روو گوتی: لە دەستپێیکدا دوعای بە خیریان بۆ دەکەم، من چەند ئامۆژگارەکم هەیە بۆ یان، لای من ئەندام پەرلەمان وەك یاریزان دێتە پێش چاوان بگرە لە گۆلچی و بەرگری و هتد.. چۆن یاریزان بە جوانترین شێوە گەمەی دەکات و خۆی ماندو دەکات، تا لە گەمەکە سەرکەوتوو بێت، بەهەمان شێوە ئەوانیش دەبێت هەموو هەم و غەمیان ئەوەبێت ولأت بەرەو پێش ببەن ئامانجی ئەوان دەبیت سەرکەوتنی ولأت بیت، خاڵێکی تر گرنگی دانە بە سەندیکایە جا سەندیکای مامۆستایان بیت پزیشکی بیت یاریزەران بیت دەبیت ئەوان هەوڵەکی جدی بدەن، کە



سەندیکا بە جوانی کارە خۆیان بکەن تا لە کارەکانیان سەرکەوتوبن وەهەروەها کردنەوەی کەرتی تایبەت زۆر پێویستە گرینگی دان بە مادەی شەش کە باسی ئیسلامە لە کوردستان دەبێت ئاینی فەرمی کوردستان بێت، چونکە کوردستان لەسەدا نەوەدو پێنجی موسڵمانە ئەو مادەی پەسەند بکەن، وەهەروەها گرنگی دان بە کەم ئەندامان، موچەکی وایان بۆ دابین بکەن، تا بتوانن پێی بژین، وەهەروەها پێشمەرگەو زیرەڤانی ئەوانەی کە دەوامەکەیان قورسو زۆرە، دەوامیان بۆ سوك بکەن، چونکە ئێمە بەحوکمی ئەوەی زۆر لەگەڵ خەڵك تێکەڵین زۆر جاران کێشەی زۆر دروست بووە لەسەر ئەوەی کە پیاوەکی ماوەیەکی زۆرە ماڵی جێهێشتووە، هەروەها گرنگی دان بە مامۆستایانی ئاینی لە رێگەی یەکێتی زانایان چونکە بە شێکی زۆر لە ئەمنیەتی کوردستان لەسەر شانی مامۆستایانی ئاینیە، هەروەها پێشینەی هاوسەر گیری بۆ گەنجان شتێکی زۆر باشە هەم بۆیان زیاد بکەن هەمیش ئەگەر بکرێت لێیان وەرنەگرنەوە، ئەگەر ئەمە بکرێت گەنجی ئێمە لە زۆر شتی خراپ بە دور دەکەوێت، چونکە گەنج ئێستا ناتوانێ ژن بهێنێت لە بەر داواکاری زۆر .

## خزمەتی نیشتمان و راگرتنی ئەمن و ئارامی هەرێم و چاودێری کردنی حکومەت ئەرکی هەر ئەندام پەرلەمانێکە

**یاشان (مامۆستا حامد حسین محمود) پیش نوێژو وتار خوێنی مزگەوتی ئیمان لە** قەزای بەردەرەش لە دهۆك چەند خاڵێکی خستە روو یەکەم نابێت بە هیچ شێوەك تەنازول لەسەر ئەو مادەی بکەن کە ئیسلام ئاینی رەسمی کوردستانە، دووەم دەبێت بەرژەوەندی گشتی لە پێش بەرژەوەندی خۆیان دابنێن، بە هەموو شێوەیەك، سێیەم یارێزگار لەسەر ئەمن و ئەمانی کوردستان بکەن، چونکە ئەگەر خوانەخواستە ئەو ئەمنیەتەمان لێ تێك چوو دەبێتە کاریسەکی زۆر گەورەو ناخۆش، کە ئێستا سوپاس بۆ خودا کوردستان لەو پەری ئەمن و ئەمانەتە، بەلام ئەگەر هەر دوور نەرۆین سەیری یارێزگاکانی عیراق بکەین کەس لە خۆی و ماڵ و منداڵ و کەسابەتی دڵنیا نیە، بۆیە دەبیت ئەم ئەمن و ئەمانەمان لەبەر چاوبێت و هەردەم هەوڵ بدەین بییارێزین، چوارەم هەوڵی ئەوە بدەن ئەگەر بەشەکی موچەی خۆیان ببەخشن، بەکەسانی پێویست ئەمەش زۆر گرینگە، چونکە هەموو خەڵك دەڵێن، بۆیە خۆیان کاندید کردووە لەبەر خاتری پارەیە نەك لەبەر بەرژەوەندی خەڵكی.

**مامۆستا خەیری عبد الله پیش نوێژو وتار خوێنی مزگەوتی ئیمان لە قەصرۆك** سەر بە قەزای شیخان یەکێکی تر بوو کە دەی گوت: زۆر دڵخۆشم بە وەی کە سوپاس بۆ خودا لە کوردستان بتوانین نوێنەری خۆمان دەست نیشان بکەین، ئەوەی بەلای من گرنگ بێت، بەشێك لە داهاتی کوردستان بۆ هەژاران دیار بکرێت، چونکە ئێمە بە بەراورد لەگەڵ زۆربەی وڵاتان داهاتمان زۆرترە، کەچی فەقیرو هەژاریشمان زیاترە.

**لە یاشان (مامۆستا ابراهیم علی صالح پیش نوێژو وتار خوێنی مزگەوتی صلاح الدین ئەیوبی لە قەصرۆك** سەبارەت بەو پرسە گوتی: پێویستە هێویەتی خەڵك بە دی بهێنن، لە یاشان گرنگی دان بە خوێندن و بەرەو پێش بردنی پرۆسەی خوێندن لە هەرێمی کوردستان.

هەر لە درێژەی پەیامەکانی مامۆستایانی ئاینی بەرێز(مامۆستا محەمەد جیمەنی) پیش نوێژو وتار خوێن لە سەنگاو لە ناحیەی شۆرش سەر بە قەزای چەمچەمال بۆ گۆڤارەکەمان داو گوتی: خەڵك ئەوانی هەڵبژاردووە، کەواتە ئەوان نوێنەری خەڵکن، دەبێت هەردەم لە خزمەت داواکاری خەڵك دابن، هەروەها دروست کردنی بەرژەوەندی گشتی دواتر پاڵپشتی کردنی خەڵکانی بەش خوراو، دابین کردنی پرۆژەی چاك، بۆ هەموو چین و تویژەکان بە بێ جیاوازی.

**مامۆستا حسین سلێمان پیش نوێژو وتار خوێنی مزگەوتی کۆرە** سەر بە شەقڵاوە دەی گوت: ئەوەی بە لای من لە هەمووی گرنگتر بیت خزمەت کردنی ئەم دینەیە، چونکە هەر دینە هەموو مافێکی تێدا دابین کراوە، بۆیە روو دەکەمە پەرلەمانتارە بەرێزەکان و پێیان دەڵێم کوردستان دینی دەوێت ئێوەش شتێك نەکەن کە زیانی بۆ ئاین هەبێتن.

چارە سەر کردنی نەخۆشان بەتایەت ئەو نەخۆشانەی کە توانای ئەوەیان نیە چارەسەری نەخۆشەکانیان بکەن پێویستیان بەدەرەوەی وڵاتە ئەم ئەندان پەرلەمانانە شتێکی باشیان بۆ بکەن ئەمەش قسەی بەرێز **مامۆستا ئیسماعیل عمر پێش** نوێژو وتار خوێنی مزگەوتی بوخاری بوو لە شاری هەولێر .

لە کۆتا پەیامی مامۆستایاندا مامۆستا عبد الرحیم جلال پێش نوێژو دەرس گۆ لە شاری هەولێر دەی گوت: زۆر گرینگە گرینگی بە خوێندنی ئاینی بدرێت بە تایبەت بوژانەوەی حوجرەکان، چونکە سەردەمانێك بوو ئەم کوردستانە پڕ بوو لە حوجرەو فە قێ کە چی ئێستا حوجرەو خوێندنی ئەهلی هەر نەماون.

# فەیسبووك

## نڤیسین: مەلا ئیبراهیم عەلی کوچەر

فەیسبووك تورەکا کومەلایەتییە، بو گەهاندن‌و پەیوەندیکرنێ د ناڤبەرا بەکارهێنەرێن وێداو زور خەلك‌و ب تایبەت گەنجێن مە ب ڤێ تورێ ڤە دسەرقال‌و مژیلن‌و ئەو ژی بو هەردوو لایێن باشی‌و خرابیێ بکار دهێت، بەلام ب دەستێ مروڤییە، ڤێجا یا فەرە ل سەر مە کو ئەم بزانین دێ چەوا بۆ چ مەرەم بکارئینین؟و ئەگەر ئەم بۆ لایێ باشیێ بکار بینین مفاو سوودێن وێ دزورن هەم بو مروڤی‌و هەم بۆ دوست‌و هەڤالێن مروڤی، وەکی بەلاڤکرنا وێنەو بابەتێن ب مفا کوخەلك سوودی لێ ببینن‌و خێرەك ژی بگەهیتە مروڤی ب ڤان بەلاڤکرنان، هەروەکی دفەرموودا پێغەمبەری دا(سلاڤێن خودێ لێبن) هاتی کو دبێژیت (الدال علی الخیر کفاعله)، یان ژی تەماشەکرنا وان بابەتان یێن دهێنە بەلاڤکرن کو مفایی بگەهیننە مە، ڤێجا چ بابەتێن ئاینێ ئیسلامی بن یان ژی جڤاکی یان تەندروستی‌و... هتد.

یان ژی مروڤ دکاریت ب ڤێ تورێ پەیوەندیێ ب کەس وکارو دوست‌و هەڤالێن خۆ بکەت، هەر ژ مفایێن وێ ئەوە کو ئەم دشێین هەر چ دەنگوباسێن مە بڤێت ل سەرانسەری جیهانێ ب دەست خۆ بێخیت، واتە نیعمەتەکا مەزنە بۆ مە، ودڤێت بزانین دێ ب چ رەنگێ دروست ڤێ تورێ بکارئینین، بەلام هندەك ژخەلکی‌و ب تایبەت گەنجێن مە بۆ تشتێن بێ سەروبەرو بێ مفا بکاردئینن، وەکی بەلاڤکرنا وێنەیێن کرێت یان هندەك بابەتێن بێ مفا،و ژبیرامە نەچیت کو مژویل بوون ب فەیسبووکی ڤە زور ژ وەختێ مروڤی دبەت گەر دهشیارنەبیین،و بزانین کو خودێ دێ ل روژا دوماهیێ حسێبا ڤی وەختی ل گەل مە کەت،هەروەکی هندەك ژ گەنجان ب سەعەتان پێڤە مژیل دبن، هەر دیسان هندەك ژ خەلکی هەستێ هندەك کەسان دشکێنن، ئەوژی ب بەلاڤکرنا وێنێن وان یان بەحسکرنا وان، هەروەسا خودێ نەکەت ئاریشەك بۆ کەسەکی چێببیت دێ ئێکسەر بەلاڤ کەن‌و لسەر ئاخڤن، ئەرێ چ ماف هەیە ئەو ڤێ چەندێ دکەن؟ یان ژی خودێ نەکەت ئێك ئەمرێ خودێ بکەت دا زوی بەلاڤ کەن هێشتا بەهیا وی خلاس نەبووی،و هوسا ئێك بووئێکی، یان ژی هندەك کەس رادبن ب بەلاڤکرنا وێنێن مالاخۆ (هەڤژین‌و کچێن خۆ)... هتد، ڤێجا ئەو نزانن دێ پشتی هینگێ چ روویدەت‌و دێ ئەو وێنە کیڤەچن،و ئێك ژئاریشێن دیترئەوە ئەگەر چاڤدێری ل سەر خێزانێ نەبیت‌و ب تایبەت کچ کو ڤێ تورێ بکاربینن، چونکی دێ پەشیمانی ل دیف هێت، یان ئەو کورێن تەمەنێ وان ژ (١٥) سالیێ کێمتر بن، وئەڤ چەندە ژی ترسناکە، چونکی هێشتا ئەو چ ل باشی‌و خرابیا ڤی تشتی نزانن‌و نەدویرە ئاریشان ب خۆو خێزانا خۆ ژی چێکەن، یان ژی کو هندەك رادبن ب دروست کرنایەیجان ب ناڤێ هندەك کەسانێن دی یان ژی کور بناڤێ کچان، یان ژی کچ بناڤێ کوران‌و ل دوماهیێ ژی دبێژین بلا ئەم وەختێ خوبتشتێن بێ مفاو هەروە ڤە نەبورینین‌و بزانین دێ چەوا ڤێ تورێ بکار ئینین ومفای ژێ بینین.

* بەرپرسێ راگەهاندنا لقا شێخان



# مافی مرۆڤ چیه؟

بڕوا ڕەمەزان ساڵەیی

مافی مرۆڤ: پێوانەی بنەرەتیە، کە مرۆڤ ناتوانێ بەبێ ئەو بەسەربەرزی وەکو مرۆڤ بژێت، هەروەها بناغەی ئازادی و دادپەروەری و ئاشتیە، کە پێویستە ڕێزی بۆ برەخسێت، و دەرفەتێکە بۆ گەشەسەندنی تاك و کۆمەڵگەو گەشەسەندنێکی تەواو.

## تاییەتمەندیەکانی مافی مرۆڤ.

مافی مرۆڤ نافرۆشرێو دەستکەوت نیەو میراتگری نیە، بەڵکو بە کورتی موڵکی خەڵکە، لەبەر ئەوەی مرۆڤەو مافی هەیە، دوور لە ڕەگەزو ئاین و بیروڕای سیاسی یان هەر بیروباوەڕێك بێت، خوای گەورە دروستمانی کرد بەئازادی و یەکسان لە کەرامەت و ماف، مافی مرۆڤ جیهانیەو کەس ناتوانێ لەکەس دەربیبهێنی و زەوتی بکات، هەموو مرۆڤێك مافی جێگیرەو بەش بەش ناکرێت.

## جۆرەکانی مافی مرۆڤ

مافی مرۆڤ دابەشکراوە بۆ سێ بەشی سەرەکی کە ئەمانەی خوارەوەن:

١- مافی مرۆڤی کەسێتی.

٢- ئازادیەکانی کەسێتی.

٣- مافی کۆمەلآیەتیو ئابووری.

دەستەبەرکردنی مافی سەلامەتی کەسێتیو ئاسایشی مرۆڤ و ئازادیەکەی. هەموو مرۆڤێك مافی ژیانو ئازادی هەیە، هەروەها بە کەیفی خۆی بەئارامیو ئاسایش بژێت، هەروەها ڕێگە نادرێت و کەس ناتوانێت ئەشکەنجەی بداتو دەستگیری بکات بەبێ هۆ، دەربارەی ئازادی هاولآتی، ئەوا ئازادە لە رادەربرینی بیروباوەری چ بە وتە چ بە پیادەکردن، چونکە دەستەبەر کراوە بۆ هەر کەسێك



ئازادی رادەربرینو تەعبیرو ویژدانو ئاینو کۆمەڵەکەی. هەروەها لە ئازادی مەدەنیەکانی تر:

مافی دەنگدان لە هەڵبژاردن، مافی بوون بە کارمەند لە دام و دەزگاکانی گشتی، لە هاوسەرگیریو پێکهێنانی خێزان. دابین کردنی مافەکانی کۆمەلآیەتیو ئابووری، دەستکەوتنی کەسەکە لەسەر پێداویستی مرۆڤایەتی بنەرەتی، هەروەها مافی لە پێگەی کۆمەلآیەتی. هەموو کەسێك مافی ژیانیو هەولّی خۆشی هەیە، بۆ چاودێری کردنی تەندروستیو دڵخۆشی، وەکو دابین کردنی خواردنو شوێنی نیشتەجێبوونو پۆشاكو سەلامەتی جەستەییو خوێندن و زانست. هەروەها مافی کەسەکە لە کارکردنو دروست کردنی سەندیکاکانو بەشداری کردنی.



# لقی سلێمانی بەشداری لە خولێکی بەرەنگاربوونەوەی مادە هۆشبەرەکان دەکات




بەمەبەستی ئاشناکردنو دەرخستنی مەترسیو زیانەکانی مادە هۆشبەرەکان لەژێر ناونیشانی (مادە هۆشبەرەکان دوا ڕۆژی لاوانمان دەڕوخێنن)

ڕۆژی چوارشەممە بەرواری ٢٠١٣/١١/٢٧ لە سەر بانگهێشتی (ڕێکخراوی بێداری بۆ هۆشیار کردنەوەی لاوان لە مادە هۆشبەرەکان B.O.A.Y.D) شاندێکی زانایان کە پێکهاتبون لە مامۆستا مەلا عەتا پێنجوێنی جێگری لقو مامۆستا محمد کەڵکەسماقی بەرپرسی ڕاگەیاندنی لق بەشداریان کرد لە خولێکی ڕاهێنانی یەك ڕۆژەیی، کە بۆ ژمارەیەك لە لایەنە پەیوەندیدارەکان لە دامودەزگا حوکومیەکانو چالاکوانانو ڕاگەیاندکاران سازکرابوو لە هۆڵی (هۆتێل ئەرین ) لە شاری سلێمانی.

سەرەتا بەخێرهاتنی میوانە بەشداربووەکان کرا، پاشان کورتەیەك دەربارەی خولو چالاکی ڕێکخراو پێشکەش بە بەشداربوان کراو، لەلایەن بەڕێز (مامۆستا سەلاح حسن رحیم) خولەکە دەستی پێکرد بەناونیشانی (دەروازەیەك بۆ تێگەیشتن لە مادde هۆشبەرەکانو ئالودە بوون پێیانەوە) بەڕێزیان بە تێروتەسەلی باسیان لە مێژوی مادە هۆشبەرەکانو پەرەسەندنیان لەناولاوەکانماندا و هۆکاری پەرەسەندنو گرتنەبەری شێوازی چارەسەرو بەرەنگار بوونەوەی مادە هۆشبەرەکان بە هەموو جۆرێك لە جۆرەکان باس کرا.

دەستپێکردنی خولەکە لەکاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانییەوە دەستی پێکرد تا کاتژمێر(٣)ی دوای نیوەڕۆ.

لەکۆتاییدا بڕوانامە بەسەر گشت بەشداربوانی خولەکەدا دابەشکراو بە خۆشحاڵی گشت لایەك خولەکە کۆتایی پێهات .

# لقی سۆران کۆمەڵەی پەککەوتوانی سۆران بەسەردەکاتەوە




سەر لە بەیانی ٢٠١٣/١٢/٢ شاندێکی لقی سۆران بەسەرۆکایەتی بەرپرسی لق مامۆستامەلاخالد مەلەکیو بە یاوەری مەلا مستەفا باپشتیو مەلاخدرخەلیفانیو مەلارسول گەزنەییو مەلاوەلی دڕی کارگێرانی لقو، مەلایونس گرتکی بەرپرسی ناوچەی دیانای یەکێتی زانایان، بەیاوەری بەرێوەبەری ئەوقافی سۆران مەلا وەیسی مەلاسەعید سەردانی کۆمەڵەی پەککەوتوانی سۆرانیان کردو لەلایەن ئامانج عیزەت سلێمان بەرپرسی کۆمەڵەکە بەگەرمی پێشوازیان لێکرا.

ئەمەو لە دیدارەکەیاندا گرنگیو پایەی خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان لە روانگەی ئیسلامو ڕێزلێنانیان لەلایەن کۆمەڵگاوە بەبایەخەوە باس کراو، جەخت لەسەر زیاتر خزمەتکردنی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت کرایەوە کە شایەنی ئەوەن باشترین ژیانو گوزەرانیان لەلایەن حکومەتەوە بۆدابین بکرێت.

هەروەك شاندەکە پاڵپشتی خۆی بۆداواکاریو داخوازیەکانی کۆمەڵەکە بەگشتی دووپاتکردەوەو پشتیگیری خۆیان بۆ راگەیاندن.

لەلایەن خۆشیانەوە کۆمەڵەکە سوپاسی سەردانی شاندی میوانی کرد بۆ بەسەرکردنەوەکەو هیوایان خواست ئەو جۆرە سەردانانە بەردەوام بن تاکو هەندێك لە ناخۆشیو مەینەتیان کەمبکاتەوەو هەست بەکەمو کوڕی نەکەن لەنێوکۆمەڵگەدا.

# لقی هەولێر خولێکی رۆشنبیری بۆ زانایانی ئایینی کردەوە




لقی هەولێری یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان خولێکی رۆشنبیری بۆ ماوەی سێ رۆژ بۆ (٤٠) پێشنوێژو وتارخوێنی دەوروبەری هەولێر لە هۆڵی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان کردەوە،

خولەکە لە ٢٠١٣/١١/٢٥ دەستی پێکرد، رۆژانە دوو بابەتی هەستیارو هاوچەرخ لەلایەن مامۆستایانی پسپۆر لە بواری فیقهی ئیسلامی پێشکەش بە ئامادەبوان دەکرێت بە مەبەستی خەزمەت گەیاندن بە مامۆستایانی ئاینیو زیاتر رۆشنبیرکردنی بەشداربوان.

بابەتی یەکەم لەلایەن مامۆستا مەلا نیاز راغب دێگەیی بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتی زانایان پێشکەشکرا بە ناو نیشانی (هونەری فەتوادانو بنەماکانی لە فیقهی ئیسلامی).

بابەتی دووهەم لەلایەن د.کمال صادق یاسین پێشکەشکرا بە ناونیشانی (بنەماکانی مەزهەبی ئیمامی شافعی).

# پاش هەوڵی ناوچەی هەڵەبجە..
# شارەوانی چەند زەوییەك بەسەر مامۆستایانی ئایینی دابەش دە ات

دوای ئەوەی ناوچەی هەڵەبجەی شەهیدی یەکێتی زانایان سەردانی شارەوانی کردو داوایان لە سەرۆکی شارەوانی کرد زەوی بۆ مامۆستایانی ئایینی دابین بکات، دواتر سەرۆکی شارەوانی کاك خدر کەریم سەردانی ناوچەی هەڵەبجەی کرد، لەو سەردانەیدا بەڵێنی دابینکردنی زەوی بۆ مامۆستایان دابوو، ئەمڕۆ مامۆستا جەمال محمد بەرپرسی ناوچەی هەڵەبجە هاوڕێ لەگەڵ مامۆستا سامان نەجم سەردانی سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجەیان کردو ڕێزو سوپاسی مامۆستایانو یەکێتی زانایانیان پێگەیاند، کاك خدر کریمیش وێڕای بەخێرهێنانی مامۆستایان بە فەرمی ڕایگەیاند کە ٢٥ پارچە زەوی دەدرێتە ناوچەی هەڵەبجەی شەهیدو، وەك خزمەتو ئاوردانەوە لە چینی مامۆستایانی ئایینی بە ئەرکی خۆی زانیوە.

بۆیە لێرەوە ئێمەیش بە ئەرکی خۆمانی دەزانین کە ڕێزو سوپاسو پێزانینی خۆمان بە جەنابیان پێشکەش بکەین.

شایانی باسە لە کاتی دوو ئیدارەییدا ژمارەیەکی زۆری مامۆستایانی ئایینی لە سنووری ئیدارەی سلێمانی بەڵێنی زەویان پێدرا بوو، بەڵام بۆیان سەرف نەکرابوو، ماوەیەکە خۆشبەختانە هەندێك لەم




شارەوانیانە بەڵێنەکانیان دێننە جێ بۆ ئەو مامۆستایانەی زەویان پێنەدراوە.

## لقی شارەزور سەردانی مامۆستا فائق کانیسێفی دەکات



رۆژی ٢٠١٣/١٢/١٧ شاندێکی لقی شارەزووری یەکێتی زانایان کەپێکهاتبوون لە مامۆستا غازی بەرپرسی لقو مامۆستا تاهیرو مامۆستا عەبدولرەحیم کارگێرانی لق لەدوای ئەوەی نەشتەرگەری بۆ کرا سەردانی مامۆستا فائق حەمە کەریم کانیسێفیان کردو لە حاڵی مامۆستایان پرسیو دوعای خێرو شیفایان بۆ کرد تاکو وەکو ساڵانی رابردوو لەسەر بڵاوکردنەوەو فێرکردنی نەوەی نوێی وڵاتەکەمان بە زانستە شەرعیەکان بەردەوام بێت.

## بۆ بەخێرهێنانەوە ستافی لقی رانیە سەردانی بەرپرسی لقەکەیان دەکەن

لەدوای نەخۆش کەوتنی بەرپرسی لقی رانیەی یەکێتی زانایانو، سەفەرکردنی بۆ دەرەوەی وڵات بەمەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشیەکەی کە ماوەی ١٠ رۆژ لە دەرەوەی وڵات مایەوە، رۆژی دووشەممە ٢٠١٣/١٢/١٥ ستاف لقی رانیەو بەرپرسی ناوچەکان بۆ بەخێرهێنانەوە سەردانی مامۆستا عەبدوڵلای زەنگڵ بەرپرسی لقی رانیەیان کرد.

ئەمەو لەلای خۆیەوە بەرپرسی لق خۆشحاڵی خۆی دەربڕیو دەست خۆشیشی لە ستافی لق کرد کە لەو ماوەیەدا بە باشی کاروباری لقیان




هەڵسوڕاندووە.

## لقی چەمچەماڵ سەردانی یەکێتی ئافرەتان دەکات




رۆژی ٢٠١٣/١٢/١٢ شاندێکی لقی چەمچەماڵی یەکێتی زانایان کە پێکهاتبوون لەهەر یەك لەمامۆستایان شێخ وەهاب سەنگاوی لێپرسراوی لقو محمد تاڵەبانیو ئەیوب عەلی کارگێرانی لقو مژدەشوانی بەرپرسی راگەیاندن بەمەبەستی پیرۆزبایی یادی ٦١ ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانەوە سەردانی ئەنجومەنی قەزای چەمچەماڵی یەکێتی ئافرەتانیان کرد، لەلایەن خاتو بەیان محمد بەرپرسی ئەنجومەنەوە بەگەرمی پێشوازیکران.

لەسەردانەکەیاندا شاندی لقی چەمچەماڵ وێڕای پیرۆزبایی گەرمی یادی دامەزراندنی یەکێتیکەیانەوە هیوای پێشکەوتنو بەرەو پێشچونی کارو چالاکیەکانی بۆخواستن.

## لقی هەولێر بەشداری کرد لە کۆنفرانسی هۆشیاری هاتووچۆ




سەر لەبەیانی ٢٠١٣/١٢/١ مامۆستا نیاز راغب دێگەیی بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتی زانایانو مامۆستا جلال رەزانی کارگێری لقو مامۆستا سید صدیق کەپرانی ئەندامی لق بەشداری کۆنفرانسی رێکخراوی هۆشیاری هاتوچۆیان کرد لە شاری هەولێر، لە کۆتایی کونفرانسەکەدا بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتی زانایان لە لایەن رێکخراوی هۆشیاری هاتووچۆ خەڵات کرا.

## لقی هەولێر مەلا عبدالمجید بندیانی بەسەر کردەوە

ئێوارەی رۆژی ٢٠١٣/١٢/٣ مامۆستا نیاز راغب دێگەیی بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان، بەیاوەری مامۆستا مەلا أمجد کریم بەرپرسی ناوچەی چوار، بەمەبەستی هەواڵ پرسین سەردانی مامۆستا مەلا عبدالمجید عزیز پیرداود بندیان پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی مەلا رشید لە کورانی مخمور کرد، کە بە هۆی رووداوێکی هاتووچۆ قاچی شکابوو نەشتەرگەری بۆ ئەنجام درابوو، بەرپرسی لق هیوای زوو چاك بوونەوەی بۆ خواستو ئامادەیی هەموو هاوکاریەکی بۆ




دەربڕی، مامۆستای ناوبراویش لای خۆی زۆر خۆشحاڵ بوو بەم سەردانەو سوپاسو پێزانینی خۆی دەربڕی.

# سۆران: سەرۆکی زانایان بەشداری مەراسیمێکی ئاینی دەکات



ڕۆژی ٢٠١٣/١٢/١٢ مامۆستا عبداللە گرتکی سەرۆکی یەکێتی زانایان سەردانی لقی سۆرانی یەکێتی زانایانی ئاینی کردو لەلایەن بەرپرسو کارگێرانی لقەوە بەگەرمی پێشوازی لێکرا،دوای تاوتوێکردنی کۆمەڵێك خاڵی پەیوەست بەیەکێتی زانایانو هەڵوەستەکردنیان لەسەر چەندپرسێکی هەنوکەیی‌و بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان بەیاوەری شاندێکی لقی سۆرانی یەکێتی زانایان کە لە بەڕێز مامۆستا خالید مەلەکی بەرپرسی لقو مامۆستا مستەفا باپشتی‌و، مامۆستا خدر خەلیفانی‌و، مامۆستا رەسول گەزنەیی کارگێرانی لق بەشداریان لەمەڕاسیمێکی ڕێزلینان کرد کە سەنتەری زانایان بۆ رۆشنبیری ئاینی لەهۆڵی بۆنەکانی ئاینی لەدەڤەری سۆران بەئامادەبوونی قایمقامی سۆرانو نوێنەرانی داموو دەزگاکانی حزبی‌و حکومی‌و ژمارەیەك مامۆستای ئاینی بۆ کۆمپانیاو مورشیدەکانی حەجو عومرەی ڕێکخستبوو.

لە دوای وتەی بەخێرهێنانی میوانەکان لەلایەن بەرپرسی سەنتەر مامۆستا وەیسی مەلاسەعید، سەرۆکی زانایان لەوتەیەکیدا ئاماژەی بەرۆڵو چالاکی کۆمپانیاو مورشیدەکانی حەجوعومرە کردو هیوای خواست کە ساڵ لەدوای ساڵ خزمەتی باشترو ماندوبوونی زیاتر لەپێناو بەجێگەیاندنی حەجو عومرە لەلایەن خەلکی موسولمانی هەرێمی کوردستان باشتر بکرێ‌و، هەروەها رۆڵی وەزارەتی ئەوقافیشی لەمەڕ چۆنیەتی ڕاپەڕاندنی ئیشو کارەکانی حەجو عومرە بەشێوەیەکی باش و رێك وپێك خستەڕوو. لەکۆتایی مەراسیمەکەشدا خەڵاتی ڕێزلێنان بەسەر ئامادەبوان دابەشکرا.

# لقی گەرمیانی یەکێتی زانایان سەردانی ناوەندی کۆمەڵایەتی گەرمیان دەکات

**دانا مەلا حەمەئەمین– گەرمیان:** سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٠١٣/١٢/١٠ مامۆستا مەلا حەمەئەمین کەلاری ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی و بەرپرسی لقی گەرمیانی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان سەردانی ناوەندی کۆمەڵایەتی گەرمیانی کردو لەلایەن بەرپرس و ئەندامانی ناوەندەوە بەگەرمی پێشوازی کرا

سەرەتا بەرپرسی لق دەستخۆشی لە بەرپرس و ئەندامانی ناوەند کرد کە توانیویانە چالاکانە لەخەمی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی ناوچەکەدابن و گیانی ئاشتی و تەبایی و برایەتی پەرەپێ بدەن و بۆئەو مەبەستەش هەموو جۆرە هاوکارییەکی یەکێتی زانایانی دەربڕی

لەبەرامبەریشدا بەڕێز ئەحمەد حەمەصاڵح بەرپرسی ناوەند سوپاسی سەردانی بەرپرسی لقی کرد و بەگەرمی بەخێری هێنان و پەرەپێدانی پەیوەندیەکانیانی لەگەڵ زانایانی ئاینیدا بە هەنگاویکی ئیجابی و سەرکەوتو وەسف کردو ڕۆڵی زانایانی ئاینی بەرزنرخاند لە خزمەت کردن بەپرس و ئاشتەواییە کۆمەڵایەتیەکانی سنورەکە




# لقی شارەزور کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامدا



ڕۆژی ٢٠١٣/١٢/٤ بە ئامادەبونی مامۆستا غازی بەرپرسی لقو مامۆستا عبدولحەمید جێگری لقو سەرجەم کارگێڕانو بەرپرسی ناوچەکان لقی شارەزور یەکێتی زانایان کۆبونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامدا، کە تێیدا بەرپرسی لق باسی لەکاری زانایانو چالاکیەکانی لقو باردۆخی ئەمڕۆی کوردستان کرد لەگەڵ خوێندنەوەی ئەو کتابانەی ئاڕاستەی لق کرابوون، پاشان هەریەك لە ناوچەکان ڕاپۆرتی خۆیان خوێندەوە.

# لقا زاخۆ پشکداری ل کردنەوا چەند پرۆژە کرد

چاڤدێریا پارێزگەها دهوکێ رێزدار (تمر رمزان) و ب ئامادەبونا جەنابێ وەزیرێ شارەوانیا هەرێما کوردستانێ وشاندێ دگەل جەنابێ وی و جەنابێ پاریزگەهێ دهوکێ رێزدار (تمر رمزان)و رێڤەبەرێ گشت ئەوقافا دهوکێ جەنابێ هێژا (سمیان عبدالخالق زاخویی)و هەرێمدارێ زاخو بەرێز (خلیل محمود)و رێڤەبەرێ ئەوقافا زاخو جەنابێ بەرێز (ملا سعید عبدالرحمن)و ژمارەکا بەرپرسو ماقیلو رهسپیێن زاخو، ژمارەك پروژا یێن گرنگ هاتنە ڤەکرن ل شارێ زاخو (پرا تاخێ بێدارێ. و پرا تاخێ بەدرخان، و ئاڤاهیا مێهڤانداریا. و ئاڤاهیا رێڤەبریا ئەوقافا زاخو و ئاڤاهیا بارەگایێ ئێکەتیا زانایێن ئایینی ئیسلامی لقی زاخو و چەند پروژێن دی.



لدەسپێکێ بەرپرسێ لقامە جەنابێ (ملا أحمد أحمد شرنەخی) سوپاسیا خودایێ گەورە کرو سوپاسیا حکومەتا کوردستانێ کرن، تایبەت سەروکێ وەزیران جەنابێ رێزدار (نێچیرڤان بارزانی) و (وەزارەتا ئەوقاف) و پارێزگەهێ دوهوکێ رێزدار (تمر رمزان) بو بەردەوامیا جەنابێن وان بو خزمەتا ئایینی ئیسلامێ یێ پیروز، و ئاڤاکرنا بارەگایێ لقامە و رێڤەبەریا ئەوقافا زاخو ب شێوەکی مودرین و بەرفرەهـ.

# دهوك.. بە بەشداری سەرۆکی زانایان کۆتایی بە خولێکی تایبەت بە زانایانی ئایینی هات




**راگەهاندنا ئێکەتیا زانایان:** لـە روژا ٢٠١٣/١٢/٢٣ێ ماموستا (مەلا عبدالله مەلا سعید)

